هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
پرۆژەی هاوبەشی خوێندنی باڵا- ماجستێر
لە نێوان زانکۆی سلێمانیو زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی

کۆلێجی یاساو ڕامیاری

# کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە سەر پێگەی سیاسیی هەرێمی کوردستان – عێراق

ماستەرنامەیەکە خوێندکار

## چالاك معتصم خورشيد

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی یاساو ڕامیاری - زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی کردووە وەك بەشێك

لە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر – لە زانستە ڕامیارییەکان

بە سەرپەرشتی

**پ. د. أنور محمد فرج محمود**

١٤٤٤هـ ٢٧٢٢ك ٢٠٢٢ز

اقليم كردستان- العراق

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

المشروع المشترك للدراسات العليا- ماجستير

بين جامعة السليمانية وجامعة التنمية البشرية

كلية القانون والسياسة

# أثر عوامل النفط والغاز على المكانة السياسية لاقليم كوردستان - العراق

رسالة قدمها

## چالاك معتصم خورشيد

الى مجلس كلية القانون والسياسة –جامعة التنمية البشرية

وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في العلوم السياسية

بإشراف

أ. د. أنور محمد فرج محمود

١٤٤٤هـ ٢٧٢٢ك ٢٠٢٢م

Kurdistan Region – Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
The Joint for postgraduate studies- Master
Between University of Sulaimani and University of Human Development
College of law and politics

# The impact of oil & gas factors on the political position of Kurdistan Region–Iraq

**Thesis Submitted by**

**CHALAK MOATASEM KHORSHEED**

To the Council of the College of Law and Politics at the University of Human Development in partial fulfillment of the requirements for the degree of Master in political science

**Supervised by**

**Prof. Dr. ANWAR MOHAMMED FARAJ**

1444 H 2722 K 2022 AD

# پێشنیازی سەرپەرشتیار

**گەواهی دەدەم کە ئەم نامەی ماستەرە بە ناونیشانی (کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە سەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان/ عێراق) لەژێر چاودیری مندا ئەنجامدراوە. لە چێوەی پرۆژەی خوێندنی بالاَ - ماجستێر بە هاوبەشی لە نێوان زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی‌و زانکۆی سلێمانی, بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ( زانستە ڕامیارییەکان ) دا گشت قۆناغەکانی نوسینی نامەکەی تەواو کردووە, بۆیە لەخوارەوە واژۆم کردووە.**

**واژوو:**

**ناوی سەرپەرشتیار: پ. د. أنور محمد فرج**

**ناونیشانی زانستی: پرۆفیسۆر**

**ڕێکەوتی:  /  / ٢٠٢**

## پێشنیازی سەرۆکی بۆردی هاوبەشی زانستە ڕامیارییەکان

پاڵپشت بە ئەو نیازانەی فەراهەم بوون, سەبارەت بە نامەی ماستەر بەناونیشانی (کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە سەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان/ عێراق) کە پێشکەش کراوە لەلایەن خوێندکار (چالاك معتصم خورشيد) لە چێوەی پرۆژەی خوێندنی بالاَ - ماجستێر بە هاوبەشی لە نێوان زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییو زانکۆی سلێمانی ئەم نامە دەنێرم بۆ لیژنەی گفتوگۆو لەبەر ئەوە لە خوارەوە واژووم کرد.

واژوو:

سەرۆکی بۆردی هاوبەشی زانستە ڕامیارییەکان پ. ی. د. عابد خالد رسول

ڕێکەوتی:      /      /  ٢٠٢

# پێشنیازی هەڵسەنگێنەری زمانەوانی

من (                    ) هەڵگری بڕوانامەی (                    ) لە زمانی کوردی هەستام بە پێداچوونەوە بۆ نامەی ماستەر بە ناونیشانی (کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە سەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان/ عێراق) کە پێشکەشکراوە لەلایەن خوێندکار (چالاك معتصم خورشيد) لە چێوەی پرۆژەی خوێندنی باڵا- ماجستێر بە هاوبەشی لە نێوان زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییو زانکۆی سلێمانی. تەواوی پێشنیارە زمانەوانیەکانم تێدا ئەنجامدا, بۆیە لە خوارەوە واژۆم کرد.

واژوو:

ناوی هەڵسەنگێنەری زمانەوانی:

ڕێکەوتی:        /        /        ٢٠٢

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ گەواهی دەدەین, کە ڕوانیمانە سەر نامەی ماستەر بە ناونیشانی (کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە سەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان/ عێراق) کە پێشکەشکراوە لە لایەن خوێندکار (چالاك معتصم خورشيد) لە چێوەی پرۆژەی خوێندنی بالاَ - ماجستێر بە هاوبەشی لە نێوان زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی‌و زانکۆی سلێمانی, گفتوگۆمان لەگەڵ خوێندکار ئەنجامدا سەبارەت بە ناوەڕۆکی نامەکەی‌و ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن پێیەوە, گوێمان لە بەرگری خوێندکار گرت. بۆیە وای دەبینین کە ناوبراو شایستەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرە بە پلەی ( ) لە ( زانستە ڕامیارییەکان ) دا.**

**واژوو:** **واژوو:**

**ناو:** **ناو:**

**ڕێکەوت: / / ٢٠٢** **ڕێکەوت: / / ٢٠٢**

**ئەندامی لیژنە** **ئەندامی لیژنە**

**واژوو:** **واژوو:**

**ناو:** **ناو:**

**ڕێکەوت: / / ٢٠٢** **ڕێکەوت: / / ٢٠٢**

**ئەندامی لیژنەو سەرپەرشتیار** **سەرۆکی لیژنە**

## ڕاستاندنی ئەنجومەنی کۆلێژ

**ڕاستاندنی ئەنجوومەنی کۆلێژی یاساو ڕامیاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە دانیشتنی ژمارە ( ) گرێدراو لە ڕێکەوتی ( )**

**بەدیهات, لەسەر بڕیاری لیژنەی گفتوگۆی نامەی ماستەر بە ناونیشانی (کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە سەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان/ عێراق) کە پێشکەشکراوە لە لایەن خوێندکار (چالاك معتصم خورشید) لە چێوەی پرۆژەی خوێندنی بالآ - ماجستێر بە هاوبەشی لە نێوان زانکۆی گەشەپێدانی مرۆییو زانکۆی سلێمانی, ئەنجومەن بڕیاری دا بڕوانامەی ماستەر لە (زانستە ڕامیارییەکان) دا پێببەخشرێت.**

**واژوو:**

**ناو: پ. ی. د. کەنعان حمە غریب عبداللە**

**ڕاگری کۆلێژی یاساو ڕامیاری**

**ڕێکەوت: / /**

**٢٠٢**

# بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

**(وَالَّذِي أَخْرَجَ الْمَرْعَى (٤) فَجَعَلَهُ غُثَاء أَحْوَى (٥)).**

**(سورة الأعلى الآية ٤,٥ )**

## پێشکەشە

- به ڕوحی پاکی باوکی ئازیزم.
- به دایکی خۆشەویستم و براو خوشکە خۆشەویستەکانم.
- به هاوسەری زۆر خۆشەویستم و منداڵە خۆشەویستەکانم.
- تەواوی ئەو کەسانەی کە هاوکارم بوون لە خوێندنی ماستەر.

## سوپاس و پیزانین

- بۆ خوای گەورەو میهرەبان.
- سوپاسی بێپایانم بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێز(دکتۆر ئەنوەر)
- تەواوی مامۆستاکانم.
- تەواوی ئەو کەسانەی کە هاوکارم بوون لە خوێندنی ماستەرنامەکەم.

## پێڕست

لاپەڕەکان | بابەتەکان

پێشەکی ............................................... ١
بەشی یەکەم/پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی فیدراڵدا .................. ٥
باسی یەکەم: پێگەی دەستوریی هەرێمی کوردستان/ عێراق .................................... ٦
داخوازی یەکەم: دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە دەستوری عێراقی فیدراڵدا ................................ ٧
داخوازی دووەم: خاوەنداریێتی نەوت و گاز لە دەستوری فیدراڵدا ....................................... ١٣

باسی دووەم: سیاسەتی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا......... ٢٠
داخوازی یەکەم: بەراوردی پێشینەی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە کەرتی نەوت و گازدا ............ ٢٠
داخوازی دووەم: بەراوردی گرێبەستەکانی نەوت و گازی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ ........... ٢٣

باسی سێیەم: کێشەکانی دۆسیەی نەوت و گاز لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا ................. ٣٠
داخوازی یەکەم: سەرەتای سەرهەڵدان و هۆکاری کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ
لە دۆسیەیی نەوت و گازدا........................................................... ٣١
داخوازی دووەم: خاڵی ناکۆکیی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە دۆسیەیی نەوت و گازدا.................. ٣٣

بەشی دووەم/کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە ئاستە جیاوازەکاندا ................................. ٣٧
باسی یەکەم: کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆدا .. ................ ٤٠
داخوازی یەکەم: کاریگەرییە سیاسیەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان
لە ئاستی ناوخۆدا ........................................................................ ٤١
داخوازی دووەم:کاریگەرییە ئابورییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆدا. ٤٤

باسی دووەم: کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی هەرێمیدا (پەیوەندییەکانی
لەگەڵ تورکیا بە نمونە)........................................................... ٤٨
داخوازی یەکەم: کاریگەرییە سیاسیەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی
پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا......................................................... ٥٠
داخوازی دووەم:کاریگەرییە ئابورییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی
پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا......................................................... ٥٣

باسی سێیەم: کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا (پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ڕووسیا بە نمونە ).......................................................... ٥٩
داخوازی یەکەم:کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا ........................................................................................... ٦٠
داخوازی دووەم: کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا.................................................................................................... ٦٣

بەشی سێیەم/هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان ............. ٦٦
باسی یەکەم: کارییگەرییە ئەرێنییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان ................. ٦٧
داخوازی یەکەم: کاریگەرییە ئەرێنییە سیاسیەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان ....... ٦٧
داخوازی دووەم: کاریگەرییە ئەرێنییە ئابوورییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان ...... ٦٩

باسی دووەم: کارییگەرییە نەرێنییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان ................. ٧٢
داخوازی یەکەم: کاریگەرییە سیاسیە نەرێنییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان ....... ٧٢
داخوازی دووەم: کاریگەرییە ئابوورییە نەرێنییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان ..... ٧٥

باسی سێیەم: دیدێك بۆ ئایندەی سیاسەتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان/ عێراق ............................ ٨٢
داخوازی یەکەم: سیناریۆی بەرەوپێشچون و سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی نەوت و گازدا ......... ٨٣
داخوازی دووەم: سیناریۆی پاشەکشەکردن و سەرنەکەوتنی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی نەوت و گازدا ..... ٨٥

دەرئەجام ............................................................................................. ٨٧
ڕاسپاردا ............................................................................................... ٨٩
لیستی سەرچاوەکان ................................................................................ ٩١
پوختە ............................................................................................... ١٠٤

# پێشەکی

سامانی نەوت و گاز لە فاکتەرە گرنگەکانی بونیادنانی ئابووری دەوڵەتانن کە ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دروستکردنی ژێرخانی ئابووری بەهێز، بۆیە بوونی نەوت و گاز لە دەوڵەتێك کاریگەری لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوورییەکەی هەیە، لەڕووی سیاسییەوە دەبێتە هێزو دەسەڵات، لەسەر ئاستی ناوخۆ دەبێتەهۆی ئاسایشی ئابووری وسیاسی هاووڵاتیان، ئەمەش بەندە لەسەر جۆری سیستمی سیاسی و جێبەجێکردنی بنەماکانی دیموکراسی. بەڵام ئەم دوو سەرچاوە سروشتییە  پێویستی بە گرەنتی یاسایی هەیە تا ببێتە هۆکارێکی ڕاستەقینە بۆ گەشەسەندنی وڵات و بەهێزبوونی پێگە سیاسیو ئابووریەکەی، چونکە خاوەندارێتی نەوت و گاز یان دەبێتە مایەی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی بۆ وڵات، یان دەبێتە مایەیی نەهامەتی و دەردەسەری، دەرکەوتنی هەریەك لەو دوولایەنەش پەیوەستە بە کۆمەلێك هۆکار کە کارتێکەری ڕەهەندە جیاوازەکانن.

عێراق خاوەنی یەدەکێکی گەورەی نەوتە، برێك لەم یەدەکە گەورەیە دەکەوێتە سنوری جوگرافیایی هەرێمی کوردستانەوە. لە دێرزەمانەوە خەڵکی ئەم ناوچەیە نەوتی ناسیوە بەلام نەیان توانیوە کەرتی نەوت بەرەو پێشەوە بەرن تەنها بە شێوازێکی کلاسیکی بەکارییان هێناوە. دوای ئەوەی وڵاتانی گەورەی خاوەن هێز و تەکنەلۆجیا هەستیان بە دەوڵەمەندی ئەم دەوڵەتە کردووەو دەستیان کردووە بە دەرهێنانی نەوت و هەناردەکردنی بۆ وڵاتانی بەکارهێنەر. پاش ئەو گۆڕانکارییە یەك لە دوایەکانەی کە عێراق و هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕبوە، بە تایبەتی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس و دروستبونی سیستمی دیموکراسی و بە فیدراڵی لە عێراقدا، هەرێمی کوردستان لە دەستوری (٢٠٠٥) ی عێراقدا وەك تاکە هەرێمێکی ئەم دەوڵەتە دانپێدانرا، بۆیە لەم قۆناغە بەدواوە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پێی نایە قۆناغی نوێیەوەو جۆرێك لە ڕەوایەتی و گرەنتی یاسای و دەستوری بۆ پەیدا بوو.

هەرێمی کوردستان پاڵپشت بە دەستوری فیدراڵی، یاسایی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی دەرکردووە، پاڵپشت بەم یاسایە گرێبەستی لەگەڵ چەند کۆمپانیایی بیانی کردووە بۆ وەبەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ بازاڕەکانی جیهان، هەرێمی کوردستان بە بەراورد بە حکومەتی فیدراڵی سیاسەتی کەرتی نەوت و گازی جیاوازی پەیڕەوکردووە، ئەمەش بووە بە هۆکاری بەشێك لە ناکۆکی و کێشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، لەگەڵ زیاتر برەو دان بە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان زیاتر پەرەی سەندووە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوت و گازی وەك سەرچاوەی هێزی سیاسی و ئابوری بەکارهێناوە لە بە هێزکردنی پێگەکەی  لە سەر ئاستی ناوخۆ بەرامبەر بە حکومەتی فیدراڵی و لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە ئەنجامی ئەم پشتەبەستنە زۆرە بە نەوت و گاز، کاریگەرییە ئەرێنی و نەرینییەکانی لەسەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان زیاتر وەدەرکەوتووە، بۆیە ئەم توێژینەوە ئەو کاریگەریانەی کە فاکتەری نەوت و گاز هەیەتی لەسەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکاتە بابەتی لێ توێژینەوە، دیدی بۆ ئایندەی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و کاردانەوەکانی حکومەتی فیدراڵی دەخاتە ڕوو کە پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا بیگرێتەبەر بەرامبەر بە مامەڵە سەربەخۆکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## گرنگی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی لەوەدایە کە هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی کاریگەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان لە ئێستا ولە داهاتوودا، واتە ئەم سامانە لە هەردوو لایەنەوە ئەرێنی و نەرێنی، چۆن کاریگەریی دروست دەکات لەسەر پێگەی سیاسی وئابووری هەرێمی کوردستان، هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەکانی ئایندە و سیناریۆکانی سەرکەوتن و شکستی هەرێمی کوردستان.

## کێشەی توێژینەوەکە:

سامانی نەوت و گاز بووە بە بەشێکی گرنگ لە ژیانی هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستان، هەر گۆڕانکارییەك لە کەرتی نەوت و گاز ڕوبدات ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر گوزەرانیان دەبێت، بۆیە ئەم بابەتە جێگەی سەرنجێکی زۆری خەڵکە، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنە ڕووی کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی هەرێمی کورستان. ئەم توێژینەوەیە بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە وەڵامی چەند پرسیاری دەداتەوە:

١- ئایا گرێبەستە نەوتییەکان چی جۆرە گرێبەستێکە کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیاکانی گەڕان دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت کردویەتی؟ ئەی ڕۆڵ و کاریگەری ئەم گرێبەستانە چیە لە بەرەوپێشچونی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان؟ ئایا ئایندەی پێگەی سیاسی لە سایەی سیاسەتی نەوت و گاز هەرێمی کوردستان بە کوێ دەگات؟

٢- پێگە و شوێنی نەوت و گاز لە کوێی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵدایە؟ ئەو جیاوازییانە کامانەن کە لە نێوان سیاسەتی نەوتی هەرێم و فیدراڵەدا بوونیان هەیە و ڕۆڵی ئەو جیاوازیانە لەسەر کێشەی نەوتی نێوانیان چۆنە؟ ناڕۆشنی برگە و مادده دەستورییەکان و بۆشایی یاسایی بۆ بواری نەوت و وزە لە عێراقدا چ کاریگەرییەکیان لەسەر کێشەی نەوتی نێوان هەولێر و بەغداد هەیە؟

٣- هەرێمی کوردستان خاوەنی واقیعی کەرتی نەوتە یان بەپێی یاسەو ڕێساکانی حکومەتی عێراق مامەڵەی لەگەڵ نەوت کردووە؟

٤- ئایا کاریگەرییە سیاسییەکانی نەوت و گاز لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی جیهان و ناوچەکە چۆن بووە؟ ئایا هۆکارێك بووە بۆ بەهێز کردنی پێگەی سیاسی هەرێم؟ یان بە پێچەوانەوە؟

## میتۆدی توێژینەوەکە:

بە شێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە لە خانەی ئەو توێژینەوەدایە کە پشتدەبەستێت بە لێکۆڵینەوە و هەوڵەکانی پێشوو واتا توێژینەوەکانی پێشتر لە بابەکەتەکەدا، پاشان هەوڵدەدات دووکاربکات:

١- وەسفکردنی واقیعی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و چۆنێتی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەمەش بە سود وەرگرتن لە میتۆدی وەسفی.

٢- میتۆدی بەراوردکاری بەکاردەهێنین بۆ بەراوردی سیاسەتی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوتی حکومەتی عێراق و بەڕێوەبردنی کەرتی نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ دۆزینەوەی ڕووی لەیەکچوون و جیاوازیی نێوان هەردوو سیاستەکە.

٣- هەوڵدان بۆ پیادەکردنی دیدێکی ئایندەناسیانە بۆ کەرتی نەوت و گاز و کاریگەری لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان و دیاریکردنی دوو سیناریۆی گشتی وە ئاڕاستەی ئایندەیی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە ئامانجییەتی خوێندنەوە بۆ سیاسەتی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات. وە ئامانجی ئەوەیە تا چەند ئەم سامانە سروشتیە کاریگەری هەیە لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان، هەروەها گرنگی ئایندەی سامانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان دیاریدەکات لەسەر هەرسێ ئاستی ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی.

**توێژینەوەی پێشتر:**

هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لەسەر چەند بابەتێك کێشە و ناکۆکیان هەیە، سامانی نەوت و گاز بابەتی سەرەکی کێشە و ناکۆکی نێوانیانە، بۆیە بەردەم کاردانەوە و هەڵوێستی نوێ لە نێونیان ڕودەدات بابەتەکە لە خاڵێکدا نەوەستاوە، بۆیە لە پێشتردا چەند توێژینەوەی کراوە بەلام هێشتا بۆ تێگەیشتن لە روداو و پێشهاتە نوێیەکان پێویستمان بە توێژینەوەی نوێ هەیە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە بەشێکی زۆری ڕووداو پێشهاتە نوێکانی خستۆتە بەرلێتوێژینەوە. بە تێڕوانین لە بەشێك لە خوێندنەوەکانی پێشووتری ئەم بوارە دەبنین کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا کراوە، بەلام هەریەکە لە خوێندنەوەکانی پێشوو لە گۆشەنیگایەکەوە لە بابەتەکەیان ڕوانیوە.لێردا ئەماژە بە بەشێك لەو توێژینەوانە دەدەین کە لە پێشتردا کراون:

١. سکالا حسین محمد أمین، "تأثیر الاستقرار السیاسی فی إقلیم کوردستان العراق علی السیاسات النفطیة ٢٠٠٥-٢٠٠٩"، ٢٠١٢. ئەم توێژینەوەیە پێی وایە کارو کاردانەوە سیاسیەکان کاریگەی گەورەیان لەسەر سیاسی نەوت و گاز هەیە، چونکە سامانی نەوت و گاز ڕەهەندێکی سیاسی گرنگی هەیە، کارتێکەری ڕوداو پێشهاتە سیاسیەکانە، بە شێوەیەکی دوولایەنە، لەلایەك ئارامی و جێگیری سیاسی کاریگەری لەسەر سیاسەتی نەوت هەیە لە لایەکی تریش نەوت کاریگەری لەسەر ئارامی و جێگیری سیاسی هەیە. ئەم توێژینەوەیە وێنەکە بچوك دەکاتەوە و پێی وایە ئارامی و جێگری سیاسی هەرێمی کوردستان لە نێوخۆی عێراق واتا لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، لەسەر ئاستی هەرێم و نێودەوڵەتیش کاریگەری گەورە هەبووە لەسەر بەرەوپێشچونی سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان.

٢- یوسف محمد بەرزنجی " چارەنووسی کورد پترۆڵ وەك مەسەلەیەکی ستراتیجی _ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی ئابووری سیاسی دەربارەی کورد و پترۆڵ" ،٢٠١٣ . خاڵێکی گرنگ کە ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەرکردووە، شیکاری دەستوری کۆماری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) ، ماف و ئەرکەکانی هەرێمی کوردستانە لە دەستوردا وەك تاکە هەرێمێکی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، ئەم توێژەوەیە ئاماژەی داوە بەهەموو ئەو ماددانەی کە ماف و ئەکی هەرێمی کوردستانی دیاری کردووە لە سامانی نەوت و گازدا.

٣-چناربابەکر محمد "کاریگەریی نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان" ،٢٠١٦. ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی باسی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی کردووە و چەند بابەتی پەیوەست بە نەوت و گاز خستۆتە بە لێکۆڵینەو و پێی وایە نەوت و گاز کاریگەری ئەرێنی گرنگی هەبووە بە پێگەی هەرێمی کوردستان.

٤- زیندین مولود خدر " کاریگەری فاکتەری نەوت لەسەر ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق" ٢٠١٦. ئەم توێژینەوەی مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی(٢٠١٦) ، دوای ئەم مێژووە چەندین گۆڕانکاری و ڕووداوی نوێ ڕوویداوە لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، بۆیە گرنگە توێژینەوەی نوێ بۆ شیکاری ڕوداوە نوێیەکان بکرێت، ئەم توێژینەوەیە بنیاد لەسەر سامانی نەوت و گاز پێی وایە کە هەرێمی کوردستان ئایندەیەکی باشتر چاوەڕێی دەکات، هەرێم دەتوانێت هەنگاوی گەورەو گرنگ بێت و بەرەو سەربەخۆی ئابوری و سیاسی هەنگاو بنێت، نەوت و گاز ببێتە مایەیی هێنانە کایەوەی باردۆخی نوێ و لەبار بۆ هەرێمی کوردستان.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

پەیکەری ئەم توێژینەوەیە  لە سێ بەش پێك دێت، بەم شێوەیە دابەشکراوە:-

**بەشی یەکەم/**پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان و دۆسیەیی نەوت و گاز لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی فیدراڵدا، ئەم بەشەش لە سێ باس پێکدێت (باسی یەکەم/پێگەی دەستوریی هەرێمی کوردستان/ عێراق.باسی دووەم/سیاسەتی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا. باسی سێیەم/ کێشەکانی دۆسیەی نەوت و گاز لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا.

**بەشی دووەم/** کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە ئاستە جیاوازەکاندا، ئەم بەشەش لە سێ باس پێکدێت (باسی یەکەم/ کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆدا، باسی دووەم/ کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی ( پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بە نمونە)، باسی سێیەم/ کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا(پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ڕووسیا بە نمونە).

**بەشی سێیەم/**هەڵسەنگاندنی رۆڵی فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان، ئەم بەشەش لە سێ باسی سەرەکی پێکدێت (باسی یەکەم/ کارییگەرییە ئەرێنییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان، باسی دووەم/کارییگەرییە نەرێنییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان، باسی سێیەم/ دیدێك بۆ ئایندەی سیاسەتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان/ عێراق.

## بەشی یەکەم

## پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان و دۆسیەی نەوت وگاز لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی فیدراڵدا

لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە (١٦/١/١٩٢٥)، چەندجارێك سیستمی سیاسی گۆڕانی ریشەیی بەسەردا هاتووە، بەڵام لەدووای گۆرانکارییەکانی (٩) ی نیسانی (٢٠٠٣) و ڕووخانی رژێمی دیکتاتۆری بەعس لە عێراق، گۆرانکارییەکی گەورە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا هاتەکایەوە و هەلومەرجێکی نوێ و لەبار هاتە پێش، بۆ سەرلەنوێ دامەزراندن و بنیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق، لەسەر بنەما و شێوازێکی نوێ و دانانی دەستوور کە گوزارشت لە ماف و داخوازییەکانی گشت پێکهاتەکانی عێراق بکات، چونکە تا ئەو کاتەش عێراق کاری بەدوا هەمین دەستووری (١٦تەمووزی ١٩٧٠) دەکرد کە ئەم دەستورەش بووە پاساو بۆ جیاوازی کردن لە نێوان پێکهاتەکانی عێراق بۆیە کۆتایی پێهێنانی خواستێکی گەورەی گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کوردبوو بە تایبەتی.

بۆیەکەمین جار پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق لە مێژووی دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە بۆ بنیادنانی دەستورێکی نوێ بە شێوەیەك مافی هەموانی تێدا پارێزراو بێت، بە شێوەیەك هەموو پێکهاتەکانی بە جیاوازی نەتەوە و زمان و ئاین و مەزهەبەوە ڕۆڵێکی کارا و بنەڕەتی بگێرن لە پرۆسەی سیاسی و دارشتنی دەستووری ساڵی (٢٠٠٥). یاسای بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەری (انتقالي) ساڵی (٢٠٠٤) وەك دەستوورێکی کاتی ناسێنرا[1] . کە دواتر بووە پێشەکی و ئامادەسازی بۆ دەستووری ساڵی (٢٠٠٥).

دەستوری نوێی عێراق لە (٢٢/٨/٢٠٠٥) دا نوسرایەوە کە لە دیباجە(پێشەکی) و (١٤٤) ماددە پێك هاتووە لە (١٥/١٠/٢٠٠٥) لە راپرسیەکی گشتیدا گەلی عێراق پەسەندیان کرد. لەم دەستوە رنوێیەدا ئاماژە بە سیستەمێکی نوێی حکومڕانی دراوە، ئەوەش بنیاد لەسەر ئەوەی کە بە شێوەیەك بێت بۆ دۆخی نوێی عێراق گونجاوبێت، جیاواز لە سیستەمە سیاسیە تاقیکراوەکانی پێشووبێت، بۆیە لەماددەی یەکەمی دەستووردا سیستەمی فەرمانڕەوایی لە عێراق بە سیستەمێکی کۆماری و دیموکراسی و فیدراڵی پێناسەی کردووە و لەم مادەیەدا هاتووە، بەپێی دەستور هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵ دایە.

لە دەوڵەتە فیدراڵییەکان دانوسان و ڕێکەوتنە سیاسییە پێشکاتەکان لە دەستوری فیدراڵیدا بەرجەستە دەبێت و بنەڕەتی دیاریکەری پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێودامەزراوە دەستورییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵیی لێ بەرهەمدێت بۆ نمونە دەستورەکانی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا،بەلجیکا، هند،....هتد) بەهەمان شێوە بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان هەرێمەکان پاشان لەنێوان هەرێمەکان و دەسەڵاتی فیدراڵی دەوڵەتە فیدراڵییەکان بە ڕێگای جیاواز دروستبوون، دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لەو دەوڵەتە فیدراڵییە نوێیانەیە کە لە دەوڵەتی یەکپارچە دروستبووە،

بۆیە گرنگە بزانین پێگەی هەرێمی کوردستان لە دەستوردا چۆنە و ئەو مافەنە چین کە لە دەستوری فیدراڵی تایبەتمەند کراون بە هەرێمی کوردستان و ئەو هەرێمانەشی ئەگەری دروستبونیان هەیە.

---

[1] قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية(٢٠٠٤)، http://wiki.dorar-aliraq.net/iraqilaws/law/20670.html، التاريخ ٧/١١/٢٠٢٢.

ئەم بەشە لە چوارچێوەی سێ باسدا تەرخان کراوە بۆ ناساندنی پێگەی هەرێم لە دەستوری نوێی عێراقدا، هەروەها بەراوردی سیاسەتی نەوت و گازی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کودستان، ئامەژە دان بەو کێشە و ناکۆکییانەی وابەستەیە بە کەرتی نەوت و گازەوە.

## باسی یەکەم

## پێگەی دەستوریی هەرێمی کوردستان/ عێراق

پاش ڕاپەڕین و کۆڕەوی ساڵی (١٩٩١) حکومەتی عێراقی دامودەزگاکانی لە هەرسێ پارێزگای (سلێمانی، دهۆك وهەولێر) کشانەوە، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری (٦٨٨)دەرکرد، سەروی هێلی (٣٦) و خواروی هێلی (٣٢)ی پانی بوو واتا پارێزگای(دهۆك)و چەند ناوچەیەك لە پارێزگاکانی (سلێمانی و هەولێر)ی وەك ناوچەی ئارام دەستنیشان کرد، ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ ڕێکخستنەوەی حیزبە سیاسیەکان،ئەم بەرەیە بڕیاری هەڵبژاردنیدا، لە (١٩/٥/١٩٩٢) یەکەم هەڵبژاردن ئەنجامدرا، لێرەوە پەرلەمان هەلبژێردراو و یەکەم کابینەی حکومەرتی هەرێم تەشکیل کرا، بەڵام دوای ساڵی (٢٠٠٣) و گۆڕانی سیستمی حکومڕانی لە عێراق،دوای دانانی دەستوری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) کوردستان وەك تاکە هەرێمێك سەر بە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق دیاری کرا، گرتنەبەری سیستەمی فیدراڵی بۆ عێراق لەدەرئەنجامی بارودۆخێکی تایبەت بووە بەدەر بووە لە ڕێگە باوەکانی پێکهێنانی دەوڵەتانی فیدراڵی، لەبەرئەوەی نەلە ئەنجامی یەکگرتنی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆبوو نەلەئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتێکی سادەبوو، بەڵکو لە ئەنجامی بنیتنانەوەی دەوڵەتی پاش هەرەسهێنانی دامەزراوە دەستورییەکان و داگیرکردنی خاکەوە بووە[1].

هەرێمی کوردستان پێش دروستکردنی دەوڵەتی فیدراڵی هەرێمێك بووە ئامادەی هەبووە، حکومەت و پەرلەمانی هەبووە، ئەم بارودۆخە دەکرێت جۆرە تایبەتمەندییەکی بە پێگەی هەرێمی کوردستان بەخشیبێت لەچۆنیەتی دابەشکاری دەسەڵاتی هەرێم لە دەستوردا. بە ماددەی دەستوری ماف و دەسەڵاتەکانی دیاری کراوە.

بنیاد لەسەر  ئەو دەسەڵات و مافە دەستورییانەی کە تایبەتمەندکراوە بە هەرێمی کوردستان لە دەستوری فیدراڵییدا، پێگەی دەستوری هەرێمی کوردستانمان بۆ ڕووندەبێتەوە دەگەین بە وەڵامی مەبەست بۆ پرسی سەرەکی بابەتی لێ تویژینەوەکەمان ئەویش تێگەیشتنە لە پێگەی دەستوری هەرێمی کوردستان. دەستور پاڵپشتێکی باڵای هەیە، لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات یەکێك لە تایبەتمەدییەکانی دەستور بنەمای  باڵاییە،  کە ناسراوە بە بنەمای باڵای دەستوری[*]، ئەمەش ئەوە دەگەنێت ئەو دەسەڵات و پێگە دەستورییەی  کە هەرێمی کوردستان بە پێی دەستوری (٢٠٠٥) بۆی دیاری کراوە ناتوادرێت کەم بکردنەوە، لەبەر ئەوەی هیچ یاسەیەکی تر هێزی ئەوەی نیە پێچەوانەی دەستور بێت یاسای باڵاو هەرە بەرزی عێراقە.

لە ماددەی (١٣) دەستوری فیدراڵ هاتووە " یەکەم: ئەم دەستورە بەیاسای باڵاو هەرە بەرز دادەنرێت لە عێراقدا و پێویستە لەهەموو شوێنێکی عێراقدا پابەندبن پێوەی بەبێ جیاوازی. دووەم: نابێت یاسایەك دابنرێت پێچەوانەی ئەم دەستورەبێت، هەر دەقێك لە دەستوری هەرێمەکاندا بێت یاخود هەر دەقێکی یاسایی تر پێچەوانەی بێت بەنادروست دادەنرێت [1]" کەواتە ئەو دەسەڵات و پێگەیەیی کە دەستوری فیدراڵی بە هەرێمی کوردستانی داوە

(١) حسین محمد عزی، دەوڵەتی عێراق و سیستەمی فیدراڵی، وەرگیراوە لە سایتی دیبلۆماتیك، https://diplomaticmagazine.net/birwra/1054، ڕێکەوت ٥/١١/٢٠٢٢.

[*] مەبەست لە باڵایی دەستور بریتیە لە باڵایی رێسادەستوریەکان بەسەر کۆی رێسا یاساییەکانی تر کە لە دەوڵەت دا پیادە دەکرێت , ئەمەش واتا هەر یاسایەك کەلەوڵات دا دەردەچێت نابێت پێچەوانەی دەستور بێت بەبێ جیاوازی ئەوەی کە دەستورەکە دەستورێکی نوسراوبێت یان نەنوسراو(عرف ) بێت . احسان حمید المفرجي، کطران زغیر نعمة،رعد ناجي الجدة ،تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، و: هەنوان عمر عبدالله ، (کتێبخانەی یادگار، چ٢، سلێمانی،٢٠١٦) ل ٦.

[1] ماددەی ١٣، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

جۆرێك لە جێگری تێدایە، هەروەها دەستوری هەمیشەی ٢٠٠٥ دەستورێکی وەستاو(جێگیر)(جامدة[*]) واتا جۆرێك لە جێگری تێدایە و مەرجەکانی هەموارکردنی ئاسان نیە تا لەو ڕێگەیەوە گۆڕانکاری لە دەسەلأت و پێگەی هەرێمی کوردستاندا بکرێت، یەکێك لە داخوازییەکانی هەرێمی کوردستان پەیڕەوکردنی سیستمی فیدراڵی بوو بۆ عێراق کە ئەمەش لە پێشدا ئاماژەمان بۆکرد، هەر لە ماددەی یەکی دەستور فیدراڵیەت وەك شێوازی دەوڵەت دیاری کرا.

ئەم باسە مەبەستێتی پێگەی دەستوری هەرێم لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی بخاتە ڕوو، شەن و کەوی ئەو ماددە دەستوریانەی دەسەلأت و مافەکانی هەرێمی تێدا هاتووە،پێشاندەری سەنگ و قورسایی هەرێمی کوردستانە. ئەم باسەمان  لە چوارچێوەی چەند داخوازییەك تەرخانکردووە بۆ خستنە ڕووی پێگەی دەستوری هەرێم.

## داخوازی یەکەم: دابەشکردنی دەسەلأتەکان لە دەستوری عێراقی فیدراڵدا:

لە دەستورە فیدراڵییەکاندا جۆرێك لە دابەشکاری دەسەلأت لە نێوان هەردوو ئاستەکەی حکومەتدا هەیە. واتا بە ماددەی دەستوری ئاماژە بەچۆنێتی دابەشکاری دەسەلأتەکان لە نێوان هەردوو ئاستی حکومەت بەدی دەکرێت، ئەم دابەشکارییەش بە چەند ڕێوشوێنێك لە دەستوردا ئاماژەی پێ دەکرێت.

هەرێمی کوردستان لە دەستوری فیدراڵی وەك هەرێمێکی دەستوری دانیپێدانراوە و بەشێك لە مافەکانی لە دەستوری فیدراڵی زۆر بەڕوونی ئاماژەی پێکراوە، بۆیە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا پێگەییەکی دەستوری نەگۆڕی هەیە و بە پێی دەستور دانی پێدانراوە.

بە پێی ماددەی دەستوری دەسەلأتەکانی حکومەتی فیدراڵ و دەسەلأتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم دیاری کراوە، بەلأم لە هەمان کاتدا لە ماددەیەکی تری دەستوردا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو دەسەلأتەی کە لە تایبەتمەندی حکومەتی فیدراڵیدا نیە ئەوە دەبێتە تایبەتمەندی دەسەلأتی هەرێم. ماددەی (١١٠)ی دەستوری فیدراڵدا دەسەلأتە تایبەتمەندەکانی  حکومەتی فیدراڵی دیاری دەکات بەم جۆرە: "ماددەی (١١٠) ئەم دەسەلأتانەی خوارەوە تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵیەوە .

یەکەم: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی کردنی دیبلۆماسی و دانوستاندنی پەیوەست بە ڕێکەوتنامەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی قەرزوەرگرتن و واژۆکردن و بەستنی و ێناکردنی سیاسەتی ئابوری و بازرگانی سەروەریەکانی دەرەوە.

دووەم: دانانی سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی و جێبەجێکردنی، لەوانەش دروستکردنی هیزی چەکدار و بەڕێوەبردنی بۆ دابینکردن و پاراستن و دەستەبەری ئاسایشی سنورەکانی عێراق و بەرگریلێکردن.

سێ یەم: ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی دارایی و گومرگی و دەرچواندنی دراو، ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لە ڕێگەی سنورەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکان لە عێراق، دانانی بودجەی گشتی بۆ دەوڵەت، وێناکردنی سیاسەتی نەختینە و دروستکردن و بەڕێوەبردنی بانکی ناوەندی.

چوارەم: ڕێکخستنی کاروباری پێوانە و کێش و سەنگەکان.

---

[*] ئەو جۆرە دەستورەیە کە ناتوانین هەمواری بکەین بەهەمان ئەو ڕێوشوێنە یاساییانەی کە پێویستن بۆ هەموارکردنی یاسایەکی ئاسایی، بۆیە ناتوانرێت دەستوری جێگیر هەمواربکرێت بەهیچ شێوەیەك تەنها بەگرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە یاساییانە نەبێت کە خودی دەستورەکە دیاری کردوە کە جیاوازە لەو ڕێوشوێنانەی کە پێویستە بۆ هەموارکردنی یاسایەکی ئاسایی, زۆربەی جار ئەو ڕێوشوێنانە لەنێو خودی دیکۆمێنتی دەستورەکەدا باس کراوە. احسان حمید المفرجي، كطران زغير نعمة،رعد ناجي الجدة ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١.

پێنجەم: رێکخستنی کاروباری رەگەزنامە ولات نامەگر و نشینگە و ماف پەنابەرێتی سیاسی .

شەشەم: رێکخستنی سیاسەتی شەپۆلەکانی پەخش و پۆستە.

حەوتەم: دانانی پرۆژەی بوودجەی گشتی و وەبەرهێنان.

هەشتەم: پلاندانانی تایبەت بۆ سیاسەتەکانی پەیوەندیدار بە سەرچاوەکانی ئاو لە دەرەوەی عێراق و دەستەبەرکردنی رێڕەوەکانی ڕژانی ئاو بۆی و دابەشکردنی دادپەروەرانە لە نلو عێراق بە پێی یاسا و نەریتە نێودەوڵەتییەکان.

نۆیەم: ئامار و سەرژمێری گشتی دانیشتوان[١].

گرنگترین دەسەلاَت بریتییە لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوە، لە دەستوری عێراق تایبەتمەندکراوە بە حکومەتی فیدرالی، بەلاَم لەهەندێك لە دەستوری ولاَتان ماف داوە بە هەرێمەکان پەیوەندی ببەستن لەگەڵ دەوڵەتانی بیانی بەلاَم لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا کە دەستور بۆیانی دیاریکردووە، هەروەها نابێت ئەم پەیوەندی و پەیماننامەیە زیانی بۆ ویلایەتەکانی تر هەبێت. لە ماددەی (٥٦) لە دەستوری سویسرا هاتووە:

" ١. کانتۆنەکان بە شێوەیەکی تایبەت ماف ئەوەیان هەیە پەیماننامە ببەستن لەگەڵ دەوڵەتانی بیانی سەبارەت بەو بابەتانەی لە تایبەتمەندی خۆیانە.

٢. ئەم پەیماننامەیە نابێت ئەو دەقانە لە خۆبگرێت کە پێچەوانەی مافەکانی فیدراڵ یان کانتۆنەکانیترە

٣. کانتۆنەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو لایەنە بیانیانەدا بکەن کە لە ئاستی خۆیاندایە لە حاڵەتەکانی تردا لە لایەن فیدراڵەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت [٢]".

ماددەی (١١٠) تایبەتمەندی دەسەلاَتەکانی حکومەتی فیدرالی دیاری کردووە، ئەم دەسەلاَتانەش بەشێکی گرنگن لە دەسەلاَتەکانی دەوڵەتی فیدراڵ. هەریەکێك لەم دەسەلاَتانە گرنگی تایبەتی هەیە حکومەتی فیدراڵ ئازادە لە پەیڕەوکردنی.

لەلایەکی ترەوە دەستور دەسەلاَتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمەکانی لە ماددەی (١١٤) دیاری دەکات، ماددەی (١١٤) : "دەسەلاَتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمەکان ئەمانەن:

یەکەم: بەرێوەبردنی گومرگەکان و بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا رێکنەخراون کە بەیاسا رێکدەخرێت .

دووەم: رێکخستنی سەرچاوە سەرەکیەکانی ووزەی کارەبا و دابەشکردنی .

سێ یەم: وێناکردنی سیاسەتی ژینگە بەمەبەستی بۆ دەستبەرکردنی پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و پارێزگاریکردن لە پاکوخاوێنیەکەی، بەهاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون.

چوارەم: وێناکردنی سیاسەتەکانی پەرەپێدان و پلاندانانی گشتی.

پێنجەم: وێناکردنی سیاسەتی تەندروستی گشتی بەهاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا رێکنەخراون .

---

(١) مادەی ١١٠ ، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

(٢) المادة (٥٦)، العلاقات بين المقاطعات و الدول الا جنبية، دستور سويسرا الصادر عام (١٩٩٩) شاملا تعديلات لغاية عام (٢٠١٤) .

شەشەم: وێناکردنی سیاسەتی فێرکردن و پەروەردەی گشتی بە راوێژکردن لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون .

حەوتەم: وێناکردنی سیاسەتی سەرچاوە ئاوییەکانی ناوخۆ و ڕێکخستنی کە دەستەبەری دابەشکردنێکی دادپەروەرانەبکات، کە بە یاسا رێکدەخرێت[١]"

ئەم حەوت دەسەڵاتە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەیە بۆ حکومەتی فیدراڵ و هەرێم، کە گرنگترینیان دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی گومرکە. لەماددەی تری دەستوردا ئاماژە بە دەسەڵاتی تری هاوبەش دراوە، وەك ماددەی (١١٢) کە باس لە هاوبەشیکردنی حکومەتی فیدراڵ دەکات لە پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گازی هەرێم کە دواتر ئاماژەی پێدەدەین. مادەیکی تر لە دەستور کە ماددەی (١١٥) بە تەواوکەری ئەم ماددەیە دادەندرێت، چونکە ئاماژە بەوە دەکات کە  هەر بابەت و دەسەڵاتێك لە تایبەتمەندییە ژمێردراوەکانی حکومەتی فیدراڵ نەبێت ئەوە دەبێتە تایبەتمەندی حکومەتی هەرێم، ماددەی (١١٥)؛" هەموو ئەوەی لە تایبەتمەندییە ژمێردراوەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی بەدەق نەهاتبێت، دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێمێکدا، دەسەڵاتەکانی تر کە هاوبەشە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان، لە کاتی بوونی ناکۆکی لە نێوانیان لە پێشتری بۆ یاسای هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەیە کە لە هەرێمێکدا ڕێك نەخراون[٢]".

ئەم ماددەیەی دەستور دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی کەناکەونە سنوری هیچ هەرێمێکەوە دیاریدەکات، هەروەها ئەوەش یەکلادەکاتەوە کە ئەگەر ناکۆکی دروستبوو لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی ئەوە یاسای هەرێمەکان لە پێشترە بۆ جێبەجێکردن نەك یاسای حکومەتی فیدراڵ بۆیە حکومەتی هەرێم پشت بەست بەم ماددەیە پێی وایە کە ماڤی هەرێمە کە کەرتی نەوت و گاز بەڕێوەببات بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی چونکە لە ماددەی (١١٠) کە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی دیاری کردووە باسی نەوت و گازی تێدا نەکراوە کە تایبەتمەندبێت بە حکومەتی فیدراڵەوە، بۆیە دەسەڵاتدارانی کوردستان پێیان وایە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازی هەرێم دەبێتە تایبەتمەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش دواتر دەبێت خاڵێکی بەهێزی پێگەی دەستوری هەرێمی کوردستان.

سەراڕەی ئەو ماددە دەستوریانەی ئاماژەمان پێکردووە کە ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی تێدا باسکراوە لە دەستوردا، لەگەڵ ئەوەشدا دەستوری عێراقساڵی (٢٠٠٥) دەروازەی پێنجەمی  تایبەت  کراوە بە دەسەڵاتی هەرێمەکان کە لە چەند ماددەیەکی پێکدێت، لەمادەی (١١٧)؛

"یەکەم/ئەم دەستورە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و  ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەهنێت وەك هەرێمێکی فیدراڵی.

دووەم/ئەم دەستورە دان بەو هەرێمە نوێیانەدا دەنێت کە گوێرەی بڕگەکانی دەستور دادەمەزرێن[٣]".

ئەمەش دانپێدانانێکی دەستوری ڕوونە بە پێگە و دەسەڵاتی یاسایی هەرێمی کوردستان و دامەزراوە فەرمیەکانی وەك هەرێمێکی فیدراڵ ناسێندراوە. بنچینەی ئەم ماددەیەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بەفەرمی ناسێنراوە و دان بەهەموو دامودەزگاکانیدا

---

(١) ماددەی ١١٤، دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ .

(٢) ماددەی ١١٥، دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥ .

(٣) ماددەی ١١٧، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

نراوه [1]. هەروەها ماددەی (١٢٠) دەسەلأتی داوه بەهەرێمی کوردستان ببێت بەخاوەنی دەستوری خۆی، ماددەی (١٢٠): " هەرێم هەڵدەستێت بەدانانی دەستورێك بۆ خۆی کە پەیکەری دەسەلأتەکانی هەرێمەکە و تایبەتمەندییەکانی و میکانیزمی پیادەکردنی ئەو تایبەتمەندیانە دیاری بکات بەڵام نابێت لەگەڵ ئەم دەستوردا دژبێت[2]". دیارە ئەمەش تایبەتمەندییەکی دەوڵەتی فیدراڵییە کە ڕێگە بە هەرێمە پێکهێنەرەکانی دەدات ببنە خاوەن دەستور بۆ ڕێکخستنی پەیکەری دەزگا فەرمیەکانی و میکانیزمی پیادەکردنی دەسەلأتەکانی.

یەکێکی تر لە مادده گرنگەکانی دەروازەی پێنجەمی دەستور کە تایبەتکراوە بە دەسەلأتی هەرێمەکان بریتییە لە ماددەی (١٢١) کە ئەم ماددەیەش لە پێنج بڕگە پێکهاتووە تەواوی بڕگەکانی گرنگن بۆ هەرێمی کوردستان، ماددەی (١٢١) "بڕگەی یەکەم: دەسەلأتەکانی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەلأتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییان هەیە، بە گوێرەی ئەم دەستورە بەدەر لەوەی تێیدا هاتووە لە تایبەتمەندییە ژمێردراوەکانی دەسەلأتی فیدراڵی.

بڕگەی دووەم: دەسەلأتی هەرێم مافی هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی هەیە لە هەرێمدا، لە حاڵەتی هەبوونی ناکۆکی یاخود دژبەیەکی لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێم، سەبارەت بەو پرسەی ناچێتە تایبەتمەندیە ژمێردراوەکانی دەسەلأتەکانی فیدراڵی.

بڕگەی سێیەم: بەشێکی دادپەروەرانە تەرخان دەکرێت بۆ هەرێمەکان و پارێزگاکان لە داهاتە بەدەستهاتووەکانی فیدراڵی، بەشی بارگرانی و بەرپرسیاریتییەکانی بکات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی داهات و پێداویستییەکان و ڕێژەی دانیشتوان تێیدا.

بڕگەی چوارەم: نوسینگە بۆ هەرێمەکان و پارێزگاکان دادەمەزرێندرێت لە باڵوێزخانەکان و نێردەدیبلۆماسییەکان بۆ بەدواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەکردن.

بڕگەی پێنجەم: حکومەتی هەرێم تایبەتمەند دەبێت بە هەموو ئەوەی بەڕێوەبردنی هەرێم پێداویستی دەکات و بەشێوەی تایبەت دروستکردن و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێم وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم[3]".

به پشت بەستن بەم ماددەیە بە شێوەیەکی گشتی هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی هەیە دەسەلأتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی پیادە بکات، تەنها دەسەلأتە دیاریکراوەکانی دەسەلأتی فیدراڵی نەبێت، هەرێمی کوردستان هەموو دەسەلأتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دەبێت هەروەها پەرلەمانی کوردستان مافی هەموارکردنی یاسای پەرلەمانی فیدراڵی هەیە، ئەمەش بە هەمان شێوە دەبێت لە تایبەتمەندیە دیاریکراوەکانی دەسەلأتی فیدراڵی نەبێت لە داهاتە دەستکەوتووەکانی حکومەتی فیدراڵی عێراق بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەش بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێت بەرەچاوکردنی داهات و پێداویستی و ڕێژەی دانیشتوان هەروەها ئەم ماددەیە گەرەنتیەکی دیکەی دەستورییە کە داهاتەکانی حکومەتی فیدراڵی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ هەرێم و پارێزگاکان دابەش بکرێت، لەو ڕوانگەیەوە دەتوانرێت داوای بەشی دادپەروەرییانەی هەرێمی کوردستان لە داهات بکرێت، خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی نوێنەری لە هەموو باڵوێزخانە و نێردە دبلۆماسیەکان هەبێت بۆ

---

(١) خەلیل عەبدوڵلا، کورد و پرسی دانپێدانانی دەستوری ،(دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی ،٢٠١١) ل ٤١.

(٢) ماددەی ١٢٠، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

(٣) ماددەی ١٢١، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

پتەوکردنی پەیوەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و بوژانەوەی هەرێم . لە برگەی کۆتای ئەم ماددەیە دان بە هەموو هێزەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستاندا نراوە و هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگەی هەبێت کەلەو برگەیەدا لە جیاتی وشەی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم) هاتووە، هەروەها ماددەیەکی تری دەستور دانپێدانانی بۆ ڕابردووی هەرێمی کوردستان تێدایە کە پێش دروستبونی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ هەرێمی کورستان چەندین بڕیار و یاسای دەرکردووە، ماددەی( ١٤١ ): "کارکردن بەردەوام دەبێت بەو یاسایانەی لە ساڵی (١٩٩٢) لە هەرێمی کوردستان دەرچوێندراون و ئەو بڕیارانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریکردووە لەوانەش بڕیارەکانی دادگاکان و گرێبەستەکان بە بەکار دادەندرێت، ئەگەر هەموارنەکرابێت، یاخود هەڵنەوەشندرابێتەوە بە پێی یاساکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن لایەنی تایبەتمەند تێیدا و ئەگەر ناکۆك نەبێت لەگەڵ دەستوردا[1]". ئەم ماددەیەش داننانە بەڕەوایی هەموو یاسا و بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان کەلەدوای ساڵی ١٩٩٢ ەوە دەرچوون بە یاسایی لەقەڵەمیان دەدات .

لە دەستوری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) بە بەراورد دەستورەکانی پێشوو دەوڵەتی عێراق تاڕادەیەکی زۆر مافی گەلی کورد لەبەرچاوگیراوە[2]. بۆنمونە: دەستوری کاتی ساڵی (١٩٧٠) لە (٧٠) مادە پێکهاتووە، بە وشەیەکیش ناوی کوردستان نەهاتووە، لە مادەی یەکی دەستور هاتووە کە ئامانجی سەرەکی کۆماری عێراق دامەزرادنی دەوڵەتی عێراقی یەکگرتووە، هەروەها لە مادەی (٥) برگەی هاتووە "عێراق بە شێکە لە نەتەوەی عەرەب" لە برگەی دووەمی هەمان مادە هاتووە "گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت نەتەوەی عەرەبی و نەتەوەی کورد و ئەم دەستورە داندەنێت بە مافەکانی گەلی کورد لە ڕوی نەتەوەییەوە و مافە ڕاوەکانی سەرجەم کەم نەتەوایەتیەکانلە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا[3] " دیاری نەکراوە مافەکانی گەلی کوردچین، هەروەها لەم دەستورە بە وشەیەکیش باسی کورد نەکراوە وەك شەریکی ڕاستەقینەی سامانی وڵات.

وەك لە پێشدا باسمان کرد بە ماددەی دەستوری باسی دەسەڵات و پێگەی هەرێم کراوە، هەروەها بۆ هەموارکردنی دەستور و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بە ماددەی دەستوری دەسەڵاتی هەموارکردنەوەی ئەو ماددەنەی تایبەتمەندیی دەسەڵاتەکانی هەرێمە بە هەرێمی کوردستان بەخشراوە، سەرەڕای مەرج و میکانزمی هەموارکردەوەی دەستور لە ماددەی (١٢٦) برگەی چوارەم هاتووە "نابێت هیچ هەموارکردنێك لەسەر ماددەکانی دەستوردا بکرێت کە لە بارەیەوە دەسەڵەتەکانی هەرێمەکان کەمبکاتەوە ئەوەی ناچتە ناو تایبەتمەندیە ژمێردراوەکانی دەسەڵەتی فیدراڵیەوە، تەنها بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانان لە هەرێمی پەیوەندیدار نەبێت و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانەکەی بە ڕاپرسی گشتی[4]". بە پێی ئەم ماددەیەبێت بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێ دەست بۆ هەموارکردنی دەستوور ببرێ کە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کەمبکاتەوە بەبێ ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان و دەنگدانی گشتی زۆرینەی گەلی کورد[5].

---

(١) ماددەی ١٤١، دەستوری هەمیشەیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

(٢) خەلیل عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٦.

(٣) المادة (٥)، دستورجمهورية العراق الموقت للسنة(١٩٧٠)، جريدة الوقائع العراقية، العدد(١٩٠٠)،( ١٩٧٠/٧/١٦).

(٤) برگەی چوارەم لە ماددەی ١٢٦، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

(٥) شێرزاد شێخانی ، وەهمی رووخانی قەوارەی هەرێم ، وەرگیراوە لە سایتی ستاندارد، http://skurd.net/2020/07/03/%d9%88%d9%87%e2%80%8c%d9%87%d9%85%d9%89-، ڕێکەوت ٢٠٢١/٤/٢١.

هەروەها دەبينين لەهەموو دەستورەكانى سالآنى پێشوو زياتر مافەكانى گەلى كوردى بەرجەستە كردووە و ئەو پێگە دەستوريەيى كە بە گەلى كوردى بە خشيوە لە هيچ دەستورێكى پێشوودا بەديناكرێت، چونكە بە ماددەى دەستور شێوازى دەوڵەتى عێراق ديارى كراوە كە شێوازى فيدراڵيیە، لەم دەوڵەتە فيدراڵییەش پێگەى هەرێمى كوردستان لەبەرچاوگیراوە كە پێش دەوڵەتە فيدراڵییەكە بوونى هەبووە، بۆیە دەتونين بڵێين بنياد لەسەر ئەو پێگە دەستوريەيى كە هەرێمى كوردستان هەيەتى لە حكومەتى فيدراڵیش لە ناوەندە باڵاكانى دەسەلآتەكانى ياسادانان و جێبەجێكردن و دادوەريدا پێگەيەكى بەهێزى هەيە.

## داخوازى دووەم: خاوەندارێتى نەوت و گاز لە دەستورى فيدراڵدا:

چۆنێتى مامەڵەكردن و ئەولەويتدان بە خاوەندارى سامانى سروشتى لە هەندێك لەدەوڵەتان لەدەستورى فيدراڵى ئەم بابەتە باسكراوە و ئاماژە بە جۆرێك لە ڕێكخستن كراوە لە نێوان هەردوو ئاستەكەى حكومەتدا، بۆنمونە: خاواندارى نەوت و گاز لە هەندێك لە دەستووره فيدراڵيەكان بە مادەى دەستورى ئاماژەى پيدراوە كە حكومەتى فيدراڵى سەرپشك كراوە بۆ بەڕێوەبردن و دابەشكردنى داهاتى سامانى نەوت و گاز وەك( دەستوورى فنزوێلا)[1]. هەندێك لە دەستووره فيدراڵییەكان بۆ بەڕێوەبردن و دابەشكردنى داهاتى سامانى نەوت و گاز حكومەتى هەرێمە فيدراڵیەكان سەر پشك دەكات وەك(دەستووری ئيماراتى عەرەبى يەكگرتوو) هەر ميرنيشينێك ماڤ بەكاربردنى سامانەكانى ژێر زەوى و سەرچاوە ئابووريەكانى خۆى هەيە لەگەڵ هەبوونى جۆرێك لە هەماهەنگى لە نێوان ميرنيشينە دەوڵەمەند و هەژارەكاندا[2] . هەندێك لە دەستووره فيدراڵیەكان بۆ بەڕێوەبردن و دابەشكردنى داهاتى ئەم سامانانە حكومەتى فيدراڵى و حكومەتى هەرێمە فيدراڵیەكان سەر پشك دەكات لە سەر بنەماى بەرێوەبردنى هاوبەش، ئەم شێوازەش ساڵى (١٩٩٤) دەوڵەتى ڕوسياى فيدراڵ لەگەڵ بەشێك لە هەرێمەكانى پەيڕەوى كردووە، هەرێمى خاوەن نەوت و گاز بەشداربوو لە بەڕێوەبردنى سامانى سروشتى لەگەڵ پايتەخت [3].

ئەوەى دەبێتە جێگەى پرسيار ئەوەيە ئايا دەستورى عێراقى فيدراڵ چۆن بابەتى خاوەندارێتى سامانى نەوت و گازى ڕێخستووە لە نێوان حكومەتى فيدراڵ و هەرێم و ئەو پارێزگايانەى كە لە چوارچێوەى هەرێمێكە ڕێكنەخراون؟ دەستورى فيدراڵ لە چەند ماددەيەكى دەستورى ئاماژەى بە چۆنێتى بەڕێوەبردنى سامانى نەوت و گاز كردووە.

لە پێشتردا ئاماژەمان بەو ماددە دەستوريانە داوە كە دەسەلآت و تايبەتمەندييەكانى حكومەتى فيدراڵى و هەرێمەكان، دەسەلآتە هاوبەشەكانيان بە ماددەى دەستورى دەكات، بەلآم ئەم ماددە دەستوريانە ئاماژەيەكى ڕوونى تێدا نييە كە كام لەم دەسەلآتانە خاوەندارى سامانى سروشتى دەكات، بەلآم لە چەند ماددەيەكى ترئاماژە بە چۆنێتى بەڕێوەبردنى سامانى سروشتى كراوە.

ماددەى (١١١): " نەوت و گاز موڵكى هەمووگەلى عێراقە لەهەموو هەرێمەكان و پارێزگاكان[4] ". ئەم ماددەيە بەهۆى كورتى ناڕوونى ماددەكەوە چەند لێكدانەوە و شيكارى جياوازى بۆكراوە، بۆيە ئەم مادەيە نەيتوانييەوە بە

---

(١) المادة (٣٠٢) و (٣٠٣)، فنزويلا (جمهورية البوليفارية) ١٩٩٩ (المعدل ٢٠٠٩) ، متاح على الرابط الأتي:
https://www.constituteproject.org/constitution/Venezuela_2009?lang=ar ، التاريخ ٢٠٢١/٣/٢٩.

(٢) داود الباز، اللامركزية السياسية الدستورية في دولة الامارات العربية المتحدة، (دار النهضة العربية ، القاهرة ، ٢٠٠٠) ص ٨١.

(٣) جمعية الاقتصاديين الكرد-سوريا ،جمعيه الفيدرالية المالية(مفاهيم ونماذج)، (مطبعة ياد، السليمانية، ٢٠١٣) ص٣٩.

(٤) ماددەى ١١١، دەستورى عێراق بۆ ساڵى ٢٠٠٥ .

شێوەیەکی یەکلاکەرەوە خاوانداری سامانی نەوت و گازمان بۆ دیاری بکات، ئەم مادەیە بووە بە خاڵێکی ناکۆکی نێوان هەردوو ئاستی حکومەت.

حکومەتی فیدراڵی چەند سکاڵای دژی حکومەتی هەرێم تۆمارکردووە لە دادگای باڵای فیدراڵی بەهۆی سەربەخۆ مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێم بە سامانی نەوت و گازەوە، حکومەتی فیدراڵی لە سکاڵای لە دژی حکومەتی هەرێم ئاماژەی بەوە کردووە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی پێچەوانەی مادەی (١١١) دەستورە چونکە حکومەتی هەرێم داهاتی نەوتی قۆرخکردووە و پارێزگاکانی تری عێراقی لێ بێبەشکردووە[١] .

بەشێك لە پسپۆڕانی سیاسی عەرەبی عێراقی پیان وایە ئەم ماددەیە مانای ئەوە نییە سامانی نەوت و گاز مافی خاوەنداری بۆ هەرێم و پارێزگاکان بێت، چونکە لەئەگەری دروستبونی چەند هەرێمی تر کە دەستور ڕێگای داوە، پشێوی دروستدەبێت ئەگەر هەموو هەرێمەکان مامەڵەی سەربەخۆیانە بکەن لە بواری نەوت و گازدا کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو پرەنسیپەیە کە سامانی سروشتی مافی هەموو گەلی عێراقە بە بێ جیاوازی لە نێوان هەرێم و پاریزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵی[٢].

وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دادگای باڵای فیدراڵی بۆ وەڵامی هەر دوو سکاڵای ژمارە (٥٩)ی ساڵی (٢٠١٢) و سکاڵای ژمارە (١١٠)ی ساڵی (٢٠١٩)، پێی وایە مەبەستی مادەی (١١١) زیاتر چەمکی سیاسییە نەك یاسایی و ڕێخەر بێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری نەوت و گاز، بۆیە مەبەستی ئەم مادەیە زیاتر ئەوەیە کە ڕێگری بکرێت لە قۆرخکردنی سامانی نەوت گاز لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بەڵکو سەرفبکرێت لە بەرژەوەندی خەڵکی عێراق، حکومەتی هەرێم پێی وایە هەر لێکدانەوەیەکی تر بۆ مادەی (١١١) دەستور بکرێت پێچەوانە و ناکۆك دەبێت لەگەڵ مادەکانی (١١٠،١١٢و ١١٥) کە ئاماژەیان بە دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم داوە[٣].

لەلایەکی ترەوە پرۆفیسۆر (جێمس کرۆفورد)سەرۆکی بنکەی(لوتر باشت)ە بۆ تۆژینەوە لە بواری یاسای نێودەوڵەتی لە زنکۆی کامبریدج) پێی وایە کە دەستور فیدراڵی مافی خاوەنداری سامانی نەوت و گازی لە حکومەتی فیدراڵ سەندووەتەوە و داویەتی بەهەرێمەکان و پارێزگان[٤] . هەروەها (جەوهەر نامیق سالم) لە کتێبی (کورد لە گەمەی دەقە یاساییەکاندا وردبونەوە لە دەستوری هەمیشەیی عێراق) پێی وابوو ماددەی(١١١) دەستور مافی خاوەندرایێتی بە هەرێم داوە، چونکە ئەم ماددەیە زۆر بەڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کەهەموو گەلی عێراق لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا خاوەنی نەوت و گازن، ماددەکە نەیوتووە کە نەوت و گاز موڵکی دەوڵەتی عێراقە

---

(١) الدعوي(٥٩/اتحادية/٢٠١٢)، متاح عن الموقع الرسمى المحكمة الفيدرالية العليا، https://www.iraqfsc.iq/s.2022/، تلريخ ٢٠٢٢/٣/٢٥. ص٢.

(٢) اسماعيل علوان التميمى، اهم اشكاليات الدولة العراقية لمرحلة ما بعد نفاذ دستور ٢٠٠٥، متاح على الرابط الأتي: https://m.ahewar.org/s.asp?aid=600106&r=0 ، التاريخ ٢٠٢١/٣/٦.

(٣) قرار رقم (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) و (١١٠/اتحادية/٢٠١٩)، متاح عن الموقع الرسمى المحكمة الفيدرالية العليا ،https://www.iraqfsc.iq/krarid/59_fed_2012.pdf، تلريخ ٢٠٢٢/١١/٢٥، ص٢.

(٤) جێمس کرۆفورد، دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر نەوت و گاز بە پێی دەستوری عێراقی، و: سیروان ئەبوبەکر عەزیز، (چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨) ص١٨.

بەڵکو بە موڵکی گەلی عێراقی داناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نەوت و گاز موڵکی هەرێم و پارێزەگاکانیشە بووە بە خاڵێکی گرنگی هەرێم بۆ بە دەستور بوونی مامەڵە سەربەخۆکانی لەم بوارەدا کردوییەتی.

بەرامبەر ئەم دوو ڕایەش بەشێکی تر پێیان وایە کە ماددەی (١١١) بەڵگەیە بۆ خاوەندارێتی هاوبەشی نەوت و گاز لە نێون حکومەتی فیدراڵ و هەرێم و پارێزگاکان، حکومەتی فیدراڵ پێویستە هەرێم و پارێزگاکان هاوبەشی پێبکات لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، بەلأم ئەمەش دەبێت بە شێوەیەکبێت پێچەوانەی بنەما سەرەکییەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی فیدراڵی نەبێت، واتا نەبێتە هۆی جیاوازی و نایەکسانی نێوان هەرێمەکان، بۆیە پێیان وایە دەبێت ماددەی (١٠٦) دەستوری فیدراڵ جێبەجێبکرێت کە تایبەتە بە پێکهێنانی دەستیەکی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنوری هیچ هەرێمێکەوە، کاری ئەمە دەستەیەش بریتیە لە چاودێریکردنی دادپەروەری دابەشکردنی هەموو جۆرەکانی داهات[1].

لایەنی دەستوری و یاسای بۆ شیکاری دەستوری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) کە بە مادەی (٩٣) دیاریکراوە، بەرزترین دەسەلأتی هەیە بۆ شیکار و لێکدانەوەی مادە دەستورییەکان تەنها دادگای بالأی فیدراڵییە کە بڕیارەکانی دەبێتە بریاری کۆتایی و یەکلاکەرەوە، بۆیە دەبێت هەردوو ئاستی حکومەت پێوەی پابەندبن، دادگای بالأی فیدراڵی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/١٥) لە وەلأمی سکالأی ژمارە (٥٩)ی ساڵی (٢٠١٢) و سکالأی ژمارە (١١٠)ی ساڵی (٢٠١٩)ی حکومەتی فیدراڵی دژی حکومەتی هەرێم، سەبارەت بە شیکاری مادەی (١١١) لێکدانەوەی خۆی کردووە بڕیاری یەکلاکەرەوەی داوە لەو بارەوە، مەبەست لە دەربڕینی خەڵکی عێراق لە مادەی (١١١) هەموو عێراقیەکان دەگرێتەوە لە باکورەوە بۆ باشوور و لە ڕۆژهەلأتەوە بۆ ڕۆژئاوا بێ گوێدانە جیاوازی نەتەوە و ئایین نەوت و گاز لە سەرتاسەری عێراق موڵکی خەڵکی عێراقە، پێویستە هەموو گەلانی عێراق بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە بێ گوێدانە ئەوەی کە ئەم بەرهەمە لە کامە هەرێم و پاریزگادایە بەرهەمدەهندرێت، مەبەست لەمەش ئەوەیە خەڵکی پارێزگا بێ بەرهەمەکانی لێ بێبەش نەکرێت، هەروەها پێویستە خەڵکی عێراق سەبارەت بە بڕی داهاتی نەوت و گاز بزانێت، هەروەها بزانێت چۆن دەبەشدەکرێت[2] .

لە لایەکی تریشەوە ئەگەر ئەم ماددەی (١١١)وا مانا بکرێت کە خاوەنداری نەوت و گاز لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم و پارێزگاکان دیاریدەکات، بەلأم هێشتا ئەوە تەنها خاوەندارێتی یاسایی و مافی دیاریدەکات نەك شتێکی تر، وەك دیاریکردنی چۆنیەتی و شێوەی بەرهەمهێنان و دەرهێنان و گەشەپێدانی سامانە سروشتیەکان و دامەزراوەکانێتی، هەروەها چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتی وەدەستهاتوو لە فرۆشتنی ئەو سامانە [3].

ئەم ماددەیە یەکێکە لەو ماددانەی کە بووە بە پاڵپشت بۆ هەرێمی کوردستان و یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی لەسەر بنیادنراوە، هەرچەندە دادگای باڵای فیدراڵی لە دەرکردنی بڕیاری بە نایاسای بونی یاسای نەوت و گازی هەرێم پشتی بە هەمان ماددە بە ستووە کە لە بەشەکانی دواتردا باسی دەکەین.

ماددەی (١١٢) لە دوو بڕگە پێکهاتووە لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیەدا هاتووە "حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگاکان، نەوت و گازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوەدەبات، بەمەرجێك داهاتەکانیان

---

(١) جمعية الاقتصاديين الكرد-سوريا ، صدر سابقة، ص٣٩.

(٢) قرار المحكمة الفيدرالية العليا، رقم (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) و (١١٠/اتحادية/٢٠١٩)، المصدر سابقة، ص٢.

(٣) بەختیار حمە سعید، نەوت و ململانێکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق –یاسای نەوت و گاز ی هەرێمی کوردستان و گرێبەستەکان،(چاپخانەی نیە، سلێمانی ، ل ٧-٦.

بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لەسەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەشبکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پشك بۆماوەیەك بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتووانەی کە ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەشی کە پاشتر زیانیان لێکەوتووە، بەجۆرێك گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بەیاسایەك ڕێکدەخرێت[١]".

لە بڕگەی دووەمی هەمان مادەدا هاتووە کە "حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی ستراتیجی پێویست بۆ بەرەوپێشەوەبردنی سامانی نەوت و گاز بە جۆرێك کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوود و کەڵك بۆ گەلی عێراق، ئەویش بەپشت بەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان[٢]"

سەبارەت بە بڕگەی یەکەمی ئەم مادەیە بە پێی بۆچوونەکانی حکومەتی فیدراڵی بێت لە سکاڵاکانی دژی حکومەتی هەرێم لە دادگای باڵای  فیدراڵی، حکومەتی فیدراڵی پێی وایە ئەم دەقە مافی بەڕێوەبردنی نەوت و گاز بە حکومەتی هەرێم نەدا و ئەرکی دابەشکردنی داهاتی بە حکومەتی فیدراڵی سپاردووە، هەروەها بەڕێوەبردنی هاوبەش دەبێت بە بەیاسا ڕێکبخرێت کە لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵییەوە پەسەندەکرێت، لەلایەکی ترەوە بەپێی بڕیاری ژمارە (٨ / فیدراڵی / ٢٠١٢)، کە ئاماژەی بەوەدەکات کە مەرجی بەڕێوەبردنی هاوبەش لە ئێستادا ڕاگیراوە تا دەرکردنی یاسای پەیوەندیدار بەو بابەتەوە.

سەبارەت بە بڕگەی دووەمی ئەم مادەیە ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەرێم دەتوانێت هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بکات بۆ داڕشتنی سیاسەتی ستراتیژی پێویست بۆ گەشەپێدانی سامانی نەوت و گاز، بەڵام ئەمەش پێویستی بەوەیە بە پێی یاسابێت ئەنجامبدرێت. هەروەها هەندێك خوێندنەوەی ئەوەی بۆ دەکەن کە دەبێتە مایەیی لاوازکردنی بەڕێوەبردن لە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیدا کە پێویستە ئەو دەسەڵاتە لەوێدا چڕبکرێتەوە، هاوشێوەی ئەوەی لە دەوڵەتانی ڕێکخراوی ئۆپیك و دەوڵەتانی عەرەبیدا هەیە [٣].

وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دادگای باڵای  فیدراڵی بۆ  وەڵامی هەر دوو سکاڵای ژمارە (٥٩)ی ساڵی (٢٠١٢)  و سکاڵای ژمارە (١١٠)ی ساڵی (٢٠١٩)، سەبارەت بە هەردوو بڕگەی مادەی (١١٢)، حکومەتی هەرێم ئەوەی ڕاگەیاند کە لە پێش و کاتی نوسینی دەستور خاوەنی هیچ بیرە نەوتێکی بەرهەمهێنەر نەبووە، بەڵکو چەند ساڵێك دوای دامەزراندنی دەستوور بووە بە خاوەنی بیری نەوتی بەرهەمهێنەر،حکومەتی هەرێم پێی وایە حکومەتی فیدراڵی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ماددەی (١١٢)ی دەستووردا وەك یەکێك لە بەڵگەکان کە سکاڵاکەی لەسەر بنیادناوەجیاوازی نێوا بیرە بەرهەمهێنەرەکانی ئێستا و داهاتووی پشتگوێ خستووە، حکومەتی هەرێم لە بەرواری (٢٠/٥/٢٠٠٦) بیرەنەوتەکانی گەشتۆتە قۆناغی بەرهەم و ئامادە بووە بۆ فرۆشتن.

پرۆفیسۆر (جێمس کرۆفورد) پێی وایە  ئەم ماددەیە دەروازەیەکی باشە بۆ داکۆکی لە مافی هەرێم سەبارەت بە سەروەت و سامانی نەوت و گاز و کانزاکانی تر، چونکە لەبڕگەی یەکەمی ماددەکە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بەڕێوەبردنی نەوت و گازی دەرهێنراو لە کێڵگەکانی ئێستادا تەنها بۆ حکومەتی فیدراڵ نیە، بەڵکو بۆ هەرێم و پارێزگاکانیشە[٤]. بەڵام مەرجی ئەم ماددەیە ئەوەیە دەبێت داهاتی وڵات بە شێوەیەکی دادپەروارانە بە پێی ژمارەی

---

(١) ماددەی١١٢/بڕگەی یەکەم، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

(٢) ماددەی١١٢/بڕگەی دووەم، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

(٣) رعد القادري، الفيدرالية ومازق العراق الدستور، برنامج الشرق الاوسط وشمال أفريقيا، تشرين الثاني٢٠٢٠، ص ٢٥.

(٤) جێمس کرۆفورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

دانیشتوان بەسەر هەموو پارچەکانی وڵات دابەشبکرێت، هەروەها دەبێت بڕێك لەداهاتی نەوت بۆ ماوەیەك بدرێت بەو هەرێمانەی حکومەتی بەعس زیانی پێ گەیاندوون، ئەمەش دەبێت بە یاسایەك ڕێکبخرێت بۆیە پێویستە لەڕێگەی پەرلەمانی فیدراڵییەوە یاسای بۆ دەربکرێت.

لە بڕگەی دووەمی هەمان باس لە ڕەنگرێژکردنی سیاسەت و ستراتیژیی پێویست بۆ پێشخستنی سامانی نەوت و گاز دەکاتە، کەواتە بە گوێرەی ئەم برگەیە، حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان، لە دانانی پلان و ستراتیژی سامانە نەوتییەکاندا بەشداربن[١]. هەروەها لە بەشێکی دیکەی ماددەکەدا هاتووە "پشت بەستن بە نوێترین تەکنیك و بنەماکانی بازاڕ"، ئەمەش دیسان گوزارشتێکە دەشێت هەر لایەنە و بەشێوەك خوێندنەوەی بۆ بکات[٢].

دادگای باڵای فیدراڵی لە وەڵامی سکاڵای حکومەتی فیدراڵی دژی حکومەتی هەرێم، سەبارەت بە شیکاری مادەی (١١٢) لێکدانەوەی خۆی کردووە بڕیاری یەکلاکەرەوەی داوە لەو بارەوە، دادگای باڵای فیدراڵی پێی وایە ماددەی (١١٢) ( بڕگەی یەکەم)، حکومەتی فیدراڵی بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی هەرێم نەوت و گازی ئەو کێڵگانەی (ئێستا)(کاتی نوسینەوەی دەستور) بەرهەمیان هەبووە بەڕێوەدەبات، بۆیە بەڕێوەبردنی نەوت و گای هەرێمی کوردستان پەیوەستە بە حکومەتی فیدراڵیشەوە بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی دڵنیابوون لە دابەشکردنی داهاتەکەی بە شێوەیەك کە هاوتا بێت لەگەڵ دابەشکردنی دانیشتووان لە سەرانسەری عێراق بۆ بەدەستهێنانی گەشەپێدانی هاوسەنگی ناوچە جیاوازەکان

سەبارەت بە شیکاری ماددەی (١١٢) ( بڕگەی دووەم)، حکومەتی فیدراڵی بەهاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکەوە سیاسەتی ستراتیژی پێویست بۆ پەرەپێدانی سامانی نەوت و گاز دادەڕێژن بەشێوەیەك کە زۆرترین سود بۆ گەلی عێراق بەدەستبهێنێت، بە پشت بەستن بەنوێترین تەکنیکەکانی بنەماکانی بازار و بەرزکردنەوەی وەبەرهێنان بە پشت بەستن بە وڵاتانی دیکە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەوانەش ڕێکخراوی نەوتی ئۆپێك[٣] .

هەرێمی کوردستان بە مافی خۆی دەزانێت ئەو کێڵگە نەوتیانەی کە ئێستادا لە هەرێمدا هەن ناکەونە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵەوە، بەڕێوەبردنی ئەو کێڵگانە لە ئەستۆی خودی هەرێمی کوردستان خۆیدایە. بۆ ئەمەش هەرێمی کوردستان زیاتر پشت بە ماددەی (١١٥) ی دەستوری عێراق دەبەستێت، کە دەڵێت "هەر شتێك کە لە سنوری دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵیدا ئاماژەی پێنەکرابێت، ئەوا دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی کە ناکەونە سنوری هیچ هەرێمێکەوە، لەکاتێکیشدا ناکۆکی دروستبوو لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان ئەوا پێشینە بۆ یاسای هەرێمەکانە[٤]" .

لە لایەکی ترەوە حکومەتی فیدراڵ بە پشت بەستن بە ماددەی (١٣٠) "یاسا کارییە بەرکارەکان بە کارپێکراو دەمێننەوە ئەگەر هەڵنەوشێندرێتەوە یاخود هەموار نەکرێتەوە، بە پێی دادکارییەکانی ئەم دەستورە[٥]". کار بە

---

(١) سەروەر حەمە ئەحمەد، کورد و کێشە ڕیشەییەکانی عێراق، (ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، تەموزی ٢٠٢٠) ل ٧.

(٢) موعتەسەم نەجمەدین، لە نێوان هەرێم و ناوەندا قەیرانی ئیدارەدانی نەوت، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (١١)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، (حوزەیرانی ٢٠١٢) ، ل٤٧.

(٣) قرار المحكمة الفيدرالية العليا ، رقم (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) و (١١٠/اتحادية/٢٠١٩)، مصدر سابقه، ص٢.

(٤) ماددەی١١٥، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

(٥) ماددەی١٣٠، دەستوری عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٥.

((یاسای ڕێکخستنی وەزارەتی نەوت ژمارە (١٠١)ی ساڵی ١٩٧٦)) دەکات، لە مادەی (٥) (بڕگەی یەکەم)دا ئاماژە بەوەکراوە کە" کەرتی نەوت و گاز لەلایەن وەزرەتی نەوتی عێراقەوە بەڕێوە دەبرێت [1] " .

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی وایە ((یاسای ژمارە (١٠١)ی ساڵی ١٩٧٦)) ی ڕێکخستنی وەزارەتی نەوت بەم هۆکارانەی خوارەوە دژی هەرێم جێبەجێ ناکرێت [2] :

١- یاسایەکی ئۆرگانییە بۆ کاروباری وەزارەتێك داندراوە لەسەر بنەمای سیستەمێکی ناوەندی کاربکات، ئەم یاسا سەپێندردراوە کە پێچەوانەی بنەماکانی فیدرالیزمە کە لەدەستووردا هاتووە، بۆیە ناتواندرێت ئەم یاسایە بەسەر حکومەتی هەرێمدا جێبەجێبکرێت.

٢- ئەم یاسایە پێچەوانەی مادەی (١١٠) ی دەستوری ساڵی (٢٠٠٥) چونکە لەم مادەیەدا بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت گاز وەك یەکێك لە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی دانەنراوە، هەروەها ئەم یاسایە زۆر پێش دەستور داندراوە.

٣ - هەرێمی کوردستان وەزارەتی(سامانە سروشتییەکانی) هەیە کە هاوشێوەی وەزارەتی نەوتی حکومەتی فیدراڵە کە بەپێی (یاسای ژمارە ٢١ی ساڵی ٢٠٠٧ ) دامەزراوە ، بەپشت بەستن بە ئەودەسەڵاتانەی کە مادەی (١٢١) ی دەستور بە هەرێمی کوردستانی داوە، لەگەڵ ئەو دانپێدانانەی لە مادەکانی (١١٧)(بڕگەی یەکەم) و (١٢١)(بڕگەی یەکەم) دا هاتووە.

٤ - بەپێی مادەی (١١٥)ی دەستوور لە ئەگەری دروستبونی جیاوازی یان ناکۆکی لەنێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمدا دەسەڵاتی هەرێم مافی هەموارکردنەوەی یاسای فیدراڵی هەیە لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی مادەی (١٢١)(دووەم) و ئەوەی کە حکومەتی فیدراڵی پشتی پێبەستووە لە بڕگەی (٥) ی سکاڵانامەکەدا پێچەوانەی یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم ژمارە (٢١) ی ساڵی (٢٠٠٧)و یاسای نەوت و گازی هەرێم ژمارە (٢٢) ی ساڵی (٢٠٠٧) هەرێمی کوردستانە، لەم دوو یاسایەدا هاتووە هیچ یاسایەك جێبەجێنەکردنێت ئەگەر پێچەوانەیان بێت، ئەمەش پشت بە مادەی (١١٥) دەستوری فیدراڵی بەستراوە.

حکومەتی فیدراڵی لە جێبەجێکردنی ((یاسای ژمارە (١٠١)ی ساڵی ١٩٧٦)) بەسەر هەرێمی کوردستان پشتی بە یاسای فیدراڵی ژمارە (١٩) ی ساڵی (٢٠١٣) بەستووە، ئەم یاسایەش هەمواری دووەمی یاسای ((ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠١٣)) بۆ ئەو پارێزگایانەی کە لە هەرێمێکدا ڕێکنەخراون، لەم یاسایەدا لە مادەی (دوو) بڕگەی (پێنجەم) هاتووە "حکومەتە خۆجێیەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆدا دەتوانن ئەو دەسەڵاتانە بەکاربیهێنن کە لە دەستوور و یاسا فیدراڵییەکانەوە بۆیان دیاریکراوە لە جگە لەو دەسەڵاتە تایبەتمەندانەی تایبەتە بە حکومەتی فیدراڵی کە لە مادەی (١١٠) هاتووە". هەروەها لە لەم یاسایەدا لە مادەی (دوو) بڕگەی (شەشەم)"ئەو دەسەڵاتە هاوبەشانەی کە لەمادەکانی (١١٢ ، ١١٣ و ١١٤) ی دەستووردا هاتووە بە هەماهەنگی لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی خۆجێیدا بەڕێوەدەبرێت و ئەولەویەت دەدرێت بە یاسای هەرێم و ئەو پارێزگایانەی لە

---

(١) المادة (٥/اولا)، قانون تنظيم وزارة النفط رقم (١٠١) لسنة ١٩٧٦، جريدة الوقائع لعراقية، العدد (٢٥٤٨)، ١٩٧٦/٩/١٣، ص٣.

(٢) قرار المحكمة الفيدرالية العليا ، رقم (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) و (١١٠/اتحادية/٢٠١٩)، مصدر سابقة، ص٢.

چوارچیوەی هەریمێکدا رێکنەخراون  لە ئەگەری دروستبوونی ناکۆکی لە نێوانیاندا بەپێی بڕگەکانی مادەی (١١٥)ی دەستور[١].

ئەم ماددەنەی لە دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) تایبەت بە خاوەنداری نەوت و گاز هاتووە بە شێوەی ڕوون و یەکلاکەرەوە  خاوەنداری نەوتی گازی دیاری نەکردووە، ئەم چەند ماددەیەش ئاماژەی بە نەوت و گاز داوە هیچ ڕوون نییە چەند لێکدانەو و خوێندنوەی جیاوازی بۆکراوە، لە دەستوردا هاتووە دادگای باڵای فیدراڵی دەسەڵاتی شیکاری مادەکانی دەستوری هەیە بۆیە دادگای باڵای فیدراڵی لەسەر سکاڵای حکومەتی فیدراڵی لە بەرواری (٢٠٢٢/٢/١٥) بڕیاری داوە لەسەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی خاوەنداری نەوت و گازی نییە بۆیە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢) ساڵی (٢٠٠٧) بە نا دەستوری داناوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکات لە سەربەخۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز.

---

(١) قرار المحكمة الفيدرالية العليا ، رقم  (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) و (١١٠/اتحادية/٢٠١٩)، مصدر سابقة، ص٢.

## باسی دووەم

## سیاسەتی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا

هەریەکە لە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان جۆرە سیاسەتێکیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز. لە بەراوردکردنی ئەم دوو سیاسەتی بەڕێوەبردنە کۆمەڵێك لێکچون و جیاوازیان هەیە. حکومەتی عێراق مێژووەیەکی دورو درێژی لە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازدا هەیە.بەڵام حکومەتی هەرێم مێژوویەکی نوێی هەیە، ئەزمونێکی دورو درێژی نیە لە خۆبەڕێوەبرردن و بەرێوەبردنی سەربەخۆیانەی کەرتی نەوت و گاز. حکومەتی هەرێم خاوەنی یاسایەکی تایبەتی بە نەوت و گازە، کە بە یاسای (ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠٠٧) ناسراوە تایبەت بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەتی فیدراڵ لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) و دروستبونی حکومەتی نوێی عێراق یاسای نەوت و گازی دەرنەکردووە بەڵکو بە پشت بە ستن بە مادەی (١٣٠) دەستور کار بە یاسای ڕێخستنی وەزارەتی نەوت ژمارە (١٠١) ساڵی (١٩٧٦) و یاسای پاراستنی سەرچاوەکانی هایدرۆکاربۆن ژمارە (٨٤)ی ساڵی (١٩٨٥)دەکات.

حکومەتی هەرێم دەسەڵاتێکی سنورداری هەیە بەهۆکاری ئەوەی هەرێمێکە لە چوارچیوەی حکومەتێکی فیدراڵی، بەڵام سەرباری ئەمەش حکومەتی هەرێم هەوڵی داوە بەپشتبەست بە چەند مادەیەکی دەستوری فیدراڵ لە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز بەجۆرێك لە جۆرەکان سەربەخۆ مامەڵەبکات و سیاسەتێکی تایبەتی هەبێت بۆ مامەڵەکردنی سەربەخۆیانە بە نەوت و گازی سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان.

حکومەتی عێراق (وەزارەتی نەوت)ی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز. حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەزارەتی سامانە سروشتییەکان)ی دامەزراندووە بۆ بەڕێوەبردنی کەرت نەوت و گاز.هەریەکە لەم دوو دامەزراوەیە سیاسەتی جیاوازی کارکردنیان هەیە[1].

ئەم باسە مەبەستێتی لە چوارچیوەی دوو داخوازیدا بەراوردی پێشینەی هەریەکە لە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم بکات لە بواری نەوت و گازدا، هەروەها بەراوردی گرێبەستەکانی هەردوولا بکات.

### داخوازی یەکەم: بەراوردی پێشینەی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە کەرتی نەوت و گازدا:

کەرتی نەوتی عێراق بە تێپەڕبوونی کات لە جوڵە و پەرەسەندنی بەردەوامدا بووە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری ئەم جوڵانە لە ژێر دەستی خەڵك و گەلی عێڕاق خۆیدا نەبووە، بەڵکو دەوڵەت و کۆمپانیا بیانییەکان یاریزانی سەرەکی گۆڕەپانەکە بوون. کەرتی نەوت لە عێڕاق گۆڕانکاری گەورە و گەشەسەندنی نوێی بە خۆیەوە بینی، بەتایبەت ساڵی(١٩٦١) حکومەت یاسای ژمارە (٨٠)*ی (قانون تعيين مناطق الاستسمار لشريكات النفط رقم (٨٠) لسنة

---

(١) صدام فيصل كوكز المحمدی، اشكالية ادارة ملف النط الخام بين الحكومة الاتحادية و اقليم حكومة كردستان العراق،(مركز الملك فيصل للبحوث و الدراسات الاسلامية، الرياض، ٢٠٢٠) ص١٤.

*یاسای ژمارە (٨٠): ئەم یاسایە ساڵی ١٩٦١ لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە دەرکرا، لە ١٢ خاڵ پێکهاتووە و، باس لەو ڕێوشوێنانە دەکات کە حکومەتی عێراق بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان دەیگرێتەبەر. وەرگیراوە لە: قانون تعيين مناطق الاستثمار لشركات النفط رقم (٨٠) لسنة ١٩٦١، جريدة الوقائع لعراقية، العدد (٦١٦)، تاريخ ١٩٦١/١٢/١٢، ص٤.

١٩٦١) دەرکرد[١]. مەبەستی سەرەکی لە دەرکردنی ئەم یاسایە دانانی سنورێك بوو بۆ کۆمپانیا بیانییەکان لە بەردەم هەوڵەکانیان بۆ گەڕان بەدوای نەوتدا، بە هۆی ئەم یاسایەوە هەندێك ماف بۆ عێراقییەکان گەڕایەوە، چونکە ئەم یاسایە ڕێخۆشکەر بوو بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی عێراق (INOC) (Iraq National Oil Company)دوای گۆڕانکارییە بەردەوامەکان حکومەتی عێراق دەستیکرد بە پرۆسەی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان، ئەویش بە پشتبەستن بە خودی خۆی، لە (٧ی نیسانی ١٩٧٢) دا دەستیکرد بە بەرهەمهێنانی نەوت، دواتر لە (١ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢) بڕیاری ژمارە (٦٩) ی دەرکرد کە بەهۆیەوە هەموو پرۆسە نەوتییەکانی کۆمپانیای نەوتی عێراقی خۆماڵیکرد وعێراق بەتەواوی بوو بە خاوەنی داڕشتنی سیاسەتی بەرهەمهێنانی نەوت[٢]. کەرتی نەوتی عێراق بەردەوام بوو لە گۆڕانکارییەکان هاوشان لەگەڵ گۆڕنکارییە سیاسی و ئابورییەکان .حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان هەریەکەیان بەشێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵ ئەم سامانە گرنگەی وڵاتدا کردووە، بۆیە گرنگی نەوت بۆ ئابوری عێراق لە سەردەمێکەوە بۆسەردەمێکی تر جیاواز بووە، نەوت لە سەرەتادا ڕۆڵێکی هێندە کاریگەری نەبووە لەئابوری عێراقدا، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ گرنگی نەوت و گازڕووی لە هەڵکشان بووە تا گەشتووە بەوەی ببێتە تاکە سەرچاوەی داهات بۆ عێراق.

لە (١٩٩٠/٨/٥ ) ئەنجوومەنی ئاسایش بەپێی بڕیاری ژمارە( ٦٦١ ) سزای ئابووری بەسەر عێراقەدا سەپاند، لە (نیسانی ١٩٩٥) ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان بڕیاری (٩٨٦) تێپەڕاند، ئەمەش بە پرۆگرامی (نەوت بەرامبەر بەخۆراك) ناسرا، بەپێی ئەوبڕیارە ئەنجوومەنی ئاسایش ڕێگا بە حکومەتی عێراقی دەدات بڕێك لە نەوت بفرۆشێت بۆ دابینکردنی خواردن و دەرمان وپێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، مەرجی سەرەکی ئەم بڕیارە ئەوەبوو کە ڕێگا نەدرێت حکومەتی عێراق لە داهاتی نەوت ژێرخانی سەربازی ببوژێنێتەوە، تێکرای ساڵانەی هەناردەی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو کەمیکردو دابەزی بۆ ٩٨٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەتێکرای فرۆشتنی هەر بەرمیلێك بە (١٩,٢$)، داهاتی ساڵانەش دابەزی بۆ (٧,٢٩) ملیار دۆلار [٣].

گۆڕانکارییەکان لەعێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوامبوون، ساڵی (٢٠٠٣) ویلاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزی سەربازی دژی حکومەتی عێراقی بەکارهێنا، سەرئەنجام توانی ڕژێمی بەعس بڕوخێنێت و ڕۆژگارێکی نوێ بۆمامەڵەکردن لەگەڵ سامانی نەوت بهێنێتەکایەوە، هەروەها گەمارۆ ئابوورییەکانی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان لابرد، سەرجەم دامەزراوە (ڕۆشنبیری، دیپلۆماسی، سەربازی،ئەمنی و ئابورییەکان)ی هەڵوەشاندەوە، شتێك نەما نیشانەی هەبوونی دەوڵەت لە عێراق بگەیەنێت، لێرەوە سەردەمێکی نوێی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتی هاتە کایەوە[٤].

---

(١) ئەردەڵان عبدلله، گەشتێکی کورت بەناو مێژووی خوێناوی نەوت لە جیهاندا، وەرگیراوە لە، https://knwe.org/?p=35891، ڕێکەوت ٢٠١٩/١٠/١٢.

(٢) بایز حسن عبدوڵڵا، سامانی نەوت و گازی عێراق پشکی کود لە بەڕێوەبردنیدا ،( چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٨)، ل٣٧.

(٣) ڕێپۆرتاژی دۆزینەوەی نەوت لە عێراق، وەرگیراوە لە سایتی ڕووداو، https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/documentari_nawt?fbclid ، ڕێکەوت ٢٠٢٢/٨/١٢.

(٤) نەوزاد عبدالله هێتۆتی، دۆزی کورد لە عێراقدا-میکانزمەکانی چارەسەرکردنی دوای ساڵی ٢٠٠٣، (چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩) ل ١٣٥.

سەرەڕای ئەو گێڕانەوە مێژووییانە کە باس لە مێژوویەکی کۆنی دۆزینەوەی نەوت دەکەن لەخاکی کوردستان و بەکارهێنانی لە سەردەمەکۆنەکان، بەلاَم گەلی کورد لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا نەیتوانیووە سودێکی بەرچاوی لێببنێت کە شایەنی گرنگی بێت، هەر لە سەرەتای دۆزینەوەی سامانی نەوت لە کوردستان ئەم سامانە بووەتە فاکتەرێکی زۆر گەورە بۆ گۆڕینی سەرجەم کایەکانی ژیانی (سیاسی، ئابووری ، کۆمەلاَیەتی و دیمۆگرافی) چونکە نەوت کالاَیەکی سیاسی و ئابووری ستراتیجی گرنگە، مێژووی مامەڵەکرنی گەلی کورد بە سامانی نەوتەوە نوێیە، چونکە پێشتر کورد کیانێکی نەبووە بۆ خۆبەڕێوەبردن و مامەڵەکردن بە نەوتەوە، بەلاَم لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) گەلی کورد حکومەتی عێراق لە هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی و دهۆك) کشایەوە، ئەم سێ پارێزگایە بووە کیانێکی نیمچە سەربەخۆ، لە دوای دامەزرادنیەوە حکومەتی هەرێم هەوڵیدا سود لە سامانی ژێر زەوی بەتایبەت نەوت وەربگیرێت، لەو ڕووەشەوە هەر ئەوکاتە هەوڵدرا لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق نەوت دەربهێنرێت کە سێ بیری نەوتی لە ساڵی (١٩٦٠) تێدا هەڵکەندرا بوو، بەلاَم نەوتی لێدەرنەهێندرا بوو، حکومەتی هەرێم بە کۆمەڵێك کەرەستەی سادەوە ساڵی (١٩٩٤) توانی بڕێکی کەم لە نەوت دەربهێنێت و بەشێك لە پێداویستی ناوخۆیی پێ پڕبکاتەوە(١).

گۆڕانکارییەکان هەرێمی کوردستان بەردەوام بوون تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە (٢٠٠٣)، ڕۆژگارێکی نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سامانی نەوت هاتەکایەوە، هەروەها گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق لابرا، لێرەشەوە قۆناغ بە قۆناغ کەرتی نەوتی هەرێم گەشەی سەندووە.

ئەگەر بەراوردی بڕی یەدەکی نەوت و گازی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ بکەین، هەریەکە بە بڕی جیاواز خاوەنی یەدەکی نەوتن، بە پێی ڕاپۆرتی (ڕێکخراوی ئۆپیك *) بڕی یەدەگی نەوتی جیهانی دەگاتە (یەك تریلۆن و نیو) بەرمیل، بەگوێرەی ئامارەکەی ئۆپیك عێراق لە پلەی پێنجەمی یەدەکی نەوتدایە لە جیهان، لەدوای (ڤەنزویلا، سعودیە، کەندا و ئێران) دێت، لە عێراقدا نزیکی (١٥٠) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ بوونی هەیە (٢). بە پێی ڕاگەیادنی وەزارەتی سامانەسروشتییەکانی حکومەتی هەرێم بێت هەرێمی کوردستان خاوەنی پتر (٤٥) ملیار بەرمیل نەوت و بڕی (٥) تریلیۆن مەتر سێجا لەیەدەکی گازی سروشتییە(٣). واتا نزیکی بەرێژەی (٣٠٪) گازی هەموو عێراقە، ئەگەر بەراوردی ڕێژەی نەوتی یەدەگی هەرێمی کوردستان بکەین لەگەڵ ولاَتانی سەربەخۆی خاوەن نەوت ئەوە دەبینین هەرێمی کوردستان لە پلەی دەیەمدایە، واتا لە دوای

---

(١) چاوپێکەوتنی سایتی ئاڕاستە لەگەڵ نەوزادی موهەندیس، شارەزا لە بواری نەوت و پترۆکیماویدا، وەرگیراوە لە سایتی ئاڕاستە، https://araste.co/Mobile/news.aspx?id=1307&MapID=2, ڕێکەوت ٢٠٢١/٢/١.

* ڕێکخراوی ئۆپێك(opec) : ڕێکخراوی ولاَتانی هاریکاری نەوتە لە ساڵی (١٩٦٠) لە بەغداد دامەزراوە لەلایەن (عێراق، ئێران، کوێت، سعودیە و فەنزوێلا) دواتر چەند ولاَتێکی تریش بوونە ئەندام لەم ڕێکخراوە ، بارەگای سەرەکی ئەم ڕێکخراوە لە ڤییەنای پایتەختی نەمسایە . ئەم ڕێکخراوە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانج دروستکراوە کە تایبەتە بە ڕێکخستنی نەوت و هەناردەکردنی و فرۆشتنی . وەرگیراوە لە سایتی فەرمی ڕێکخراوی ئۆپیك، https://www.opec.org/opec_web/en/about_us/24.htm، ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٢٦.

(٢) متاح على الموقع الرسمی لمنظمة الدول المصدرة للنفط( أوبيك) (opec):
https://www.opec.org/opec_web/en/data_graphs/330.htm، التاريخ ٢٠٢٢/٧/٦.

(٣) وەرگیراوە لە سایتی فەرمی وەزرارەتی سامان سروشتییەکان ،
https://gov.krd/mnr/publications/%D9%86%DB%95%D9%88%D8%AA/، ڕێکەوت ٢٠٢١/٧/١١.

ولاّتی (لیبیا) دێت ئەمە لەکاتێکدایە کە ولاّتێکی گەورەی وەکو ڕووسیا لە پلەی هەشتەمدایەو ئەمریکا لەپلەی چواردەیەمدایە[١]. ئەگەر هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوایە ئەوە هەرێمی کوردستان دەبیووە دەیەم دەوڵەت لە جیهاندا بۆ خاوەن یەدەکی نەوت، هەروەها بە پێی ئەو پۆڵێنەی کە (د.قەیوان سوارە سیوەیلی) کردوییەتی بۆ ڕێژەی نەوت لە جیهاندا (٦٢,٢٪) نەوتی جیهان دەکەوێتە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستەوە لەو ڕێژەیەش (١٠,٣٪) دەکەێتە ولاّتی عێراقەوە[٢]. بەم پێیە بێت (٣,١٪) نەوتی یەدەکی هەموورژهەلاّتی ناوەڕاست دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە.

## داخوازی دووەم: بەراوردی گرێبەستەکانی نەوت و گازی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ:

زۆرینەی دەوڵەتانی خاوەن نەوت بۆ وەبەرهێنان لە سامانی نەوت و گازدا پێویستیان بە کۆمپانیا بیانییە تایبەتمەندەکانی بواری نەوت و گاز هەیە، بۆڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی خاوەن نەوت و کۆمپانیییەکان پێویستیان بە گرێبەست هەیە کە لەم گرێبەستدا ماف و ئەرکی هەردوولایان ئاماژەی پێدراوە، بە پێی پەیمانگای چاودێری ئیرادات (Revenue Watch Institute) گرێبەستی نەوتی، دەبێت کلیلی چارەسەری دوو پرسی سەرەکی بێت:

یەکەم/چۆن قازانجەکان دابەش ئەبن، کە ئەمەیان زیاتر پێی ئەوترێ (کرێ- ایجارات) لە نێوان حکومەت و کۆمپانیا بەشداربووەکاندا.

دووەم/چۆن (تێچوو- لاتکلفة) چارەسەر ئەکرێت [٣].

لە جیهاندا گرێبەستە نەوتییەکان بۆ چەند جۆر پۆلێن کراون (گرێبەستی بەشداری وەبەرهێنان، گرێبەستی خزمەتگوزاری،( گرێبەستی ئیمتیاز*))[٤]. ئەوگرێبەستانەش بە گوێرەی گەشەکردنی پیشەسازی نەوت گەشەیان کردووە، مەرج نیە دەوڵەتێك یەك جۆر گرێبەستی نەوت پەیڕەوبکات، بەڵکو دەکرێت دووجۆر یان زیاتر

---

(١) وەرگیراوە لە سایتی ڕووداو، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٨/١٢) لە لینکی :
https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/documentari_nawt?fbclid ، ڕێکەوت ٢٠٢٢/٨/١٢.

(٢) قەیوان سوارە سیوەیلی، سیاسەتی پەرەپێدانی نەوتی خاو گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان (نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاّوکردنەوە و ڕاگەیاندن ، هەولێر، ٢٠١١)، ل ٤٧.

(٣) بەهرۆز جەعفەر، گۆڕانکارییە هەرێمایەتییەکان وجیۆپۆڵەتیکی نوێی ووزەی هەرێمی کوردستان ، وەرگیراوە لە سایتی پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=99 ، ڕێکەوت ٢٩-٧-٢٠٢١.

(*) گرێبەستی ئیمتیاز، ئەم گرێبەستە سەرەتای سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ ولاّتی ئەمریکا کە هاوکات بوو لەگەڵ دۆزینەوەی نەوت و بازرگانی پێوەکردنی، خاوەن کێڵگە نەوتییەکان نەزانیاری و نە سەرمایەیی پێویستییان هەبوو بۆ وەبەر هێنان بۆیە لەگەڵ بۆ سود وەرگرتن لە کێڵگە نەوتییەکانیان لەگەڵ سەرمایەداران و پسپۆران ڕێکەوتن بەشێوەیەك سود و قازانج بکەن بە دوو بەشی یەکسانەوە. متاح عن: نزیر بن محمد الطلیب أوهاب، عقد الامتیاز- دراسة تاصیلیة النفطیة- (دراسة مقارنة)، https://elibrary.mediu.edu.my/books/MAL06747.pdf، تاریخ ٢٠٢٢/١١/١٠.

(٤) سەردار عزیز، حکومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، (چاپخانەی الدار العربیة للعلوم، بیروت، ٢٠١٣) ل١٢٥.

بەکاربهێنێت، جۆری گرێبەستەکەو مەرجەکانی بنیاد لەسەر جۆری ئەوکێڵگە نەوتیەی گرێبەستەکەی بۆدەکرێ، وەکو بڕی یەدەکی نەوت لەو کێڵگەیە و جۆری نەوتەکە[١].

حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك زۆرینەی دەوڵەتانی خاوەن نەوت لەڕووی تەکنیکەوە پێویستییان بە کۆمپانیا گەورەکانی ئەم بوارە هەیە بۆ پشکنین و دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت و گازی ژێرزەوی، ئەوەی لێرەدا گرنگە زیاتر باسی لێوەبکەین تەنها ئەو دوو جۆرە گرێبەستەیە کە حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ دوای ساڵی (٢٠٠٣) ئەنجامیان داوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری وزە [٢].

یەکەم: گرێبەستی بەشداری وەبەرهێنان (عقود المشاركة في الانتاج)(Producting Sharing agreement )، یەکەمجار (بولیفیا) ساڵی (١٩٥٠) ئەم ڕێگەیەی تاقیکردەوە، لەم شێوازەی گرێبەستدا حکومەت زەوی و موڵکیەت نادات بە کۆمپانیاکە بەڵکو کۆمپانیا مافی دەرهێنان و فرشتنی هەیە، بڕێکی دیاریکراو لە قازانج دەدات بە حکومەت (خاوەن ماڵ) [3]. ئەم جۆرە گرێبەستە، یەکێك لە باشییەکانی ئەوەیە حکومەت ڕیسك و سەرکێشی بەسەرمایەو ئامرازەکانی خۆیەوە ناکات، بەڵکو ئەکەوێتە سەر کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان، کۆمپانیاکان دەرهێنانی نەوت و بەگەڕخستنی تەکنیك بە سەرمایەی خۆیان دەگرنە ئەستۆ، پاشان قازانجی ساڵانەی خۆیان هەڵئەگرن، ئەوجا چی مایەوە بە پێی ئەو ڕێژەیەی ڕێککەوتون لەگەڵ حکومەتدا دابەشی ئەکەن، ئێستا لێرەدا، زیاتر ڕوون بۆیەوە، کە گرێبەست دەبێت ڕەچاوی (دابەشکردنی قازانج و چارەسەرکردنی تێچووی پرۆژەکە) ی تێدا بکرێت[٤] .

هەلومەرج و تایبەتمەندییەکانی گرێبەستی بەشداری بەرهەم ئەکرێت لەم خالآنەی خوارەوەدا پۆلێن بکەین:

١- کۆمپانیا بیانیەکە هەموو بەرپرسیارێتیەك ئەگرێتە ئەستۆی خۆی لەماوەی گەڕان و پشکنین دا، واتە کۆمپانیا هیچ بەدەست ناهێنێت یان وەرناگرێتەوە ئەگەر بڕێکی نەوتی وەهای بۆ بازرگانی کردن نەدۆزیەوە.

٢- هەردوولا ڕێکدەکەون بەوەی کە لایەنی یەکەم کە حکومەتە ماوەیەکی دیاریکراو کە ئەگاتە دوو ساڵ یان هەر ماوەیەکی تر کەلەسەر ڕێککەوتون بداتە لایەنی دووەم کە کۆمپانیاکەیە بۆ گەڕان و دۆزینەوە.

٣- ئەوە لە ئارادایە کە لەوانەیە مەرجێك هەبێت بۆ ئەوەی کۆمپانیا بەناچاری دەستی پێ هەڵبگیرێت لە ڕێژەیەکی دیاریکراو لەو ڕووبەرەی پێی بەخشراوە بۆ بەرهەمهێنان لە ماوەیەکی دیاریکراو بە پێی خشتەیەکی کاتی دیاریکراو.

٤- هەر ئەوەندە کە کۆمپانیا بیانیەکە توانی بڕێکی وا بۆ بازرگانی (كمية تجاري) لە نەوت بدۆزێتەوە، ئیتر گرێبەستەکە دەست پێ ئەکاو کە ماوەی بەرهەمهێنان و بازاڕکردنەکەی لە نێوان (٢٠ بۆ ٣٠) ساڵ دایە، دەوڵەت یان هەرێمی خانەخوێ وەك هاوبەشێك لەگەڵ کۆمپانیاکە دەستوەرئەدات لە مێژووی دۆزینەوەی نەوتەکەوە لە کێڵگەکەدا.

---

(١) بایزید حسن عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

(٢) سەنگەر ڕسوڵ،فەرمان ڕەشاد،ئاری عەبدوڵلا ، شەفافییەتی نەوتی کوردستان لە چاوی دیلۆیتەوە،(چاپخانەی کامبرج، هەولێر،٢٠١٩) ل١٦.

(3) Irina Paliashvili, The Concept of Production Sharing, http://www.rulg.com/documents/The_Concept_of_Production_Sharing.htm, date20/12/2022.

(٤) دانیاڵ جۆنستین: سیستمی نێودەوڵتی دارایی پیترۆڵ وگرێبەستی بەشداری بەرهەم، و: محمد مستەفا قەرەداغی،( چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠١٢) ل٧٣.

٥- ئینجا کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکە باجی هاتنە ناوەوە لە قازانجی ساف (Net profit) ئەدا وەهەروەها باجی موڵکایەتی (Royalty) لە دەستکەوتی گشتی ئەدات.

٦- کاتێك کۆمپانیا ئەو هەندە لە نەوت ئەدۆزێتەوە بۆ بازرگانی کردن، ئەوا بڕێك ئەبەخشێت بە دەوڵەتی خانەخوێ کە بۆی ناگەڕێتەوە (ئەمە باج نییە تەنها وەك دیاری گرێبەستەکە یان شیرینی نەوتەکەیە) [١].

دووەم: گرێبەستی خزمەتگوزاریی ( العقود الخدمە)(Service agreement)، گرێبەستەکانی حکومەتی پێشوی عێراق لەم جۆرە بوون، عێراقی دوای (٢٠٠٣) هەر ئەم جۆرە گرێبەستەی بەکارهێنا، بەڵام هەرێمی کوردستان شێوازێکی جیای لە گرێبەست گرتە بەر، دەوڵەت لێرەدا بەتەواوی سەروەری خۆی ئەپارێزێت ئەم جۆرە گرێبەستە دەوڵەت لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی، کارەکان خۆی ئەیگرێتە ئەستۆ، تەنها لەسەر هەندێ باری لۆجیکی و خزمەتگوزاری جۆراوجۆر لەگەڵ کۆمپانیایەکی دەرەکیدا ڕێکدەکەویت، حکومەت لە بەرامبەر گەڕان و دەرهێنانی نەوت بڕە پارەیەکی دیاریکراو دەدات بە کۆمپانیا، بۆیە ئەم گرێبەستە جۆرێك لە مەترسیشی تێدایە بۆ حکومەت بۆ بە ( Risk and Service agreement) ناودەبرێت، لە ئەگەری دابەزینی نرخی نەوت کۆمپانیا بڕی تێچوی دیاریکراو وەردەگرێت[٢].

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەرتی نەوت و گازدا کار بە یاسای ژمارە(٢٢) ی ساڵی (٢٠٠٧) (یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی-عێراق) دەکات، ئەم یاسایە پشت بەست بە دەستوری فیدراڵی هێڵە گشتیەکانی کاروباری کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی ڕێکخستووە، گرێبەستەکانی بواری نەوت و گاز یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی کەرتی نەوت و گازی هەرێم کە ئەم یاسایە ڕێکیخستووە، بە چەند ماددە و بڕگەیەك ڕوونی کردۆتەوە کە حکومەت چ جۆرە گرێبەستێك ئەنجامبدات لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز.

لە ماددەی (١) لە بڕگەی (٢٩) یاسایی نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا هاتووە " گرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنان فۆرمێکی گرێبەستی نەوتیە کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە دەکرێ هەر ماوەجارێك بخرێتەڕوو وە گۆرانکاری تێدابکرێ، ئەم گرێبەستە جگە لەمەسەلەکانی تر مەترسی ئابووری و تەکنیکی لەخۆدەگرێ کەدەبێت بەڵێندەر لە ئەستۆی بگرێ لەبەرامبەر وەرگرتنی پشکێك لەبەرهەمەکان، کەئەویش دەبێت بەبنەمایەك بۆ ووتوێژەکانی تایبەت بە گرێبەستە نەوتیەکانی نێوان وەزارەت و ئەو کەسانەی ئارەزووی جێبەجێکردنی پرۆسێسە نەوتیەکان دەردەبرن [٣]" .

لەماددەی (٢٤) لە بڕگەی (٢) هاتووە:" گرێبەستی نەوت پشت دەبەستێت بەگرێبەستەکانی هاوبەشی بەرهەمهێنان، وەیان هەر جۆرە گرێبەستێکی تر کە وەزیر لەو باوەڕەدابێت داهاتی زۆرتر بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دابیندەکات ئەویش بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بەپێی ئەوەی کەلەبەشی ژمارە دەی ئەم یاسایەدا هاتووە[٤]". کەواتە حکومەتی هەرێم گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی وەك جۆرێکی گرێبەست دیاری کردووە بۆ مامەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەی کە ئارازوومەندە هاوبەشی بکات لە پرۆسە نەوتییەکانی هەرێم، بەڵام ئەم یاسایە وەزیری سامانە سروشتییەکانی سەرپشك کردووە لە گۆڕنکاریکردن لە گرێبەستەکان، بەپێی سودی

---

(١) بەهرۆز جەعفەر، گرێبەستە نەوتیەکان و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان لە هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە سایتی پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=141، ڕێکەوت ٢٩-٧-٢٠٢١.

(٢) بایز حسن عبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

(٣) ماددەی (١) بڕگەی (٢٩)، یاسای ژمارە(٢٢) ساڵی (٢٠٠٧)، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی-عێراق.

(٤) ماددەی (٢٤) بڕگەی (٢)، یاسای ژمارە(٢٢) ساڵی (٢٠٠٧)، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی-عێراق.

هەرێم هەروەها لە ماددەی (٢٤ ) ئەم یاسایە وەزیری سەرپشك كردووە لە بەستنی هەر جۆرە گرێبەستێك كە قازانجی زیاتری گەلی هەرێمی كوردستانی تێدابێت، بەڵام بۆ ماوەیەكی دیاری كراوبێت وەك ئەوەی لە بەشی(١٠) یاسای نەوت و گاز هاتووە.

هەروەها لە ماددەی (٣٧) تەواوی وردەكاری گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان ئاماژەی پێكراوە، بەتایبەتی لە برگەی (١) لەمیانی (١١) خاڵدا زۆر بەوردی مەرجەكانی ئەم جۆرە گرێبەستە خراوەتە ڕوو، ئاماژە بەوە كراوە كە گرێبەستەكانی بەرهەمهێنانی هاوبەش پەیڕەوی لە پێوەرێكی گۆڕاو دەكەن لەنێوان دانی ڕێژەكانی مۆڵكانە (Royalties) و قازانجەكاندا، بەخشینی مۆڵكانەیەكی ستاندارد بە ڕێژەی (١٠٪) ی تێكڕای نەوتی بەرهەمهاتوو داندراوە[١]. بەڵێندەرانیش مافی بەدەستهێنانی لانی زۆر (٤٠٪) ی نەوتی بەرهەمهاتوویان هەیە بۆ قەرەبووكردنەوەی تێچوونەكانیان[٢]. گرێبەستەكان ڕێگەدەدەن بە مۆڵەتی بەدواداگەڕانی سەرەتایی (٥) ساڵی لەگەڵ ئەگەری درێژكردنەوەی گرێبەستەكاندا بۆ ماوەی (٧) ساڵ كاتێك دۆزینەوە بەدەستبێت، مۆڵەتێكی (٢٠) ساڵی بۆ پەرەپێدانی بەردەوام دەبەخشرێت لەگەڵ ئەگەری درێژكردنەوەی زیاتردا لە ڕێگەی دانوستانەوە، وەزراتی سامانە سروشتییەكان لەسەر پێگەی فەرمی وەزارەت هێڵكارییەكی داناوە بڕوانە هێڵكاری ژمارە (١) كە ئەم هێڵكارییە چۆنیەتی كاركردنی گرێبەستەكانی (بەرهەمهێنانی هاوبەش) پیشاندەدات لە هەرێمی كوردستان[٣]:




**هێڵكاری چۆنیەتی كاركردنی گرێبەستەكانی بەرهەمهێنانی هاوبەش پیشاندەدات لە هەرێمی كوردستان**

---

(١) ماددەی (٣٧) برگەی (١) خاڵی (٥)، یاسای ژمارە(٢٢) ساڵی (٢٠٠٧)، یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستانی-عێراق.

(٢) ماددەی (٣٧) برگەی (١) خاڵی (٦)، یاسای ژمارە(٢٢) ساڵی (٢٠٠٧)، یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستانی-عێراق.

(٣) وەرگیراوە لە: سایتی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەكان،
https://gov.krd/mnr/publications/%DA%AF%D8%B1%DB%8E%D8%A8%DB%95%D8%B3%D8%AA%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86/ ، ڕێكەوت ٢٠٢١/٨/٢٥.

پشکەکانی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان لە نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیاکان بەم شێوەیە دابەشدەکرێت[١]:

١. موڵکانە

لە قۆناغی یەکەمدا بڕی گشتی ئەو نەوتەی کە بەرهەم دێت ڕاستەوخۆ (١٠٪) بەرهەمی گشتی بەبێ ئەوەی هیچ تێچوویەکی لێدەربکرێت ئەڕوات بۆ موڵکانەی حکومەت (Government Royalty) ، واتا قۆناغی یەکەم حکومەتی هەرێم لە (١٠٪) کۆی گشتی نەوتی بەرهەم هاتوو بۆ خۆی دەبات بەرامبەر بە موڵکانە.

٢. خەرجیی کۆمپانیا نەوتییەکان

لە قۆناغی دووەمدا کۆمپانیا لە پارەی بەرهەمی نەوتەکە ئەو تێچوانە وەردەگرێتەوە کە لە بەرهەمهێنانی نەوتەکەدا سەرفیکردووە، ئەمە پێی ئەڵێن(Cost Recovery Oil)، ئەمەش لە گرێبەستێکەوە بۆ گرێبەستێکی تر جیاوازە، لە گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەم ڕێژەیە جیاوازە لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی تر، لەنێوان (٤٠٪ - ٤٥٪) دیاری کراوە .

٣. نەوتی قازانج

تێکرای قازانجی نەوت (Gross profit) یان قازانجی نەوتی صافی (صافي النفط المتاحة) (Net available oil) دێتە پێشەوە، واتا ئەو نەوتەی لەدوای لێدەرکردنی موڵکانە و خەرجیی کۆمپانیاکان دەمێنێتەوە، ئەم قازانجە لەنێوان کۆمپانیای نەوت و وڵاتی خانەخوێدا دابەش دەکرێت بە پێی ئەو بڕەی کە لە گرێبەستەکەدا لەسەری ڕێکەوتوون، لە گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێمدا قازانجی نەوت دابەش دەکرێت بە پێی فاکتەری ئاڕ ( R” Factor) کە بریتییە لە (داهاتی کەڵەکەبوو)، دابەشی (تێچووی کەڵەکەبوو)، لە باری نموونەییدا کاتێك فاکتەری (R”) دەگاتە (٢)، قازانج بە (١٥/٨٥٪) لە بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێم دابەش دەکرێت.

وە کاتێك (R”) لە (١) کەمتر یان یەکسانە بە (١)، قازانج بە لە (٣٠/٧٠٪) لە بەرژەوەندیی حکومەت دابەش دەکرێت. ئەم هاوکێشەیە لە زۆربەی گرێبەستەکاندا بەکار دەهێنرێت :

$$R = X/Y$$

X = داهاتی کەڵەکەبوو

Y = تێچووی کەڵەکەبوو

R < or = 1 30%

١ < R< or = 2 30 – (30 – 15) * (R – 1) / (2 – 1)

R > 2 15%

لە باری نموونەییدا بۆ حکومەت ڕێژەی ٨٥٪ی قازانجی بەر دەکەوێت و کۆمپانیاکانی نەوت ڕێژەی ١٥٪ی قازانج. بەڵام پشکی حکومەت لێرەدا تەواو نابێت، بەڵکوو حکومەت لە ڕێی کۆمپانیای (کیپکۆوە)بەشدارە لە قازانجی کۆمپانیا نەوتییەکان، بۆیە لە پشکی کۆمپانیا نەوتییەکان جارێکی تر حکومەت بە ناوی کۆمپانیای کێپکۆوە پشکی ٢٠٪ی هەیە[٢].

---

(١) وەرگیراوە لە سایتی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، https://gov.krd/mnr/publications/%DA%AF%D8%B1%DB%8E%D8%A8%DB%95%D8%B3%D8%AA%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86/ ، ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٢٥.

(٢) یادگار سدیق گەڵاڵی، سێکتەری نەوت لەنێوان هەرێم و بەغدادا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (١٥)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەی، سلێمانی، (کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢) ل ١٩.

چەند هۆكارێك وایانكردووە كە دەسەلأتدارانی هەرێم ئەم جۆرە گرێبەستە پەیڕەو بكەن بۆ برەودان بە كەرتی نەوت و گازی هەرێم[(١)] :

یەكەم: كاركردن لە بواری نەوت یەكەمجار لە دۆزینەوەی نەوت و دیاریكردنی چاڵە نەوتییەكان دەست پێدەكات، لە هەرێمی كوردستان چاڵە نەوتییەكان پێشتر نەدۆزراوەتەوە، ئەوەش حكوومەتی هەرێم ناچار دەكات هەندێك كارئاسانی بۆ كۆمپانیاكان بكات، وەك جۆری گرێبەستەكە، بێگومان جۆری گرێبەستی (بەشداریكردنی بەرهەمهێنان) زیاتر سوود و قازانجی بۆ كۆمپانیاكان دەبێت، بەراورد بەو قازانجەی كۆمپانیا لە گرێبەستی خزمەتگوزاری دەستی دەكەوێت.

دووەم: هۆكارێكی تری پەیڕەوكردنی گرێبەستی (بەشداریكردنی بەرهەمهێنان) ئەوە بووە كە ئەم جۆرە گرێبەستە وایكردووە كۆمپانیاكان هۆكاری سیاسی فەرامۆش بكەن بەهۆی ئەو قازانجە زۆرەی دەستیان دەكەوێت، حكومەتی هەرێم لە هەوڵی ئەوەدا بووە پێگەی بەهێزی هەبێت لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، بە دڵنیاییەوە گرتنەبەری ڕێگەی ئەنجامدانی گرێبەستەكانی نەوت لەگەڵ كۆمپانیا بیانییەكان، یەكێكە لە ڕێگە گرنگەكان، بۆیە دوای واژۆكردنی ژمارەیەك گرێبەستەكان لەگەڵ كۆمپانیا گەورەكانی جیهان هەرێمی كوردستان پێگەیەكی تایبەتی پەیداكرد لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی.

هەموو ئەو گرێبەستانەی كە حكومەتی فیدراڵی لەگەڵ كۆمپانیا جیاوازەكان ئەنجامیداون، لە جۆری گرێبەستی خزمەتگوزارییین (service agreement) كە بەپێی ناوەرۆكی گرێبەستەكان زیاتر ئەركەكانی كۆمپانیا بیانییەكان لە پێشخستن و چاكتركردن و پەرەپێدانی چاڵە نەوتییەكاندا چڕ دەبێتەوە[(٢)]. لەم جۆرە گرێبەستە بەڵێندەر سەرمایەی پێویست بۆ گەڕان و دۆزینەوەی نەوت دابیندەكات، لە بەرامبەردا ئەگەر هەوڵەكانی دۆزینەوە سەركەوتوبوو، حكومەت ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی خەرجی و تێچوونی دۆزینەوەكە بۆ كۆمپانیا بگێڕێتەوە، بەڵام لە ئەگەری شكستهێنان، حكومەت پابەند نیە بە گێڕاندنەوەی خەرجییەكانی كۆمپانیا یاخود قەرەبووكردنەوەی زیانەكانی[(٣)]. ئەمەش خاڵێكی گرنگە كە دڵنیایی زیاتری تێدایە بۆ حكومەت بەرامبەر بەمەش مەترسی تێدایە بۆ كۆمپانیا بیانییەكان، بە شێك لە شارەزایانی بواری گرێبەستی نەوت و گاز پێیان وایە ئەم جۆرە گرێبەستە لە دوو ڕووە بۆ عێراق ئاسانتر و گونجاوترە:

یەكەم: لەبەرئەوەی مێژووی دەرهێنان و مامەڵەكردنی نەوتی حكومەتی فیدراڵ زۆر كۆنترە لە هەرێم .

دووەم: كێڵگە نەوتییەكانی عێراق هەم مەترسی ( مجازفە) زۆر كەمترە و هەمیش دەوڵەت خاوەنی ژێرخانی دەزگاكانی نەوتییە.

هەروەها پێیان وایە (گرێبەستی خزمەتگوزاری) حكومەتی فیدراڵ باشترە لە گرێبەستی (هاوبەشی بەرهەم هێنان)ی حكومەتی هەرێم، چونكە لە گرێبەستەكانی حكومەتی فیدراڵدا پشكی كۆمپانیا جێگیرە، وەك ئەوەیە كرێكاری بۆحكومەتی بكەن، بەڵام لە گرێبەستەكانی هەرێمدا كۆمپانیا بڕێكی زۆر قازانج دەبەن، هەروەها قازانجی كۆمپانیا زیاد دەكات بە زیادكردنی نرخی نەوت لە بازاڕەكانی جیهاندا [(٤)]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە

(١) ڕێبوار محمد أمین، ماف و ئەرك لەگرێبەستی نەوت و غازدا،(چاپەمەنی چوارچرا، سلێمانی،٢٠٢٢) ل٣٩.

(٢) فؤاد قاسم لامیر، ثلاثیة النفط العراقي، (دار الغد النشر، بغداد، ٢٠٠٧) ص ١٢٦.

(٣) دانیاڵ جۆنستین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

(٤) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ( ڕێبوار محمد) ، ماستەر لە گرێبەستی نەوت و گازدا، سلێمانی،١٥/٧/٢٠٢١.

گرێبەستە ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە لە بەرەو پێشچوونی کەرتی نەوتی لە هەرێمی کوردستان چونکە وا لە کۆمپانیاکان دەکات بە ئاسانی دەستبەردای گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم نەبن بەهۆی ئەو قازانجە زۆرەی دەستیان دەکەوێت، هەرچەندە لە ئێستادا بە شێك لە کۆمپانیاکان لەژێر پەستانە یاسای و سیاسیەکانی حکومەتی فیدراڵ لە هەرێمی کوردستان کشاونەتەوە.

خاڵە هاوبەشەکانی گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش و گرێبەستی خزمەتگوزاری [1] :

١. گرێبەستی درێژخایەنن، (٢٠-٢٥)ساڵ.

٢. حکومەت خاوەنداریێتیی نەوت و گازی لەبەردەستە.

٣. پاداشتی واژووکردنی گرێبەست لە هەردوو گرێبەستەکەدا هەیە.

٤. کۆمپانیا خەرجییەکانی وەردەگرێتەوە ساڵانە بە ڕێژەیەك کە لە گرێبەستدا دیاری کراوە، خەرجیی کۆمپانیاکان لە سەرەتای دەستبەکاربوونیانەوە تا کۆتایی ژیانی کێڵگەکە، حکومەت بەڕێوەبردنی کێڵگەکان دەکات بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیادا لە ڕێی لیژنەیەیەکی هاوبەشەوە لەنێوان کۆمپانیای نەوت و حکومەتدا و بڕیاری کۆتایی لای حکومەتە، بەلاَم ئەگەر نوێنەری حکومەت لە ئەم لیژنەیەدا بەتوانا و کارا نەبن، ئەوا دەبێت بە سەرچاوەی بەهەدەردان و گەندەڵی. ڕاستە پلانی پەرەپێدانی کێڵگەکە لەلایەن وەزارەتەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت و قبووڵ دەکرێت، بەلاَم لە پراکتیزەکردندا ئەم پلان و بەرنامانە چەندین جار گۆڕانکاریی تێدا دەکرێت و پێویستی بە دەستەیەکی بەتوانا و کارا هەیە لە بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکاندا، ئەگەرنا دەرئەنجام خەرجی و تێچوو زیاد دەکات.

٥. کۆمپانیای نیشتمانی بە ڕێژەیەك بەشدار دەبێت لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتیدا.

٦. وەرگرتنی باج لەو برە قازانجەی کۆمپانیا یان بەڵێندەر دەیکات.

لە لایەکی تریشەوە بە شێکی تر لە شارەزایانی بواری نەوت و گاز، پێیان وایە گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنان کە هەرێم پەیڕەوی دەکات، ئەگەر باشییەکی هەبێ، ئەوەیە: حکومەت مەترسی و سەرکێشی بەسەرمایەو ئامرازەکانی خۆیەوە ناکات، بەڵکو ئەکەوێتە سەر کۆمپانیا نێودەوڵەتیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا بڕێك قازانج وەرئەگرێت (ئەگەر هەبوو). بەپێچەوانەشەوە گرێبەستی بەشداری وەبەرهێنان، یەکێکە لەو شێوازەی گرێبەستانەی کە ناوبانگێکی خراپی هەیە، چونکە حکومەت ئەبێت بەرپرسیارێتی( تەکنیکی، ژینگەیی، دارایی، بازرگانی و شارەزایی یاسایی) لە ئەستۆ بگرێت بەرانبەر ئەو پرۆسیسانەی کۆمپانیای فرە ڕەگەز ئەنجامی ئەدات[2]. کە ئەمەش پێچەوانەی گرێبەستی خزمەتگوزارییە کە حکومەتی فیدراڵ پەیڕەوی دەکات.

ئێمە پێمان وایە حکومەتی هەرێم بە ئامانجی هێنانی زۆرترین کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز بۆ هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە جۆرە گرێبەستێك پەیڕەوبکات کە کۆمپانیاکان قازانجێکی گەورە بکەن بەرامبەر بەمە زۆرترین سەرمایە بخەنە کەرتی نەوت و گازی هەرێمەوە بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن بەرامبەر بەو کارەیان توشی هەر جۆرە سزایەکی حکومەتی فیدراڵی ببن، بۆیە ئەمەش بەشێکی گرنگە لە سەرکەوتن و بە هێزبونی پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان لە ئاستە جیاوازەکان.

---

(١) یادگار سدیق گەڵاڵی، سێکتەری نەوت لەنێوان هەرێم و بەغدادا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەرلەگەڵ (بەهرۆز جەعفەر) ، شارەزا لە نەوت و گازدا، چەمەچماڵ،٢٠٢١/٨/٢٥.

## باسی سێیەم

## کێشەکانی دۆسیەی نەوت و گاز لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا

فیدراڵیزم دوو پرەنسیپی لەگەڵ یەکتری ناکۆك دەگرێتەخۆ کە بریتین لە پرنسیپی (یەکگرتن) و ( سەربەخۆیی هەرێمی)، واتا یەکە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی تایبەتمەندی یەکگرتنیان هەیە لەگەڵ یەکتری، لە هەمان کاتیشدا سەربەخۆیان هەیە بەرامبەر بەو یەکگرتنەی لەسەری رێککەوتوون، لە راستیدا پێکەوە گرێدانی ئەم دوو پرەنسیپە کرۆکی راستەقینەی دەوڵەتی فیدراڵ پێکدەهێنێت(١). دیارە کۆکردنەوەی ئەم دوو پرنسیبە بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە، چەند هەرێم و ناوچەیەك سەرباری جیاوازییان توانیویانە لە سایەیی دەوڵەتێك، هاوبەش و یەکگرتوو بن کە ئەم هاوبەشی و یەکگرتنەش هۆکارێك بووە بۆ دورکەوتنەوە لە رودانی جەنگ و ناکۆکی، چونکە ئەم پێکەوەبوونە جۆرێك لێکتێگەیشتنی هێناوەتە بوون کە هەموو هەرێم و ناوچەکان بێ گوێدانە جیاوازییەکان پارێزگاری لە قەوارەی دەوڵەتێك دەکەن و هەستێکی نیشتیمانیی هاوبەشیان لا دروستبووە کە چەترئاسا هەموانی پێکەوە کۆکردۆتەوە، لە هەمانکاتدا جۆرێك لە سەربەخۆی هەرێمیان هەیە کە دووبارە ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی کە هەست بە دەسەلآتی خۆیان بکەن(٢). بۆیە گرنگی فیدراڵی لێرەوە دەردەکەوێت کە وەك گۆڕەپانی پێکەوە کۆکردنەوەی جیاوەزییەکان ودروستکردنی هەستێکی هاوبەش لە نێوان پێکهاتە جیاوەزەکان دەردەکەوێت.

فیدراڵیەت بە پێی رێککەوتنی هاوبەشی دەستووری هەردوو ئاستی حکومەت پێکدێت و بەگوێرەی یاسای دەستوری دروست دەبێت واتا پشت دەبەستێ بەکارێکی یاسایی ناوخۆ، ئەوکارە یاساییەش دەستورە، هەروەها بنەماکانی دەستور هەڵدەستێیت بەرێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئاستەکانی حکومەت، هەروەها هەڵدەستێ بەدیاری کردنی تایبەتکارییەکانی لە بوارە جیاوەزەکان، هەروەها گرنگییەکی بەرچاویی هەیە لە رێکخستنی سامان و سەرچاوە سروشتییەکان و چۆنییەتی بەرێوەبردن و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی داهاتەکانییان، ئەو گرنگیەی دەستوریش بە گوێرەی سروشت و بارودۆخی وڵاتە فیدراڵەکان جیاوازە دەستوری فیدراڵی دەبێت هاوێنی تەبای بێت و چارەسەری هەموو ئەو کێشە و ناکۆکیانەی لابێت کە لە نێوان هەردوو ئاستی حکومەتەدا رودەدات(٣).

دوای روخانی رژێمی بە عس لەساڵی (٢٠٠٣) بارودۆخێکی نوێ هاتەکەیاوە، جۆری سیستمی سیاسی گۆڕا، لە ساڵی (٢٠٠٥) دەستورێکی نوێ نوسرایەوە و بە دەنگی زۆرینەی گەلی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە پەسەند کرا، بە پێی دەستور هەرێمی کوردستان بووە تاکە هەرێمی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، سەرباری ئەوەی لە دەستوری فیدراڵی کۆمەڵێك ماددەو برگە تایبەت کرابوون بە تایبەتمەندی دەسەلآتەکانی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و چۆنێتی مامەڵەکردنی حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم بە سامانی نەوت و گازەوە، بەلآم ئەمەش نەیتوانی رێگربێت لە دەرکەوتنی ناکۆکییەکانی هەردوو حکومەت لەسەر هەنێك بابەت، بە تایبەت کیشە و ناکۆکییەکانی مەلەفی نەوت و گاز.

لەم باسەدا بابەتی لێتوێژینەوە برتییە لە کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لەسەر دۆسییەی نەوت و گاز، کە هەریەکەیان رای جیاوازییان هەیە، بۆیە پێویستە باسی سەرەتای سەرهەڵدانی و

---

(١) محمد الهماوندي، الحكم الذاتي والنظم اللامركزية الإدارية والسياسية (دار المستقبل العربي ، القاهرة ، ١٩٩٠ ) ص١٦٥.

(٢) نعمان أحمد الخطيب، الوسيط في النظم السياسية و الفانون الدستوري ( دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٤) ص ٩٤.

(٣) محمد كامل عبيد، نظرية الدولة ، (مطبعة البيان التجارية ، دبي، ١٩٩٤) ص ٥٢٧.

هۆكاری كێشه و ناكۆكییەكان بكەین، هەروەها خاڵی ناكۆكی حكومەتی هەرێم و حكومەتی فیدراڵ لە دۆسیەیی نەوت و گازدا دەخەینە ڕوو.

**داخوازی یەكەم: سەرەتای سەرهەڵدان و هۆكاری كێشەكانی نێوان حكومەتی هەرێم و حكومەتی فیدراڵ لە دۆسیەیی نەوت و گازدا:** نەوت سەرچاوەیەكی گرنگی داهاتە بۆ دەوڵەتی عێراق، هەروەها نەوت ڕۆڵێكی هێجگار گەورە دەبینن لە كاروباری ئابوری و سیاسیدا، ئەم سەرچاوە گرنگەی داهات بۆ حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێم گرنگن، چونكە هەر گۆڕانكارییەك لەم سەرچاوەیەدا ڕوودات ئەوە كاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر بودجەی حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێم.

پاش ساڵی (٢٠٠٣) ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، سەرجەم دامەزراوە ڕۆشنبیری، دیپلۆماسی، سەربازی، ئەمنی و ئابورییەكان لە لایەن ئەمریكاوە هەڵوەشێندرانەوە، شتێك نەما نیشانەی هەبوونی دەوڵەت لە عێراق بگەیەنێت، ئەوەی جێی ئومێد بوو لای خەڵكی كوردستان، ئەوەبوو كە بە ڕووخان و لە ناوبردنی ئەو ڕژێمە هەڕەشەیەكی گەورە و فراوانییان لە كۆڵبوویەوە و دەسكەوت و ئامانجەكانیایان لە كەناری دڵنیایی نزیكبوونەوە بەڵام سەرەڕای ئەوەش چەسپاندن و بە یاسایكردنی ئەو دەسكەوت و ئامانجانە و جێگیركردنیان لەیاسای ئیدارەدانی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ڕاگوزەر و دواتر دەستوری هەمیشەیی، پێویستی بە كەسانی شارەزا و چالاك و، هەوڵ و ماندووبوونی زۆر هەبوو، لە سەردەمی پێش جونە جەنگەوە لەگەڵ ئێران و داگیركردنی كوێت ئابووری عێراق فرە داهات و فرە سەرچاوە بوو، بەڵام لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) نەوت بوو بە سەرچاوەیەكی سەرەكی ئابوری وڵات[١].

ئابووری حكومەتی فیدراڵ و هەرێمی كوردستان لە ئێستادا وەك سەرچاوەیەكی سەرەكی پشتی بە فرۆشتنی نەوت بەستووە، ئەم سیاسەتە ئابورییەی حكومەتی فیدراڵ و حكومەتی هەرێم وایكردووە ئابوریەك بێتە كەیاوە كە بوارنەدات هیچ كەرتێكی تر بگەشێتەوە، لەئەنجامی ئەمەشدا حكومەت خۆی ناچاردەكات كە ببێتە تاكە سەرچاوەی بژێوی دابینكەری زۆرینەی خەڵك كە پەرچەكرداری ئابوری و سیاسی و كۆمەڵایەتی ترسناك دەبێت، ئەوە ڕەنگە لە داهاتودا كەرتەكانی تری وەك (گەشتوگوزار، خوێندن وكشتوكاڵ و هتد) توشی كێشەو قەیران بكات و لەدەرئەنجامدا كەرتی تایبەت وەك پێویست نەتوانێت پێشكەوتن بەخۆیەوە ببینێت و ئەوەش تاڕادەیەكی زۆر چارەسەركردنی ئاسان نابێت[٢].

خاوانداریيەتی و چۆنێتی بەڕێوەبردنی كەرتی نەوت و گاز هۆكارێكی گەورەی ناكۆكی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵە، كە ئەمەش هەر لە سەرەتایی دەسپێكردنی برەودان بە كەرتی نەوت و گازی هەرێمی كوردستان چاوەڕوانكراو بووە، چونكە هەر لە كاتی نوسینەوەی دەستوردا نەتواندرا هەندێك بابەت یەكلابكرێتەوە، یاخود بە شێوەی ڕون ئاماژەی پێنەدرا كە سامانی سروشتی هەرێمی كوردستانیش یەكێك بوون لە بابەتانە.

لە (٢٩/١١/٢٠٠٥) حكومەتی هەرێمی كوردستان بە هاوكاری كۆمپانیای (DNO)ی نەرویژی توانی یەكەم بیرە نەوت لە ناوچەی تاوگی سەربە قەزای زاخۆ لێبدات[٣]. ئەمەش سەرەتایەكی باش بوو بۆ هەرێمی كوردستان، بەڵام

---

(١) غفار عبدالسلام توفيق اغا ، "محددات المناخ الاستثماري في اقليم كوردستان العراق- محافظة دهوك انموذجا "، رسالة ماجستر غير منشورة ، (كلية الادارة والاقتصاد، جامعة دهوك ، ٢٠٠٨ ) ، ص ٤٥.

(٢) سەردار عزیز ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

(٣) گۆڤاری گولاّن ، هەڵكەندنی یەكەمین بیرە نەوت لە كوردستان، گۆڤاری گولاّن ، ژمارە(٥٦٤)، هەولێر، (كانونی یەكەم ٢٠٠٥) ، ل٥-٦.

بە دەسپێکی گومانەکانی حکومەتی فیدراڵ دادەندرێت بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، هەروەها ساڵی (٢٠٠٦) دوای ئەوەی وەزارەتی نەوتی عێراق بەبێ گەڕانەوە بۆ دەستوری فیدراڵ، ڕەشنووسی یاسای نەوت گازی فیدراڵی ئامادەکرد، بەمەبەستی پەسەندکردنی ئەم رەشنوسە ڕەوانەی پەرلەمانکرا، بەڵام بە هۆکاری سیاسی ئەم پرۆژە یاسایە پەسەند نەکرا، ئەمەش سەرەتایەکی خراپ بوو لە پەیوەندی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی[١]. هەروەها حکومەتی فیدراڵی هاوکاری هەرێمی کوردستانی نەکرد بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گاز، ئیدی لێرەوە هەردوو حکومەت گومانیان بەرامبەر یەکتر پەیداکرد، حکومەتی هەرێم بەرامبەر بە نیازخراپی حکومەتی فیدراڵ، وەك هەرێمێك لە دەوڵەتی فیدراڵدا هەوڵی دا ئەو سامانەی لەناو خاکەکەیدا هەیە گرنگی پێبدات، هانی کۆمپانیا گەورەکانی جیهانی دا بۆئەوەی بێنە کوردستان و وەبەرهێنان بکەن لە بواری نەوت و گاز.

هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٠) بۆ یەکەمجار سەربەخۆ لە ڕێگەی بۆری نەوتی هەرێمەوە نەوتی کێڵگەی تەق تەق و تەوکێی هەناردە کرد، بەڵام لە بەندەری جەیهانی تورکی نەوتەکەی ڕادەستی بەغدا دەکرد و کۆمپانیای (سۆمۆ*) سەرپەرشتی فرۆشتنی نەوتەکەی دەکرد[٢].

هەرێمی کوردستان بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی و لێدانی بیرە نەوتی نوێدا بوو، بۆ ئەو مەبەستەش بە بێگەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ چەندین گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهاندا مۆرکردووە، لە ساڵی (٢٠١١) دوای هاتنی کۆمپانیایی ئیکسۆن مۆبیل بۆ کوردستان، حکومەتی فیدراڵی دوای شکستی لە هەڵوێستی دیبلۆماسی دژی ئیکسۆن مۆبیل و حکومەتی هەرێم، پەنای برد بۆ هەڵوێستی سیاسی و سەربازی، ئەو کات (نوری کامل مالکی) سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ بوو، بڕیاریدا بە جوڵاندنی بەشێك لە سوپای عێراق بۆ ناوچەکانی سنوری نێوانیان، بەرامبەر بە مەش سەرکردایەتی کورد هێزی پێشمەرگەی جوڵە پێکرد بەرامبەر هێزی سوپای عێراق، بەڵام دواتر لە ساڵی (٢٠١٢) ئەمریکییەکان نێواند گرییان کرد و دۆخەکە ئارام بۆیەوە[٣]. بەمەش کێشەکانی نێوانیان قوڵتر بۆیەوە، سەرەتاییەکی خراپ بوو بۆ دەسپێکردنی بێمتمانەیەکی گەورە لە نێوانیان.

لە دوای ساڵی (٢٠١٣)ەوە هەرێمی کوردستان هەم سەربەخۆ نەوتی دەنارد و هەم سەربەخۆش دەیفرۆشت، ئیدی بە ڕوونی ئاڵۆزییەکان دەرکەوتن کە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و ناکۆکییە سیاسییەکان لە نێوان هەولێر و بەغدا لە دەرهاویشتە نەرێنییەکانی بوون، حکومەتی فیدراڵ دەستی کرد بە لاوازکردنی هەرێمی

---

(١) شالاو عبدالخالق محمد، دیبلۆماسییەتی خوێنی ڕەش، (نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاو کردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠١٧ )، ل٤٥.

* کۆمپانیایی سۆمۆ: کۆمپانیایەکی نیشتیمانی عێراقییە تایبەتە بە بەبازاڕ کردنی نەوت و گاز و بەرهەمە نەوتییەکانی عێراق، وشەی (سۆمۆ – somo ) کورت کراوەی (State Oil Marketing Organization)، لە دوای خۆماڵی کردنی نەوتی عێراوە بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت کاری بەبازاڕ کردنی نەوتی دەکرد بەڵام دوای ساڵی ٢٠٠٣ و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی نوێ ئەم کۆمپانیایە بۆ کار و باری بە بازڕ کردنی نەوت و گازو بەرهەمە نەوتییەکان دامەزراوە. وەرگیراوە لە: سایتی فەرمی کۆمپانیای سۆمۆ، http://somooil.gov.iq/about بەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٧.

(٢) ئەلەند مەحوی، هەرێمی کوردستانو ئاڵنگاری سیاسیو ئابوری، (ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٨)، ل١١.

(٣) چنار بابەکر محمەد، کاریگەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان ( چەپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٦)، سل١٣٦.

کوردستان، حکومەتی فیدراڵ هەندێك سیاسەتی پەیڕەوکرد کە ڕاستەوخۆ دژایەتی هەرێم دەکرد، نموونەی ئەو سیاسەتانەش هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی بڕە بودجەی هەرێم و نەدانی پارەی کۆمپانیا نەوتیەکان بوو[١].

لەمانگی شەشی ساڵی (٢٠١٤) ڕێکخراوی تیرۆرستی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) ناسراو بە داعش سەرەتا توانی دەستبەسەر پارێزگای موسڵ بگریت دواتریش توانی بەشێکی گەورەی خاکی عێراق بگرێت بەمەش حکومەتی عێراق بەرەو لاوازی چوو، هێزە عێراقیەکان لە چەند شارێك پاشەکشەیان کرد، کەرکوکیش یەکێك بوو لەو شارانە، بەڵام هێزە کوردییەکان توانیان شارەکە بپارێزن، لە جێگای هێزە عێراقییەکان جێگیربوون بەمەش نەوتی کەرکوك کەوتە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی سامان سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان. فرۆشتنی ڕۆژانەی نەوتی هەرێم بۆ (٦٠٠ بۆ ٧٠٠) هەزار بەرمیل بەرزبۆیەوە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ڕایگەیاند  کە لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٦)دا بڕی بەرهەم دەگەیەنێتە (١) ملیۆن بەرمیل[٢].

لە (٢٠١٧/٩/٢٥) دا ڕاپرسی لە کوردستان و ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆ سەربەخۆی و جیابوونەوە لە عێراق ئەنجام درا، دوای ئەوە  (١٦ی ئۆکتۆبەر) بە دوایدا هات ئەمەش چەندین گۆڕنکاری بە دوای خۆیدا هێنا، یەکێك لەو گۆڕانکاریانە  دابەزینی نرخی نەوتی کوردستان بوو لە بازاڕەکانی جیهان، ئەمەش دوای ئەوە هات سوپای عێراق بە هاوکاری ملیشیاکانی حەشدی شەعبی پەلاماری کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکاندا، وەزارەتی نەوتی عێراق دووبارە دەستی بەسەر کێڵگە نەوتییەکاندا گرتەوە، ئەو ڕووداوە کاریگەری خستە سەر پشکی ڕۆژانەی هەناردەی نەوتی هەرێم لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەندەری جەیهانی تورکی کە تا پێش ڕووداوەکانی (١٦ی ئۆکتۆبەر) ڕۆژانە پێشوازی لە (٦٠٠ بۆ ٧٠٠)هەزار بەرمیل نەوتی کوردستان دەکرد، بەڵام ئەوڕێژەیە دابەزی بۆ کەمترلە نیوە[٣].

بەشێوەیەکی گشتی خاوەنداری نەوت و گازی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێم و فیدراڵ، سەرەتای ئەم کێشەیەش دوای ئەوە دێت کە حکومەتی هەرێم بە بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ چەند گرێبەست واژۆدەکات بۆ کنە و پشکنین و لێدانی بیری نوێ، هەروەها ڕاکێشانی سەربەخۆیانەی بۆری نەوت بۆ دەرەوە عێراق و فرۆشتنی نەوت بە شێوەی سەربەخۆ.

### داخوازی دووەم: خاڵی ناکۆکیی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە دۆسیەیی نەوت و گازدا:

دوای براوپێدانی کەرتی نەوت و گازی هەرێم، حکومەتی فیدراڵ هەڵوێستی خۆی خستە ڕوو، حکومەتی فیدراڵ پێی وابوو بەڕێوبردن و پێشخستنی کەرتی نەوت و گاز لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵە لە چوارچێوەی عێراقدا نەك دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکان بێت بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ، بەرامبەر بەمەش حکومەتی هەرێم پێی وایە بەڕێوەبردنی  کەرتی نەوت و گازی هەرێم  لە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵ نییە، بەڵکو دەبێت هەرێم

---

(١) ئەلەند مەحوی،سەرچاووەی پێشوو ، ل٧٢.

(٢) نەوزاد موهەندس، غازی سروشتی کوردستان نیعمەتێکی تالآنکراو، وەرگیراوە لە سایتی، http://radionawxo.org/kurdi/index.php/article/item/29253-2015-12-12-15-24-06.html، ڕێکەوت ٢٠٢٠/٤/١٢.

(٣) یادگار سدیق، پێگەی وزەی کوردستان دوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەر، وەرگیراوە لە سایتی http://www.mirs.co/KU/Experts-detail-Research.aspx?type=19، ڕێکەوتِ ٢٠٢٠/١٢/٢٥.

**هاوبەش و شەریك بێت لە داهاتی نەوت و گازی هەرێمدا، لەچەند خاڵێکدا ناکۆکی نێوان هەردوو حکومەت دەخەبین ڕوو:**

**یەکەم: جیاوازی ڕاڤەی دەستوری حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە دۆسیەیی نەوت و گازدا خاڵێکی گەورەی ناکۆکییەکانە، وە لە بەشی پیشتردا ئاماژەمان پێکردووە هەندێك لە مادە دەستورییەکان وەك مادەی (١١١و ١١٢) بووە بە سەرچاوەی کێشەکان، هەرچەند دادگای باڵای فیدراڵی لە وەڵامی سکاڵای ژمارە (٥٩)ی ساڵی (٢٠١٢) و سکاڵای ژمارە (١١٠)ی ساڵی (٢٠١٩)ی حکومەتی فیدراڵی دژی حکومەتی هەرێم، دادگای باڵا ئەو مادانەی شیکار کردووە و بڕیاری داوە بە نادەستور بوونی یاسای ژمارە (٢٢) ساڵی (٢٠٠٧) یاسای نەوت و گازی هەرێم و ڕادەستکردەوەی دۆسیەیی نەوتی هەرێم [١]. بەرامبەر بەمەش هەرێمی کوردستان بڕیارەکانی دادگای ڕاتکردۆتەوە ڕایگەیاندووە ئەم بڕیارە سیاسییە و مەبەست لێی لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستانە[٢]. ئەمەش وایکردووە ناکۆکییەکان قوڵتر ببنەوە.**

**دووەم: دوای ساڵی (٢٠٠٥) و نوسینەوەی دەستور و پەسەندکردنی، ئەنجمدانی چەند هەڵبژاردن و پێکهێنانی چەند کابینەی حکومی هێشتا حکومەتی فیدراڵ کار بە (یاسای ڕێکخستنی وەزارەتی نەوت ژمارە (١٠١)ی ساڵی ١٩٧٦) و (یاسای پارێزگارییە لە هایدرۆکاربۆنات ژمارە (٨٤)ی ساڵی ١٩٨٥)حکومەتی بەعس دەکات، ئەم یاسایانەش بەیەك وشە باسی کورد ناکات، بۆیە پێویست بوو پەرلەمانی عێراق وەك ئەوەی لە دەقی ماددەی (١١٢) ی دەستوردا هاتووە یاسایی نەوت و گاز دەربکات، هەرچەند هەوڵدراو وەزارەتی نەوت ڕەشنوسی ئەم یاسای ناردووە بۆ پەرلەمان بەڵام پەرلەمان کاری لەسەر نەکردوو ڕەشنوسەکە نەبووە بە یاسا[٣].**

**ماددەی (١١٢) بووە بە هەوێنی یاسایی نەوت و گازی هەرێم لە چەند ماددەی یاسەکە ئاماژەی پێدراوە، هەروەها وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم لەسەر سایتی ڕەسمی خۆی ئەم نوسینەی داناوە " کارەکانمان بەپێی پرەنسیپەکانی دەستووری عێراق ئەنجام دەدەین کە تێیدا هاتووە نەوت و غاز لە هەموو هەرێم و پارێزگاکاندا موڵکی هەموو خەڵکی عێراقە بەپێی ماددەی (١١٢)ی دەستوور، حکومەتی فیدراڵی پێکەوە لەگەڵ حکومەتەکانی پارێزگا و هەرێمە بەرهەمهێنەرەکاندا نەوت و غازی لە کێڵگەکانی ئێستادا بەڕێوە دەبەن بە مەرجێك حکومەتی فیدراڵی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە داهاتەکان دابەش بکاتەوە[٤]". بۆیە ئەمەش بووە بە بەشێکی گرنگ لە ناکۆکییەکان.**

**سێیەم: خاڵێکی تر کە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناکۆکییەکان جیاوازیی جۆری گرێبەستەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵە، وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێداوە حکومەتی هەرێم پەیڕەویی گرێبەستی**

---

**(١) قرار المحكمة الفيدرالية العليا ، رقم (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) وموحدتها (١١٠/اتحادية/٢٠١٩)، ص٢.**

**(٢) وارگیراوە لە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان،**https://gov.krd/news-and-announcements/?page=2 **، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٥.**

**(٣ ) سۆران عمر، نەوتی هەرێم لە بەرمهێنانەوە تا فرۆشتن، مێزگردی ڕێکخراو ڕونبین و دامەزراوەی میدیای درەو،** https://www.roonbeen.org/2022/08/**، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٧.**

**(٤) وەرگیراوە لە سایتی فەرمی وەزەرەتی سامانە سوشتییەکان** http://mnr.krg.org/index.php/ku/the-ministry-ku/legal-framework/laws**، ڕێکەوت ٢٠٢٠/١٢/٢٦.**

بەرهەمهێنانی هاوبەش دەکات و حکومەتی فیدراڵیش پەیرەوی جۆری خزمەتگوزاریی مەترسیدار پەیرەو دەکات[١]. وە لە پێشتردا بەراوردی ئەم دووجۆرە گرێبەستەمان کردووە کۆمەڵێک جیاوازییان هەیە ئەمەش وایکردووە گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی فیدراڵییەوە پەسەندنەکرێت، پرسیارێک لێرەدا دێتە پێشەوە، بۆچی حکومەتی فیدراڵی پشت بە گرێبەستی خزمەتگوزاری و هەرێم پشت بە گرێبەستی بەشداریکردنی بەرهەمهێنان دەبەستێ؟ ئەمەش پەیوەندی بەدوو هۆکاری سەرەکییەوە هەیە[٢]:

١- هەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری نەوت و گاز هاتوونەتە عێراق و چاڵە نەوتی زۆریان دۆزیووەتەوە، ئەوەش وا دەکات حکومەت زیاتر پێویستی بە دووبارە ڕێکخستنەوە و پێشخستنی ئەو چاڵە نەوتییانە هەبێت، نەک دۆزینەوەی زیاتری چاڵە نەوت، بە پێچەوانەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان کە تەنیا لەو ساڵانەی دواییدا، بە تایبەت دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە عێراق (٢٠٠٣) و بە تایبەتی تریش دوای دەرچوونی یاسای نەوت و گازی هەرێم لە ساڵی (٢٠٠٧)، حکوومەتی هەرێم دەستی کرد بە ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکانی بواری نەوت، کارکردن لە بواری نەوت یەکەمجار لە دۆزینەوەی نەوت و دیاریکردنی چاڵە نەوتییەکان دەست پێدەکات، لە هەرێمی کوردستان چاڵە نەوت پێشتر نەدۆزراوەتەوە، ئەوەش حکوومەتی هەرێم ناچار دەکات هەندێک شت لە کۆمپانیاکان قبووڵ بکات، وەک جۆری گرێبەستەکە، بێگومان جۆری بەشداریکردنی بەرهەمهێنان زیاتر سوود و قازانجی بۆ کۆمپانیاکان دەبێت، وەک ئەوەی لە گرێبەستی خزمەتگوزاری دەستیان دەکەوێت.

٢- هۆکاری سیاسیش وەک فاکتەرێک بۆ هەڵبژاردنی گرێبەستی بەشداریکردنی بەرهەمهێنان لە کوردستاندا بە شێك بووە پرۆسەکە، حکومەتی هەرێم لە هەوڵی ئەوەدا بووە پێگەی بەهێز بێت بە تایبەتی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، بە دڵنیاییەوە گرتنەبەری ڕێگەی ئەنجامدانی گرێبەستەکانی نەوت لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان، یەکێکە لە ڕێگە گرنگەکان.

چوارەم: یاسەی بودجەی گشتی عێراق بنیاد لەسەر بڕی بەرهەمی نەوت و نرخەکەی ئامادە دەکرێت بۆیە گۆڕانکاری لەبودجە ئەگەرێکی کراوەیە. ئەگەر یاسای بودجەی (٢٠٢١) بە نمونە وەربگرین، بەپێی یاسای بودجەی گشتی ساڵی (٢٠٢١) عێراق ڕۆژانە (٣,٢٥٠,٠٠٠) سێ ملوێن و دووسەد و پەنجا هەزار بەرمیل هەناردە دەکات، نرخی هەر بەرمیلێکیش بە (٤٥) دۆلار دیاریکراوەو کۆی گشتی داهاتی ساڵانەشی (١٣٠ ) ترلیۆن دینارە[٣]. ئەم حسابەتە بە ڕۆژانەی (٢٥٠) هەزار بەرمیلی نەوتی هەرێمەوە کراوە کە بڕیاربوو ڕادەستی کۆمپانیای ِسۆمۆی بکات بەلاّم هەرێمی کوردستان هیچ بڕە نەوتێکی لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە هەناردە نەکردووە[٤]. (سامر غەزبان ) وەزیری پێشووی نەوتی عیراق لەکاتی دەستپێکردنی کارەکانی کۆنگرەی وزەی نێودەوڵەتی ساڵی (٢٠١٩)لە شاری بەغدا وتی "چەندین ڕێوشوێنمان دەستپێکردوە بۆ گەشەپێدانی کەرتی نەوت،

(١ ) یادگار کامل محمد، نەوتی هەرێم-لە بەرمهێنانەوە تا فرۆشتن، مێزگردی ڕێکخراو ڕونبین و دامەزراوەی میدیای درەو، https://www.roonbeen.org/2022/08/، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٧.

(٢) زاهیر مجید ، گرێبەستەکانی نەوت لە عێراق و هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە سایتی وشە، https://wishe.net/dreja.aspx?Jmare=32301&Jor=9، ڕێکەوت ٢٠٢١/٩/٢٨.

(٣) المادة (١)، قانون رقم (٢٣) الموازنة العامة لجمهورية العراق للسنة المالية(٢٠٢١)، جريدة الوقائع العراقية، العدد(٤٦٢٥)، ٢٠٢١/٤/١٢). ص١.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (بەهرۆز جەعفەر)، سەرچاوەی پێشوو.

کەرتی وزە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و حکومەت و دەسەڵاتی یاسادانانەوە گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، کەرتی نەوت جوڵێنەری سەرەکی ئابوورییە و سەرچاوەی سەرەکی داهاتە بەشێوەیەك، کە داهاتی نەوت (٩٠٪) بودجەی عێراق پێکدەهێنێت[1]". کەواتا بە هۆی پابەندن نەبونی هەرێمی کوردستان بە ڕێکەوتنەکانی لەسەر ڕادەستکردنی نەوت کردویانە هۆکار بووە بۆ کورت هێنان، لە بەرامبەر ئەمەشدا حکومەتی فیدراڵی پابەندی ناردنی بودجەی هەرێم نەبووە بە بڕی داهاتی ئەو نەوتەی کە بڕیار بووە هەرێم ڕادەستی سۆمۆی بکات، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی ناکۆکییەکان بووە.

پێنجەم: سکاڵاکانی حکومەتی فیدراڵی بووە بە هۆکارێکی کێشەکان، حکومەتی فیدراڵ چەند سکاڵای جیاوازی دژی حکومەتی هەرێم کردووە

١- سکاڵای دژی دەوڵەتی تورکیا بووە، سکاڵاکە لەسەر ئەو بنەمایە کراوە کە تورکیا گرێبەست یان سەفقەیەکی لەگەڵ حکومەتی عێراق کردوە لە چوارچێوەی هێڵی (کەرکوك-جەیهان) بۆ فرۆشتنی نەوتی عێراق لەو ڕێگەیەوە، بەڵام پێشێلی کردووە بەوەی سەروەری عێراقی پێشێلکردووە، بێ گوێدانە بەغداد مامەڵەیەکی تری هاوشێوەی لەناو هەمان ووڵاتدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا دەستپێکردووە، هێڵی بۆڕی (کوردستان- تورکیا)ی کردووەتەوە، بۆیە ساڵی (٢٠١٤) وەزارەتی نەوتی عێراق لە پاریس سکاڵای لەسەر حکومەتی تورکیا تۆمار کردووە[2].

٢- سکاڵاکانی حکومەتی فیدراڵە لە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە دژی هەرێمی کوردستان، وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێداوە دادگای باڵای فیدراڵی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/١٥) لە وەڵامی سکاڵای ژمارە (٥٩)ی ساڵی (٢٠١٢) و سکاڵای ژمارە (١١٠)ی ساڵی (٢٠١٩)ی حکومەتی فیدراڵی دژی حکومەتی هەرێم بڕیاری داوە[3].

سکاڵاکانی حکومەتی فیدراڵ تلاا ئێستا بە ئاڕاستەی ئەوەن ناکۆکێکان قوڵتربن نەك چارەسەربن.

ڕەهەندە جیاوازەکان کارتێکەری ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم بووە لە دۆسیەی نەوت و گازدا، هەروەها بە پێچەوانەوە، زۆرجار تەشەنەسەندنی کێشەی دۆسیەی نەوت و گاز کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تەشەنەسەندنی کێشە سیاسییەکان هەبووە، یاخود ڕاوبۆچون و هەڵوێستە سیاسییەکان کارتێکەری کێشەیدۆسییەی نەوت و گازبووە، یاخود هەڵوێستەکانی حکومەتی فیدراڵ بەرامبەر بە هەرێم کەمکرنەوە، یان نەناردنی پشکی کورد بووە لە بودجەی گشتی عێراق.

---

(١) وەزیری نەوت ٩٠ ٪ی بودجەی عیراق داهاتی نەوتە، وەرگیراوە لە: سایتی سپێدە، https://speda.net/index.php/ku/news/iraq/47271، ڕێکەوت ٢٠٢٠/١٢/٢٠.

(٢) بەهرۆز جەعفەر ، مەترسی سکاڵاکان لەسەر کەرتی ووزەی هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە: سایتی پێشەنگ، https://peshangpress.org/%D9%85%D9%87%E2%80%8C%D8%AA%D8%B1%D8%B3%DB ڕێکەوت ٢٠٢٠/١٢/٢٨.

(٣) قرار رقم (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) وموحدتها (١١٠/اتحادية/٢٠١٩)، متاح على: الموقع الرسمى المحكمة الفيدرالية العليا، https://www.iraqfsc.iq/krarid/59_fed_2012.pdf، تاريخ ٢٠٢٢/١١/٢٥. ص٢.

## بەشی دووەم

## کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستە جیاوازەکاندا

نەوت و گازی سروشتی، دوو لە سامانە سروشتییە هەرەسەرەکییەکانن، سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتن لە هەندێك لە ولاتانی جیهان، وەك دووسەرچاوەی دەگمەنی وزە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لە ناوچەیەکی وەکو هەرێمی کوردستان فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری هەیە لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستە جیاوازەکان، نەوت و گاز دوو لەسەرچاوە سەرەکیەکانی داهاتی کوردستانە هەر بۆیە کاریگەرییەکی بەر چاوی هەیە لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم بە شێوەیەکە کە ئەم دوو فاکتەری وزەیە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە قوتی خەڵکەوە هەیە.

لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم باسی ئەم دوو سەرچاوەییەی وزە باسێکی سەرەکی ڕۆژانەیە، هەروەها فاکتەری نەوت و گاز گرنگیەکی یەکجار زۆری لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بۆخۆی پاوان و دابین کردووە و بۆتە چەکی کاریگەری و تواناسازی ئەم سەردەمە گرنگی ئەم فاکتەرە لە گۆڕەپانی سیاسەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی و بازارەکانی جیهاندا هەیە لەپێشبڕکێ و چەکسازی و گەمارۆی سیاسی و ئابووری و بۆ فشارخستنە سەر یەکدی، هەروەها لە روکاری سیاسی و ئابووریدا بەتوندی و چڕی بەکاردەهێنرێت و بەناوی بازرگانی و توێژینەوەی زانستیەوە کەڵکی لێوەردەگیرێ و بۆتە هۆی بەدەست ختنی پشك و ئیمتیازاتی گەورە و پڕبەها, هەر بەهۆی کاریگەری و گرنگی ئەم دوو بەرهەمەوە چەندین پرۆتۆکۆڵ و رێکەوتننامەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی و پێکهاتن و پێکادان لە روکاری سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە هاتۆتەدی و بۆتە هۆی پێشبڕکێ و ململانێی نێوان دەوڵەتانی بەهێز و گەورە و دەوڵەتانی دیکەی کەم توانا [١]. هەروەها دەستکەوتنی سەرچاوەکانی وزە یەکێکە لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ولاتە زلهێزەکان، چونکە ئابووری ولاتان پێویستی زۆری بە وزەیە بە تایبەت نەوت و گاز، کارگە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای خۆرئاوایی و ولاتانی زلهێز تا ئێستاش بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشتی بە وزەی نەوت و گاز بەستووە[٢]. ئەگەر سەبارەت بە زۆرێك لە ولاتانی جیهان نەوت تەنها ڕۆڵی ئابوری بگێرێت ئەوا بۆ هەرێمی کوردستان نەوت و گاز ڕۆڵی سیاسیش دەگێرێت.

فاکتەری نەوت و گاز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زیاتر ئەچێتە ناو چوارچێوەی زانستێکەوە کە پێی ئەوترێ ئابوری‌سیاسی نێودەوڵەتیەکان ( International Political Economy ) ئەگەر پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان ئاماژە بێت بۆ تاوتوێکردنی جۆر و ڕێبازی پەیوەندییەکان لە نێوان "فاعل‌ئەکتەر" ە نێودەوڵەتیەکاندا، ئەوە پەیوەندییە ئابورییە‌سیاسییە نێودەوڵەتیەکان بریتییە لە پەیوەندی نێوان حکومەتی دەوڵەتەکان لەگەڵ بازاڕی جیهانیدا. لەبەر ئەوەی دەوڵەت یەکەیەکی سەرەکی و گرنگە لە سیاسەتی جیهانی و خاڵی چەقە لە هاوکێشە جیهانییەکاندا، هەرێمی کوردستان یەکەیەکی نا دەوڵەتییە، بۆیە ناتوانین بە ئاسانی پێگەی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر ئاستی ناوچەی و جیهاندا دەستنیشان بکەین پێویستە لە روانگەی پەیوەندییە نا فەرمی و تاکتیکیاکانی ولاتانی ناوچەکەو و جیهان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، وێنای پێگەی هەرێمی کوردستان بکەین، چونکە ئەوە تەنها

---

(١) یوسف محمد بەرزنجی، چارەنووسی کورد پترۆڵ وەك مەسەلەیەکی ستراتیجی _ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی ئابووری سیاسی دەربارەی کورد و پترۆڵ، ( سلێمانی، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٣ ) ، ل٤١.

(٢) دارا جەمال ، گرنگی ووزە و ستراتیژی ململانێکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، وەرگیراوە لە: سایتی پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=٤٤، ڕێکەوت ٢٠٢١/٧/٢١.

دەوڵەتە زلهێزەکانە ئەگەری ئەوەیان هەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆ، یاخود نیمچە سەربەخۆ ڕۆڵێکی بەرچاو و زۆر هەست پێکراو بگێڕن لە سیستمی جیهانیدا[(١)].

ئەو سێ پارێزگایەیی هەرێمیان پێکهێناوە پێش (١٩٩١) بەشێك بوو لە دەوڵەتی عێراق، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو دەوڵەتە لە (ئۆکتۆبەری ١٩٩١) دامودەزگا کارگێری و سەربازییەکانی خۆی کشاندەوە، ناوچەی خوار هێڵی (٣٢) و سەروی (٣٦) لەلایەن هێزی هاوپەیمانان دەپارێزرا، ئەمە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی بەرەو دامەزراندنی دامودەزگای خۆماڵی هەنگاوبنێت، سەرچاوەی بڕیاردانی ئاشتی و شەڕ و پەیوەندییەکانی جۆرێك سەربەخۆیی پێوە دیاربووە، بەواتایەکی تر دروستکردنی بڕیار بەپلەی یەکەم لەدەستی هەرێمەکەدا بوو ئەمەش جۆرێکی تایبەتی لەپەیوەندی دەرەکی بۆ هێنابووە کایەوە کە هەرچەندە هەرێمی کوردستان و سەرکردەکانی سیفەتێکی فەرمی و شەرعیان نەبووە لای دەوڵەتانی دراوسێ، لەگەڵ ئەوەشدا وەك بارێکی دیفاکتۆ defacto (*) لە لایەن (ئێران، سوریا و تورکیا) پەیوەندی و مامەڵەیان لەگەڵ کراوە[(٢)]. دیبلۆماسییەتی حکومەتی هەرێم بەم شێوە نیمچە سەربەخۆیە بەردەوام بوو، تا ساڵی (٢٠٠٣)، دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس پەیوەندییەکان فراوانتربوون لەسەر ئاستی ئابوری وەبەرهێنان و بواری کلتوری و تەنانەت ئاسایش، هەروەکو دەستوری عێراقیش دەسکەوتێکی باش بوو بۆ بە یاسایکردنی پەیوەندییەکان، لە دەستوردا فیدراڵیەت وەك سیستمی سیاسی وڵات دیاری کرا و عێراق بوو بە دەوڵەتێکی فیدراڵی. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی ئەوەیە کە حکومەتی فیدراڵی بە تەنیا خۆی خاوەن کەسایەتیی نێودەوڵەتییە، لە کاتێکدا هەرێم و کانتۆنەکان، وەك کەسایەتیی یاسایی و نێودەوڵەتیی دانیان پێدا نانرێت، لە دەستووری دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا ئەو بابەتانە دیاری دەکرێن کە دەسەلاتەکان چۆن دابەشدەکرێت، بەگشتی زۆرینەی دەسەلاتی دیپلۆماسیی لە دەسەلاتەکانی حکومەتی فیدراڵە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند دەوڵەتێکی فیدراڵیی، بە گوێرەی دەستوور، ڕێگەیان بە هەرێم و کانتۆنەکان و پارێزگەکانی نێو خۆیان دەدەن، کە کاروباری دەرەوەیان ڕایبکەن، بە تەریبیی لەگەڵ سیاسەتی دەرەکیی حکومەتی فیدراڵدا. نموونەی ئەو دەوڵەتانە (نەمسا، بەلژیکا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ، ئەڵمانیا ) [(٣)].

فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری هەیە لەسەر چۆنێتی مامەڵەی زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەو یەدەگە گەورەیەی کە هەیەتی[(٤)]. پەرەپێدانی کێڵگەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان لە

---

(١) کەنعان حمە غریب، پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیستمی نوێی جیهانیدا، زنجیرە کتێبی دەزگای میللەت، ژمارە(٤)، (چاپخانەی کاردۆ ، سلێمانی ،٢٠١٤) ل ١٥٢.

(*) دۆخی باو (دیفاکتۆ) (ئەمری واقیع): ئەم جۆرە قەوارەیە بریتییە لە قەوارەیەکی جووداخواز کەلەلایەن خەڵکانێکەوە لەهەناوی سنووری وڵاتێکدا، کە بەشێوەیەکی بەربڵاو لەلایەن ئەندامانیەوە پشتگیری لێدەکرێت ، لەئەنجامدا جۆرێك لەخۆبەڕێوەبردن دێتە ئاراوە، لەهەمانکاتدا توانای ئەم خۆبەڕێوەبردنە و گەیشتۆتە ئاستێك کە خزمەت و حکومڕانی بەخەڵکانی نێو چوارچێوەکەی پێشکەش دەکات، کەدەسەلاتی کارای بەسەریدا هەیە بۆ ماوەیەکی زۆر. وەرگیراوە لە: سەردار عزیز ، حکومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

(٢) هێرش عەبدوڵلا حمە کەریم، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سوریا ١٩٩١_٢٠٠٣،(ئەندێشە بۆچاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٣) ل١٢.

(٣) شێرزاد نجار، هەرێمی کوردستان و دیبلۆماسییەتی سەخت، وەرگیراوە لە: سایتی گوڵان ، https://www.gulanmedia.com/so/story/201605/1621546275-1817 ، ڕێکەوت ٢١_٧_٢٠٢١.

(٤) بورهان أ.یاسین، سەردار عەزیز، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە ناوەوە بونیادنان لە دەرەوە دانپیانان، (چاپخانەی کاروخ ، هەولێر،٢٠١٧) ل ٨٨.

چەند ساڵی رابردوودا و دەستپێکردنی هەناردنی نەوت بۆ بازارەکانی جیهان و بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەی نەوت لەچەند ساڵی داهاتوودا. رووداوگەلێکن کەوەك فاکتەرێکی گرنگ دەبیندرێن لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستە جیاوەزەکاندا.

ئەم بەشە لە چوارچێوەی سێ باسی سەرەکیدا کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستەکانی (ناوخۆ، ناوچەیی و نێودەوڵەتی)دا دەخاتە بەر لێتوێژینەوە.

## باسی یەکەم

## کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆدا

بۆ تێگەیشتن لەکاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ساڵەکانی پێش (٢٠٠٠) کە هێز و لایەنە کوردیەکان بەشێوەیەکی لۆکاڵی هەوڵیانداوە سوود لە نەوت وەربگرن، لەڕێگەی ئەو دوو ئیدارە جیاوازەی کە لە ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی بەشێوەیەکی جیا حکومڕانی سیاسی و ئابووریان دەکرد کە بە ئیدارەی هەولێر و سلێمانی یان هەردوو زۆنی سەوز و زەرد ناسرابوو، هەرێمی کوردستان بەمەبەستی گەڕان و دۆزینەوە و پەرەپێدانی نەوت لەچەند کێڵگەیەکی نەوتی لە ئاستێکی سنووردارردا، لەڕێگەی دوو دەزگای دیاریکراو، کەبریتی بوون لە ( دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پرۆژە تایبەتەکان ) و ( دەستەی گشتی نەوت و پترۆکیمیاییەکان ) دەستی بەکارکردووە[1]. کە دواتر هەردوو دەزگاکە یەکخراو بوو بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

.هەرچەندە "پرۆفیسۆر دەیڤد فلیپس" لە کتێبی (بەهاری کوردان، نەخشەیەکی نوێی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)، دەڵێت "هێزە باڵادەستەکان هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) لە ڕێگای تورکیاوە نەوت بەشێوەیەکی نایاسایی دەفرۆشن"، گەشەی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان هەتا ساڵانی (١٩٩٤ بۆ ١٩٩٦) تەنیا بریتی بووە لە دەرهێنانی نەوت لەدوو بیری نەوت لە کێڵگەی تەق تەق، تاوەکو (٢٠٠٣) بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی ناو سنووری هەرێمی کوردستان بەرفراوان نەبووە[2]. هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٢) وە کەوتۆتە خۆی بۆ هەڵکەندن و لێدانی بیری نەوت و هاندانی کۆمپانیا نەوتیە بیانیە جیهانیەکان بۆ ئەوەی لە هەرێمدا سەرمایەگوزاری بکەن بەمەبەستی بوژاندنەوە و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابوری هەرێم، هەرێمی کوردستان لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس (٢٠٠٣) دوە، لەلایەکەوە بازاڕێکی تازەی ووزەیە، کۆمپانیا فرەڕەگەزە نێودەوڵەتیەکان (Multinational Corporation[*]) بە لێشاو ڕووی تێدەکەن، لەلایەکی تریشەوە، بە پێی دەستور (عێراق) دەوڵەتێکی فیدراڵییە، وەك لە بەشی پێشوو باسمانکرد بە پێی شیکار و تێگەیشتنەکانی هەرێمی کوردستان لە ماددەکانی (١١١ ، ١١٢، ١١٥ و ١٢١) ی دەستوری عێراق پەرەپێدانی سامانە سروشتییەکانی هەرێم بەرپرسیارێتی کەوتۆتە دەست حکومەتی هەرێم.

پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە کوردستان بەشێوەیەکی خێرا کاری تێدا کرا، هەر بۆیە پەرلەمانی کوردستان ( یاسای ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٧ ی تایبەت بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان)ی دەرکرد و بەخێرایی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمەڵێك کۆمپانیای نەوتی گەورە و بچوك و مامناوەندی ئەمریکی و کەنەدی و نەرویجی و فەرەنسی و

---

(١) ڕێبین فەتاح، هەنگاوێکی سەرکەوتوو بڕیاریکی بوێرانە، سامانە سروشتییەکان و کاریگەرییەکانی-ڕوانگەیەکی ڕۆژنامەوانی، (چاپخانە نیە، هەولێر، ٢٠١٢) ل١٨.

(٢) سەنگەر ڕسوڵ ،فەرمان رەشاد، ئاری عەبدوڵلا، شەفافییەتی نەوتی کوردستان لە چاوی دیلۆیتەوە، (چاپخانەی کامبرج، هەولێر، ٢٠١٩ ) ل٦.

(*) (کۆمپانیای فرەڕەگەز) : کۆمپانیایەکە کەوا خاوەن و بەڕێوەبەری چەند یەکەیەکی ئابوریە لە دوو وڵات یان زیاتر.وە لە زۆربەی کاتەکاندا پێویستی بە وەبەرهێنانێکی بیانی ڕاستەوخۆ هەیە کە ئەمەش کۆمپانیایەك پێهەڵدەستێت و پێویستی بە خاوەندارێتی چەند یەکەیەکی ئابوری هەیە وەك خزمەتگوزاریەکان، پیشەسازی دەرهێنان، یان دابینکردنی پیشەسازی لە چەند وڵاتێك. بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری زۆرییان هەیە لەسەر ئابوری و سیاسەتی نێودەوڵەتی.وەرگیراوە لە : روبرت غيلبين، الاقتصاد السياسي للعلاقات الدولية، ت: مركز الخليج للابحاث (مركز الخليج للابحاث، دبي، ٢٠٠٤ )،ص٢٨٧.

تورکی و بەریتانی و ڕووسی و ئیماراتی واژووکرا [١]. ئەمەش هانی هەرێمی کوردستانی دا بەشێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی بەم سەرچاوە گرنگەی وزەوە بکات.

کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆ تەنها ڕەهەندێك ناگرێتەوە بەڵکو فرە ڕەهەندە، ڕەهەندی ئابوری و سیاسی تەنانەت ڕەهەندی سەربازیش دەگرێتەوە، بەڵام ئەوەی مەبەستە و دەبێت بە بابەتی سەرەکی لێتوێژینەوەکەمان ئەوەش ڕۆڵ و کاریگەرییە سیاسی و ئابورییەکانی نەوت و گازە لە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و عێراق.

**داخوازی یەکەم: کاریگەرییە سیاسییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆدا:** هەرێمی کوردستان کاتێك بڕیاریدا مامەڵەیەکی سەربەخۆبکات لە کەرتی نەوت و گازدا، لە ڕووی تەکنیکەوە زۆر لاواز بوو، ئەزمونێکی کەمی لە چۆنێتی بەستنی گرێبەست و هاوردنی کۆمپانییە بیانییەکان هەبوو، چونکە پێشتر تەنها چەند گرێبەستێکی بچوکی لەگەڵ کۆمپانییە نەوتییەکان کردبوو، کاتێك یاسای تایبەت بە نەوت و گازی دەرکرد و بڕیاری سەربەخۆ گەڕان و دەرهێنان و فرۆشتن نەوتی دا، ئەگەر مەبەستی سەرەتایی ئەوە بوبێت لایەنی ئابوری هەرێم سەربەخۆ بێت و سەرچاوەی تایبەت بە خۆی هەبێت، ئەوە مەبەستی گەورە و شارەوەی ئەوە بووە لەم ڕێگایەوە کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسیی هەرێمی کورستان لەسەر ئاستە جیاوازەکان بکات، بەتایبەت ئاستی ناوخۆ لە پێناوی گەیشتن بە سەربەخۆ بوونی سیاسی ، بە تایبەتی تریش بەهێز کردنی پێگەی حکومەتی هەرێمە لە بەرامبەر حکومەتی فیدراڵ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری کۆمپانیا نەوتییە جیهانییەکان دەستیکرد بە وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتی و گازییەکانیدا و لەماوەیەکی پێوانەیی کورتدا توانی نەوتەکەی بگەیەنێتە بازاڕەجیهانیەکان و بە گازەکەشی بەشێکی زۆری پێداویستییە ناوخۆییەکانی لە وزەی کارەبا دابینبکات، ئەم سەرکەوتنەی هەرێم لە بونیادنانی کەرتی نەوت و گازدا کاریگەری سیاسی ئەرێنی هەبوو لە بەهێزبونی پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم و لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا کە هەرێم بەشێکە لەم دەوڵەتە[٢].

کەرتی نەوتی و گازی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك خاڵی لاوازی هەیە بەڵام هێشتا فاکتەری نەوت و گاز گرنگە و کاریگەری سیاسی ئەرێنی هەیە لە بەهیزبونی پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێم:

یەکەم: لاوازی لە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز و نزمی ئاستی زانست و تەکنەلۆژیایی هەرێم لە ڕووی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم سامانە لە گەڕان و پشکنین و دەرهێنان و فرۆشتن و تا گەڕانەوەی پارەکەش، هەرێمی کورستان لە مێژە ئەوەی زانیوە کە ژێر خاکەکەی، نەوت و گازی تێدایە، بەڵام بەهۆی کەم شارەزای لە بوارەکەو نەبونی ئامێری پێویست بۆ پشکنین، نەیزانیوە بڕو قەبارەی نەوت و گازی ژێر خاکەکەی چەندە، تائێستاش هەرێمی کوردستان داتایەکی ڕاستەقینەی نیە بیسەلمێنێت کە یەدەگی نەوت خاوەکەی و گازی سروشتی چەندە، لەسەر سایتی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان یەدەگی نەوتی کوردستان بە (٤٥) ملیار بەرمیل نەوت هەژمارکراوە، بەبێ ئەوەی پشتڕاستکرابێتەوە لەلایەن ڕێکخراوێکی سەربەخۆوە یان کۆمپانیەیەکی سەربەخۆی

(١) نەوزادی موهەندیس، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) محمد حسین، ئاڵنگارییەکانی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوەلە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە (٧٤)، سلێمانی، (تشرینی یەکەمی ٢٠١٩)، ل٧.

جیهانی، بەحوکمی ئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، پێویست بوو هەر لە سەرەتاوە هەرێمی کوردستان داوای لە رێکخراوی ئۆپێك بکردایە، بۆ ئەوەی ڕوپێوێکی راستەقینەی بۆ بکرێت، بۆئەوەی بزانێت یەدەگی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان چەندە، تا هەرێم بەرچاو ڕوونیەکی زۆری هەبێت و بتوانرێت پلانی ستراتیجی بۆ ئەم سێکتەرەی دابرێژرێت(١).

دووەم: هەبوونی نا شەفافیەت و گەندەڵییەکی زۆر لە کەرتی نەوت و گازدا، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان هەموو کارەکانی(فرۆشتن، هەناردەکردن، بەبازاڕکردن و مامەڵە داراییەکان)ی کەرتی نەوت وگازی هەرێم دەکات بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ لایەنێکی پەیوەندیدار تەنها هەندێك داتا لەسەر هەناردەکردن و داهاتەکان بلاّودەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەنجومەنی باڵای نەوت و گاز هەیە، کە سەرۆکی حکومەت سەرۆکایەتی دەکات کە لە یاسای نەوت و گازی کوردستان پێداگیری لەسەر کراوە، بەپێی یاساکە ئەنجوومەنەکە گەورەترین دەسەلاّتی هەیە، ستراتیژییەتی نەوت و گازی کوردستان دادەڕێژێت و ڕادەی هەناردەی نەوت بەپێی پێویستیەکانی ناوخۆی کوردستان دیاری دەکات.

ئەم پاوانخوازییەی وەزراتی سامانە سروشتیەکان بێمتمانەییەکی زۆری لە ناو خەڵك و هێزە سیاسیەکانی کوردستان دروستکردووە، تەنانەت ئەو لیژنەیەی لە پەرلەمانی کوردستان هەیە( لیژنەی وزە و سامانە سروشتیەکان) بێمتمانەیی خۆی ڕاگەیاندووە بەرامبەر بە شەفاقی کەرتی نەوت و گاز، وەك داهاتی نەوت و گاز و هەموو ئەو گرێبەستانەی کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کردوویەتی(٢).

هۆکارەکانی دروستبوونی ناشەفافیەت لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستاندا زۆرن (٣):

١- یەکێك لەو هۆکارانە ململانێی سیاسی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵییە.

٢- ڕەنگدانەوەی ئەو دابەشبوونی سیاسی و کارگێریەی هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، کەوایکرد کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەك ئاسایی و تەندروست بەرەو پێش نەچێت، بەڵکو کۆمەڵێك کەم و کوڕی ناشەفافیەتی تێدا دەربکەوێت.

٣- بەهۆی گەندەڵییەوە وایان کردووە پرۆسەکانی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز بە شێوەیەکی ناشەفافانە بەڕێوەبرێت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناشەفافیەت و ناڕوونیەیی لە کەرتی نەوت و گازدا هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای دیلۆیت (Deloitte) کردووە، بۆ زیاترکردنی شەفافیەت و وردبینی لە کەرتی نەوت و گازدا، بە پێی گرێبەستە کە ئەو وردبینییەی کەلەلایەن کۆمپانیای دیلۆیتەوە ئەنجام دەدرێت، سەرجەم پرۆسەکانی نەوت و گاز لەهەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، هەر لە ( بەرهەمهێنان ، هەناردەکردن و فرۆشتن)ی نەوتەوە، چ لەرێگەی بۆریی نەوتی کوردستانەوە بێت، یان لە بازاڕی ناوخۆ و یاخود بۆ بەکارهێنانی ناوخۆبێت، تا پالاّوگەکان و بەرهەمە نەوتی و گازییەکان و سەرجەم ئەو بڕە پارانەی لە کۆمپانیاکانی نەوت لەبەر ڕۆشنایی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان وەردەگیرێن . ئەم کارەش هەنگاوێکی باش و بەرەوپێشچوونێکی گرنگ بوو لە پرۆسەکەدا، بەراورد بەوەی کە پێشتر وەزارەتی

---

(١) ئەنوەر کەریم، شیکاری سوات بۆ کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی ، تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، ل ٧.

(٢) ئومێد ڕەفیق، چۆنێتی بونیادنانی ستراتیجی گشتگیر لە هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە سایتی میللەت پرێس، https://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=12361&T=86،ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٣.

(٣) هێرش عەبدوڵلا حمە کەریم، سەرچاوەی پێشوو ،ل١٦٥ .

سامانە سروشتیەکان خۆی داتاکانی بڵاودەکردەوە، بەڵام تەنها وردبین و بڵاوکردنەوەی داتاکان لە لایەن کۆمپانیایەکەوە بەس نییە بۆ دروستکردنی شەفافیەت چونکە داتاکانی دیلۆیت بەگوێرەی پێوەرەکانی خۆی و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە نەك لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر [١].

بۆ چارەسەرکردنی ناشەفافیەت لە کەرتی نەوت و گازدا پێویستە لە هەرێم ئەنجومەنێك دروست بکرێت کە نوێنەری حکومەت و دیوانی چاودێری دارایی و پسپۆران و پەرلەمان تێدابێت، هەروەها پێویستە زانیارییەکانی تایبەت بە نەوت بەگوێرەی ستانداردەکانی بڵاوبکرێنەوە و سیستەمێکی یەکگرتوو ڕەچاو بکرێت، نەوەکو بەو شێوەی کە کۆمپانیایی دیلۆیت زانیاری بڵاو دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دیلۆیت لە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکات بەرپرسیاریەتی تەنها بەرامبەر حکومەتە نەوەك لایەنی تر [٢].

سێیەم: لەلایەکی ترەوە فاکتەری نەوت و گاز هۆکار بووە بۆئەوەی بابەتێکی نوێ، یان کێشەیەکی نوێ لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا دروستبێت، چونکە ئەگەر لەرابردودا بەشی گەورەی کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق کێشەی ( خاك) بووبێت، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق و دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، پرسی نەوت و گاز بووەتە یەکێك لە کێشە سیاسیە گەورەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ [٣]. کە ئەمەش دواجار کاریگەریی گەورەی هەبووە لە پێگەی هەرێمی کوردستان، چونکە دۆسیەی نەوت و گاز لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لەسەر سەرچاوەیەکی ئابووریی نێوخۆی نەماوە و بۆتە شەڕێکی سیاسی کاریگەر بە هاوکێشە ناوچەی و نێودەوڵەتییەکان.

گەندەڵی لە کەرتی نەوت گازدا، هۆکارێکی ترە لەوەی کە ڕێگر بووە لە بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێوخۆی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم بابەتە زیاتر ئابوورییە بۆیە لە پاشتردا کاریگەرییە ئابورییەکان بە فروانتر ڕوونی دەکەینەوە.

بوونی بێ متمانەیی سیاسی و ململانێی سیاسی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا پرۆسەی چاکسازی لە کەرتی نەوت و گازدا قورسکردووە، بە تایبەت چاکسازی لەناو وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا، بۆیە ئەمەش وایکردووە پێگەی هەرێم بە هێز دەرنەکەوێت، ئەوەی وای کردووە لاوازبێت ئەو گەندەڵییە یە کە لە کەرتی نەوت و گازدا هەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە قوت و ژیانی خەڵکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لەبری بنبڕکردن و چاکسازی کردن لە کەرتی نەوت و گازدا پینەو پەڕۆی گەندەڵی دەکرێت.

---

(١) شێرکۆ جەودەت، ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت خزمەت بە شەفافیەتی نەوت و غاز ناکات، وەرگیراوە لە: سایتی ویستگە ، https://www.westganews.net/dreja.aspx?=hewal&jmara=59731&Jor=8، ڕێکەوت ٢٠٢١/٧/٢٩

(٢) سەنگەر ڕسوڵ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٦.

(٣) سفین جلال فتح الله، نەوتی هەرێمی کوردستان شیکردنەوەیەکی جوگرافی سیاسی،( دەزگای چاپ وپەخشی نارین، هەولێر، ٢٠١٥)، ل١٤٩.

**داخوازی دووەم: کاریگەرییە ئابورییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆدا:** نەوت و گاز ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە گەشەسەندنی ئابووری عێراق و هەرێمی کوردستان، چونکە لە فرۆشتنی نەوت و گاز دارایی پێویستیان دەستدەکەوێت بۆ تەمویلکردنی پرۆژەکان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی ناوخۆ. وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی بەرەوپێشچونی کەرتی نەوت و گاز داوە، بەشێکی گرنگیش لەم هەوڵە بە ئاڕاستەی بە هێزکرنی ئابوری هەرێم بووە.

دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بووە خاوەنی یاسای نەوت و گازی تایبەت بەخۆی، بە شێوەی سەربەخۆ مامەڵەی بە کەرتی نەوت و گازی هەرێمەوە کرد، قۆناغێکی نوێ هاتە کایەوە لە مێژووی کەرتی نەوت و گازی هەرێم، ئەوەی لێردا مەبەستە بگەین بە وەڵامی ئەو پرسیارەی، ئایا کاریگەری ئابوری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان چۆن بووە لە ئاستی ناوخۆدا؟ئاخۆ کاریگەری ئەرێنی یاخود نەرێنی هەبووە؟ هۆکارەکان چین؟

وەك ئەوەی لە پێشتردا ئاماژەمان پێداوە نەوت و گاز بۆ هەرێمی کوردستان بووە بە سەرچاوەی سەرەکی داهات، بۆیە کاریگەری ئابوری نەوت و گاز لەسەر ئاستی ناوخۆ دیارو ئاشکرایە، بەڵام کاریگەرییەکان لە ئاستی پێویستدا نییە چونکە سەرباری سەربەخۆ فرۆشتنی بەردەوامی نەوت گاز هێشتا حکومەتی هەرێم چاوەڕێی پارەی حکومەتی فیدراڵییە بۆ پڕکردنوەی پێداویستی و موچە، ئەمەش بە شێکی زۆری بۆ خراپ بەڕێوەبردن و خراپ مامەڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە لە کەرتی نەوت و گازدا.

بەشێك لەو هۆکارنەی وایانکردووە داهاتی سامانی سروشتی نەوت و گاز پێداویستییەکانی هەرێم پڕنەکاتەوە، ئەمەش وایکردووە کاریگەرییە ئابورییەکەی لە پێگەی هەرێم لە ئاستی ناوخۆ کەمبکەتەوە:

یەکەم: خراپ بە ڕێوەبردن و جێبەجێنەکردنی چەند ماددەیەکی گرنگ لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، بۆنمونە: لە بەشی پێنجەمی یاسای نەوت و گازی هەرێمدا هاتووە کە چوار کۆمپانیای نیشتمانی کوردستان تایبەت بە نەوت و گاز وەك دامەزراوەی نەوتی نیشتیمانی دادەمەزرێنێت، ئەوەش کۆمپانیاکانی (KNOC، KEPCO، KOMO، KODO (*))، هەروەها سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتییەکان (KOTO (**)) دادەمەزرێنێت، بەڵام هیچ کام لەم خاڵەنەی یاسای نەوت و گاز جێبەجێنەکراون. ئەگەر ئەم ماددانە جێبەجێبکرانەیە ئەوە ئەو کۆمپانیە خۆماڵیانە گرنگیەکی بەرچاویان دەبوو لە بەرەوپێشچونی ئابوریی هەرێم، چونکە بڕێکی زۆر قازانج بۆ هەرێم دەگەڕایەوە کە ئەمەش لە ڕووی ئابورییەوە پێگەی هەرێمی کوردستانی بەهێزتر دەکرد، بەتایبەتی دامەزراندنی کۆمپانیای کوردستان بۆ پالاوتن و پاشکۆکانی (KODO) و دامەزراندنی کۆمپانیای ( KOMO) بۆ بەبازاڕکردنی نەوتی کوردستان، بە بەراورد بە حکومەتی فیدراڵی، حکومەتی هەرێم هیچ دامەزراوەیەکی تایبەتی ڕەسمی نییە کە سەرپەرشتی فرۆشتنی نەوتی کوردستان بکات، وەك چۆن لە عێراق کۆمپانیای (سۆمۆ) ئەم کارە دەکات.

---

(*) KEPCO (Kurdistan Exploration and Production Company) کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی نەوت.

KNOC (Kurdistan National Oil Company) کۆمپانیای کوردستانی نیشتیمانی نەوت .

KOMO (Kurdistan Oil Marketing Organization) کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازاڕکردنی نەوت.

KODO (Kurdistan Organization for Downstream Operations) کۆمپانیای کوردستان بۆ پڕۆسەکانی پالاوتن و پاشەکۆکانی .وەرگیراوە لە: ماددەی (١١،١٢،١٣)، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی - عێراق

(**) KOTO (Kurdistan Oil Trust Organization) سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان. وەرگیراوە : ماددەی (١٥)، یاسای ژمارە (٢٢) ساڵی (٢٠٠٧) یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی – عێراق.

دووەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی خراپی جۆری گرێبەستەکانی نەوت و گاز برێك لە سودی ئابوری لە دەستداوە، وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێداوە زۆرینەی گرێبەستەکانی هەرێم کە لەگەڵ کۆمپانیاکان کردویەتی لە جۆری گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانە ( العقود المشارکه فی الانتاج)( Producting Sharing Contract )، بە پێی ئەم جۆرە گرێبەستە کۆمپانیاکان بردنە دەرەوەی نەوت و بەگەڕخستنی تەکنیك و سەرمایەی خۆیان دەگرنە ئەستۆ، پاشان قازانجی ساڵانەی خۆیان هەڵیئەگرنەوە، ئەوجا چی مایەوە بە پێی ئەو ڕێژەیەی ڕێککەوتون لەگەڵ حکومەتدا دابەشی دەکەن، ئەمەش بەشێکی زۆری دەڕوات بۆ کۆمپانیاکان لەڕووی هەقدەست و شایستە داراییەکانیان و خەرجیەکانی تر، هەربۆیە بەشێك لە شارەزایان پێیان وایە ئەم جۆرە گرێبەستە یەکێکە لەو جۆری گرێبەستانەی کە ناوبانگێکی خراپیان هەیە[١]. ئەمەش بەشێکی تری لاوازی بەڕێوەبردنە، کە زیانی بە پێگەی هەرێمی کوردستان گەیاندووە لەسەر ئاستی ناوخۆ، چونکە نازاندرێت ڕێژەی دارایی بە دەستهاتووی حکومەت چەندە کە دەگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی دارایی هەرێم.

سێیەم: زۆر جار هەرێمی کوردستان کێشەی لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی خاوەن پشکی کەرتی نەوت و گاز هەبووە، یان حکومەتی فیدراڵ سکاڵای لێکردووە لەو دادگایەیی کە وەك ناوبژیوان دیاری کراوە لە گرێبەستەکانی نێوان هەرێم و کۆمپانییەکان، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان ئەزمونی پێشینەی نییە، زۆربەی کەیسەکانی دۆڕاندووە. وەك مەرجێکی بە یاسایی بونی گرێبەستەکان کاتێك ولاتێك گرێبەستی نەوت و گاز لەگەڵ کۆمپانییەکی بیانی واژۆدەکات دەبێت ناوبژیوانی (التحکیم)( Arbitration ) دیاری بکەن بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك کە لەنێوانیان ڕوودەدات، هەروەها کاتێك یەکێك لە لایەنەکانی ئەم گرێبەستە بە ئەرکی خۆی هەڵنەستێت، لایەنەکەی تر سکالاْ دەکات، هانا بۆ لایەنی ناوبژیوان دەبات، ئەم ناوبژیوانە وەك لایەنی سێیەم بڕیار لەسەر کێشەکانی نێوانیان دەدات و بۆیان یەکلا دەکاتەوە، لە زۆربەی گریبەستە گەورەکانی بازرگانی دادگا بەناوبانگەکانی ولاْتان وەك ناوبژیوان دیاری دەکرێن، ئەم دادگایەنەش سیستەمی ئەندام بوونیان هەیە زۆربەی ولاْتان تێدا ئەندامن[٢].

کە ئەمەش دواجار کاریگەری هەبووە لە پێگەی هەرێمی کوردستان چی لە ڕووی سیاسی یان ئابوری بێت. لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی کەمی هەیە لە بواری نەوت و گازدا بەتایبەتی لە بەستنی گرێبەستەکان، بۆیە زۆربەی گرێبەستەکانی هەرێم کردویەتی لەگەڵ کۆمپانیاکان ناوەڕۆکی گرێبەستەکان بەشێوەیەك بووە لە ئەگەری ڕوودانی کێشەیەك ئەوەندە ماف بە کۆمپانیا دراوە ئەوەندە مافی بە هەرێم نەداوە، وەك لایەنێکی گرێبەستەکە، هەروەها کۆمپانیا بەهۆی کەم شارەزای هەرێمەوە، وەك لایەنێکی گرێبەستەکە جۆرێك لە فێڵی کردووە لە لایەنی بەرامبەر لە کاتی نووسینەوەی گرێبەسەتەکان، بۆیە کاتێك کێشەیەك دروست دەبێت لەوکاتەی پەنا بۆ دادگای ولاْتی ناوبژیوان دەبرێت دەبینین کەیسەکە لەبەرژەوەندی کۆمپانیا کۆتایی دێت و هەرێم کۆمەڵێك بەرپرسیاریەتی دارایی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ نمونە: هەردوو کۆمپانیای دانا غاز و هیلال پیترۆلیۆم، کە کاری وەبەرهێنانی گاز دەکەن لە کێڵگەی کۆرمۆر لە چەمچەماڵ، بەهۆی تۆمارکردنی داوای یاسایی لەسەر حکومەتی هەرێم، داوای بڕێکی زۆر پارەی قەرەبوویان دەکرد، ئەمەش لەبەرامبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم شایستە داراییەکانی لەکاتی خۆیدا نەداوەتەوە، لە بەرامبەر کارکردنی لە کێڵگەی گازی کۆرمۆر، ئەمەش وەك مەرجێکی

---

(١) بەهرۆز جەعفەر، جیۆپۆڵەتیکی نوێی ووزەی هەرێمی کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی دواین پێشهاتە هەرێمایەتییەکاندا، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) ڕێبوار محمد أمین، ماف و ئەرك لەگرێبەستی نەوت و غازدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٤١ـ ٢٤٤.

کۆمپانیا لە گرێبەستەکەدا جێگربووە[١].دواجار ئەمەش کاریگەری لە پێگەی هەرێم کردووە بە برێك زۆر دارایی هەرێم سزا دراوە.

چوارەم: وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدابوو ناشەفافیات و گەندەڵی کاریگەری زۆر هەیە لە کەرتی نەوت و گازدا، (گەندەڵ[*])ی زیانی گەورەی لە کاریگەرییە ئابورییەکانی فاکتەری نەوت و گاز داوە، گەندەڵییەکی زۆرهەیە لەم کەرتەدا، گەندەڵی هەر لە شیرینی گرێبەستەکان[**] و لە هەرزان فرۆشتنی نەوت و گواستنەوەی نەوت و گەڕانەوەی پارەی نەوتەکە، تا دەگات بە گۆڕینەوەی پارەی دۆلاری داهاتی نەوت بۆ دراوی عێراقی [٢].

پێنجەم: وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدابوو نەوت و گاز بووە هۆکارێکی نوێ بۆ کێشە و ملاملانێکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، دەرئەنجام حکومەتی فیدراڵی بەشە بودجەی هەرێمی نەنارد ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر قوت و موچەی خەڵك.

بەڕێوەبردن و مامەڵەکردنی حکومەتی هەرێم بە کەرتی نەوت و گازەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ لەلایەن گەلی کوردستانەوە ڕووبەڕوی ڕەخنە بووەتەوە، دەتواندرا داهاتی نەوت و گاز بەپێی پلان و بەرنامەیەکی ئابووری بەکاربهێندرایە و پێویست بوو بەشێوەیەکی شەفاف و دادپەروەرانە و ژیرانە ئەم فاکتەرە گرنگە بەڕێوە ببرایە، چونکە تەنیا لە ڕێگای سیاسەتێکی لۆژیکییانەی شەفافەوە، نەوت و گاز دەبێتە داهاتوویەکی باش بۆ هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ هەموو ئەم هۆکارانەشدا فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری ئابوری هەیە لە بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی ناخۆی هەرێم و عێراق، چونکە سامانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان چەندین سیفەتی سروشتی گرنگی هەیە، نەوت و گازی کوردستان لەوشکانیدایە و بەوە دەناسرێتەوە کە پوخت و پاکە و تێکەڵ بە ئاو نیە، مادەی پیسی کەمتر تێدایە و لە کەمترین قوڵایی زەویدایە، بۆ بەرهەمهێنانی خەرجی کەمتر پێویستە بە بەراورد بە هەندێك لە وڵاتان کە تێچووی دەرهێنانی نەوت و گازی زۆر زۆرە، هەندێك کات هێندەی

---

(١) حکومەتی هەرێم ١٤ ملیۆن دۆلاری بە دانەغاز دۆڕاند، وەرگیراوە لە سایتی میللەت ، https://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=44588&T ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٨.

(*) گەندەڵی(corruption) بەپێی پێناسەی نەتەوەیەکگرتووەکان , دیاردەیەکی سیاسی , کۆمەڵایەتی و ئابوری ئاڵۆزە,کەتاك یان لایەنێك داهاتی گشتی لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاردەهێنێت , وە ئاستی تێوەگلان لەدیاردەی گەندەڵی لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە بەپێی ئاستی پێشکەوتووی کۆمەڵگا و بوونی دامەزراوەی بەهێزی جێبەجێکردن ( حکومەت) و یاسادانان(پەرلەمان)و دادوەری. وەرگیراوە لە: https://www.un.org/site-search/?query=corruption .

(**)بەپێی گرێبەستی هاوبەشی بەرهەمهێنانی کۆمپانیا نەوتییەکان برێکی گەورە لە پارە بەدۆلاری ئەمریکی بەشێوەی کاش و بەشێوەی جێبەجێکردنی پرۆژە پێشکەشی حکومەتی هەرێم کراوە کە مەزندە دەکرێت لەسەرووی ٤ ملیار دۆلارەوە بێت ( بەهۆی لێڵی شەفافییەت و دیاری نەبوونی سەرچاوەی زانیارییەکان نەتوانراوە ژمارەی دروست دەست بخرێت )، کەئەوە یەکێکە لە کێشەکانی سیاسەتی نەوتی هەرێم و خەڵك دەیەوێت بزانێت کەئایا تاچەند ئەو برە پارەیە لەژێرخانی ئابووری وەك ڕێگاوبان و بنیاتنانی خوێندنگا و نەخۆشخانە و یاریگا و پارك خەرج کراوە .؟ بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچانەی کەنەوتی لێدەردەهێنرێت , چونکە ئەو ناوچانە دەبنە قوربانی یەکەمی تێکچوونی ژینگەکەیان بۆیە گرنگە راپۆرتێکی پر بە ووردەکاریی و ژنارەوە لەبارەی چۆنیەتی وەرگرتنی پارەکە و برەکەی و چۆنیەتی خەرجکردن و بینینی دەرئەنجامەکانی لەسەر ئەرزی واقیعدا روون بکرێتەوە. سەنگەر ڕسوڵ، فەرمان رەشاد، ئاری عەبدوڵلا ، شەفافییەتی نەوتی کوردستان لە چاوی دیلۆیتەوە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

(٢) ئەنوەر کەریم، شیکاری سوات بۆ کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو.

نرخی فرۆشتنکەی تێدەچێت، نەوت و گاز هەرێمی کوردستان تێچوی بەرهەمهێنانی کەمە و بەرامبەر بەمەش قازانجی ئابوری زۆرە، ئەمەش لایەنێکی گرنگی ئابورییە بۆ بەهێزکردنی پێگەی هەریمی کوردستان [1].

فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری بەرچاوییان هەیە لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆ، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی سەربەخۆیانە مامەڵەی بە نەوت و گازی هەرێمەوە کردووە، بۆیە ئەوە بەرپرسیارییەتی گرنگی بۆ دروستبووە بەرامبەر بە گەلی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، بۆیە کاردانەوەی گەلی کوردسان و حکومەتی فیدراڵ دەبێتە پێوەر بۆ ئەوەی تێبگەین لە کاریگەری فاکتەری نەوت وگاز لە پێگەی هەرێم لە سەر ئاستی ناخۆ.

---

(١) بەهرۆز جەعفەر، جیۆپۆڵەتیکی نوێی ووزەی هەرێمی کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی دوایین پێشهاتە هەرێمایەتییەکاندا، وەرگیراوە لە: سایتی پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی ، https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare، ڕێکەوت ٢٠٢١/٧/٢٩.

## باسی دووەم

## کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی هەرێمی (پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بە نموونە)

لە سەرەتای سەرهەڵدانی پیشەسازی نەوت وەك مادەیەکی خاوی ئۆرگانی ڕووە سیاسیەکانی گرنگی پترى هەبووە لە ڕووە ئابوورییەکانی، بڕ و نرخی نەوت پەیوەندی بە بڕیاری سیاسیەوە هەیە زیاتر لەوەی پەیوەندی بەمیکانزمی یاساکانی بازاڕی باو و کلاسیکەوە هەبێت، برو نرخی نەوت تەنها پەیوەستداری بە (عرض وطلب) نیە، بەڵکو هۆکاری سیاسیش پەیوەنداره لەم نێوانەدا(١). برو نرخ ئێستا لەململانێیەکدایە لە نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەر و وڵاتانی خوازیاری نەوت، نەوت کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بەقەد ئەوەی سیاسەت کاریگەری کردۆتە سەر پیشەسازی نەوت و گاز، ئەوەندەش نەوت بزوێنەری سیاسەتی نێودەوڵەتی بووە، گرنگیەکی ئابوری و جیهانی هەیە و کاری کردووەتە سەر پەیوەندی نێوان گەلان و وڵاتی جیهان(٢).

دەتوانرێت نەوت وەك چەك بەکار بهێنرێت بۆ فشار و هێنانەدی بەرژەوەندییەکان، ڕۆژ بەڕۆژیش ئەم خاڵە جێگیر تر دەبێ لە گۆڕەپانی نێو دەوڵەتیدا، بوونی نەوت لەوڵاتانەداو پیشەسازی سەرمایەداری و جیهانی بۆ ئەو مادە ستراتیژییە، ئەوە دەبەخشێ کە هێز و توانایەکی دبلۆماسی و سیاسیی هەیە و دەتواندرێ بۆ هەندێ مەبەستی پەیوەندی سیاسی و دۆستایەتی گەلانی جیهان بەکاربهێنرێت (٣). یاخود بەرژەوەندی ئۆرگانییەکانی وڵاتانی سەربەخۆ و گەلانی ئاشتخوازی جیهان بە ئاشتیانە بەرجەستە بکەن، پیشەسازی سەرمایەداری جیهانی بەبێ ئەو ماددەیە هەڵسوڕاندنی ئاستەمە، بۆیە ئەو وڵاتانەی خاوەنی ئەم سەرچاوە گرنگەنین هەو ڵدەدەن بە ڕێگای هێزی سەربازی و سیاسی خۆیان لەو مادە ستراتیژییە ببەنە پێش و پێداویستی وزە بۆ خۆیان دابین بکەن(٤).

فاکتەری نەوت و گاز ڕۆڵێکی گرنگی بەرچاوییان هەبووە لە داڕشتنی ئەو نەخشە سیاسیەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە ئارادایە، هاوکات کاریگەری هەبوو لە دیارکردنی ئەو پەیوەندیە سیاسی و ئابووری و تەنانەت کۆمەڵایەتیانەی لە ناوچەکەدا هەیە، لە قۆناغی ئێستادا خەریکە ئەو نەخشە سیاسیە هەڵدەوەشێتەوە و گۆڕانی بەسەردا دێت، ناکرێت فاکتەری نەوت و بازرگانی نەوت لەکۆی ئەو پرۆسەیەدا فەرامۆش بکەین، وەك دەردەکەوێت بازرگانی نەوت و گاز رۆڵی گەورەی خۆی دەگێڕێت لە داڕشتنەوەی ئەو پەیوەندییە هەرێمایەتیانەدا(٥). بۆ وێنە لە عێراق پرۆسەی بەرهەمهێنان و بازرگانی نەوت لە دەست حکومەتی فیدراڵدا بوو، بەڵام دۆخەکە خەریکە بەشێوەیەکی تر وەرچەرخێت، ئێستا هەرێمی کوردستان بە بێگەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ ڕاستەوخۆ بە هاوکاری دەوڵەتە هەرێمییەکان نەوت دەنێرێتە دەرەوە.

---

(١) کاوە نادر، ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا، (چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٨) ل ٤٢٩.

(٢) سەردار عەزیز، شەڕی نرخی نەوت، وەرگیراوە لە سایتی دیپلۆماتیك مەگەزین، http://diplomaticmagazine.net/economy/٢٨٦٣، ڕێکەوت ٢٠٢٢/٩/١٥.

(٣) کاوە نادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٩.

(٤) محمد امین گەناوی، نەوت و ڕەهەندەکانی، وەرگیراوە لە سایتی وتار کورد، https://www.wtarikurd.info/2014/02/26/، ڕێکەوت ٢٠٢٢/٨/٨.

(٥) کامەران مەنتك، بازرگانی ڕەشی نەوت و داڕشتنەوەی پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان، (چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٧) ل ٢٩.

لە هەندێك بارودۆخی نێودەوڵەتی ڕێگە بە هەرێمە فیدراڵییەكان دەدات پەیوەندی دەرەكی و دیبلۆماسییان هەبێت بە پێی دۆخی باو (de facto) نەك بە پێی یاسا (de jure) واتە زۆر جار ئەم هەرێمانە وەك دۆخێكی باو (دیفاكتۆیەك) دەبن بە خاوەنی پەیوەندی دیبلۆماسی و لەگەڵ وڵاتانی تر و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكاندا مامەڵە دەكەن و پەیوەندی دەگرن. لە ئەمڕۆدا ژمارەیەك لە هەرێم و ویلایەتەكانی وڵاتانی دونیا چالاكانە بەشدارن لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، هەندێك شارەزا باس لە (٣٦٠) هەرێم و ویلایەت دەكەن ئەمە بەبێ ناوهێنانی شارە گەورەكان كە لەم بوارەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەوانیش ڕۆڵ دەگێڕن[١].

كوردستان وڵاتێكی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی نییە، هەرێمێكە لە نێو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا، بەڵام لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی دەوڵەتی عێراق گۆڕانكاری تێدا ڕوویدات، ئەكتەرێك بووە ئامادەی هەبووە، لە زۆر بابەت وەك كیانێكی نیمچە سەربەخۆ مامەڵەی كردووە بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان، چی لە ئاستی هەرێمی و چی لە ئاستی نێودەوڵەتی، بۆیە لە دوای پرۆسەی ئازادیی و نوسینەوەی دەستوری فیدراڵی لە ساڵی (٢٠٠٥) ، هەرێمی كوردستان بەو پێگەیەیی كە پێشتر هەیبووە وەك هەرێمێك لە نێو دەستوردا جێگەی كراوەتەوە، هەر بۆیە حكومەتی فیدراڵ دانیناوە بە بەردەوامبوونی كاركردن بەو یاسایانەی كە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە دەرچوون، ئەو بڕیارانەشی كە لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە دەرچوون (بڕیارەكانی دادگە و گرێبەستەكان) جێبەجێدەكرێن، ئەگەر هەموار نەكرابێتنەوە، یاخوود هەڵنەوەشێندرابێتنەوە، لە لایەن حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، یاخود پێچەوانەی دەستووری فیدراڵ نەبن بۆیە نەبوونی كەسێتی یاسایی نێودەوڵەتی هەرێمی كوردستان بەو واتایە نایەت كە ئەم هەرێمە ناتوانێت بە هیچ جۆرێك پەیوەندی دەرەكی هەبێت و لەم ڕووەوە كۆت و بەند بكرێت، بەڵكو لە هەندێك بواردا هەرێم دەتوانێت پەیوەندیی لەگەڵ دەرەوەدا هەبێت، بەتایبەتی لە بواری ئابوری و فەرهەنگیدا، یان لە بواری كردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتی لە وڵاتانی تردا[٢].

پێگەی جوگرافیایی هەرێمی كوردستان لەسەر نەخشەی دەوڵەتی فیدراڵی دەكەوێتە بەشی باكوری عێراقەوە، هەرێم هاوسنورە لەگەڵ هەریەكە لە (توركیا، ئێران و سوریا) بۆیە ئەم سێ دەوڵەتە دراوسێی هەرێمی كوردستانن، بۆ باسكردنی مێژووی پەیوەندیی نێوان دوو دەوڵەت دەگەڕێینەوە بۆ مێژووی دانپێدانانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە پاشان ڕێكەوتنە فرە چەشنەكانی نێوانیان و هەوڵی هەرلایەك بۆ ڕێزگرتن یان لادان لەو ڕێكەوتنانە باس دەكرێت، بەڵام كاتێك باس لە پەیوەندییەكانی هەرێمی كوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ وەك (توركیا، ئێران و سوریا) دەكرێت، دەبینین هەرێمی كوردستان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە دانپێدانراو نەبووە، چونكە سیفەتی یاسایی نێودەوڵەتی نەبووە و سنورەكانی دانپێدانراو نەبووە، بەڵام هەریەك لەو دەوڵەتانە بەشێوازی تایبەتی خۆی گرنگی پێداوە و پەیوەندیی لەگەڵ بەستووە، لە بەرامبەردا هەرێمی كوردستان بووە بە بەشێكی گرنگ لە مێژووی ململانێی و پەیوەندییەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك پێگەیەكی جوگرافی و گۆڕانكاریی و پەرەسەندنە ناوخۆییەكانی بەشێوازێك كاریگەربووە لە ناوچەكەدا[٣].

---

(١) شێرزاد نجار، هەرێمی كوردستان و دیبلۆماسییەتی سەخت، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) خامۆش عمر عبدالله، تێوری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، (چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١) ، ل ل٢٧٥_٢٩٥.

(٣) هێرش عەبدوڵڵا حمە كەریم، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢.

(توركيا، ئێران و سوريا) له دەوڵەته هەرێمییەکانی ناوچەکەن، هەر له سەرەتای دروستبونی ئەم قەوارەیەوە هەر یەکە بە شێوە و ڕادەی جیاواز پەیوەندیان لەگەڵ هەرێم هەبووە، بەڵام ئەم پەیوەندییە کارتێکەری کۆمەڵێك فاکتەر بوون کە دیارترنیان فاکتەری نەوت و گاز بووە. لەم ساڵانەی دوایدا توركيا پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبووە لە بواری نەوت و گازدا، لێرەوە پرسیارێکی سەرەکیمان بۆ دێتە پێشەوە ئەویش کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێم لە سەر ئاستی پەیوەندی نێوان هەرێم و دەوڵەتە هەرێمییەکانی دراوسێی چییە؟ کە دیارترین توركيایە، ئەگەر لێرەوە پرسێکی تر بێتە پێشەوە بۆچی هەرێمی کوردستان لە بابەتی نەوت و گازدا زیاتر پەیوەندی لەگەڵ توركيا هەیە نەك ئێران و سوريا؟ دیارە ئەمەش کۆمەڵێك هۆکاری هەیە کە پەیوەندی بە هەڵکەوتەی جوگرافیا و باردۆخی ئابوری و سیاسی دەوڵەتە دراوسێکانەوە هەیە.

ئەوەی لێرەدە گرنگە ئەوەیە بزانین فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری سیاسی و ئابوری چیە لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی هەرێمی؟ بە تایبەتی کاریگەرییە سیاسیی و ئابورییەکانی چیە لەسەر پەیوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ توركيا و ئێرانەوە؟

**داخوازی یەکەم: کاریگەرییە سیاسیەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ توركيا:** هەریەکە لە (توركيا و ئێران) دوو دەوڵەتی گەورەی هەرێمین و هەریەکە دەیەوێت هەژموون هەبێت لەسەر ئاستی هەرێمیدا، هەرێمی کوردستان زیاتر کەوتۆتە نێوان بەرداشی توركيا و ئێرانەوە ئەمەش بەهۆی زیاتر پەیوەندی بە نزیکی ئەم دوو دەوڵەتە هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، هەروەها هەرێمی کوردستانیش زیاتر لە هەرێمێك دەرگای بەسەر ئەم دوو دەوڵەتە ناوچەییەدا کردووەتەوە، توركيا بە پەیوەندی لەگەڵ هەرێم قورسایی سیاسی و کارتەکانی دەستی لە پەیوەندییە دەرەکیەکاندا زیاتر دەکات کە ئەمەش وادەکات مەیدانی دەستڕۆشتوویی سیاسی لە ناوچەکە بەتایبەتی لە عێراق زیاد بکات، هەروەها لە ڕووی ململانێیە جیۆپۆلەتیکییەکان کاریگەرییەکانی حکومەتی تاران لەسەر باشووری عێراق و دەستڕۆشتوویی وڵاتانی سوننە لە ناوچەی ناوەڕاستی عێراق شتێکی ئاشکرایە، بەڵام توركيا مەیدانێکی کاریگەری ئەوتۆی لە عێراقدا نییە تەنها تورکمان نەبێت، تورکمانیش لە ڕووی سیاسیەوە ناتوانێت ببێتە کارتێکی بەهێزی توركيا، بۆیە بەبێ پەیوەندی لەگەڵ کورد لە داهاتووی عێراقدا یان لە گۆڕانکارییە درێژخایەنەکاندا ڕۆڵی بەرچاوی نابێت[١].

توركيا بە مەرجی ڕێکەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە ویستگەی گەیاندنی وزە بۆ ئەوروپا چونکە نەوتی هەرێم لە ڕێگای بەندەر جەیهانی توركياوە هەناردەی وڵاتان دەکرێت، بەم جۆرەش قورساییە سیاسیەکەی لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە زیاتر دەبێت بە پێویستیەکی زۆری بە وزە هەیە[٢]. ئەمە تەنانەت دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی دابنێت لەسەر پرۆسەی ئەندامێتی توركيا لە یەکێتی ئەوروپادا، هەروەها دەکرێت ئەم پەیوەندییە ئابورییە کاریگەری لەسەر چارەسەربوونی مەسەلەی کوردیش هەبێت لە توركيا، هەروەها بۆ توركياش ئەکرێت لە ڕێگەی پەیوەندییە ئابوری و سیاسییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایشی سنورەکانی باشتر و بەهێزتر بکات،

---

(١) پەروێز ڕەحیم قادر، نەجات علی صالح ، کاریگەرییەکانی توركيا لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، (چاپخانەی موکریانی، هەولێر،٢٠١٠) ل ١٤٩.

(٢) یادگار صدیق گەلاڵی ، هەرێم بواری جوڵەی کەمە، وەرگیراوە لە: سایتی شەن پرێس، http://www.shanpress.com/Wtardetails.aspx?jimare=3562، ڕێکەوت ٢٠٢١/٦/٢٩.

"ئەحمەد داود ئوغلۆ" لەو بڕوایەدایە کە زیادکردنی ژمارەی سەربازەکان لەسەر سنورەکان بە تەنها ناتوانن ئاسایشی سنورەکان بپارێزن، بەڵکو بوونی پەیوەندییەکی بازرگانی باش لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەشداری ئەکات لە بەهێزبوونی ئاسایشی سنورەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان(١).

وڵاتی تورکیا پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، خاڵی سەرەتاو وەرچەرخانی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بۆ جەنگی دووەمی کەنداو لە ساڵی (١٩٩١) دەگەڕێتەوە، پاش ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) گەلی کوردستان و گەڕانەوەی هێزەکانی ڕژێمی عێراق بۆ ناوچەکە، لە پێناو پاراستنی هاوڵاتیانی باشوری کوردستان و لەسەر پێشنیاری (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا و تورکیا) ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە(٥/٤/١٩٩١) دا بڕیاری ژمارە (٦٨٨) ی دەرکرد و هێڵی (٣٦) ی وەك جیاکەرەوەیەك لە نێوان کوردستان و بەشەکانی دیەکەی عێراقدا دیاری کرد. بەم جۆرە ناوچەکانی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکان و پاش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی (١٩٩٢)، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرێندرا(٢).

ئەوەی پەیوەندی بە تورکیاوە هەبێت، لە دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە نەوت بوو بەبەشێك لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، هۆکاری ئەم بایەخەی تورکیا بە وزە لەلایەکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تورکیا وڵاتێکی بەکاربەری وزەیە و لە لایەکی ترەوە تورکیا دەیەوێت لە ڕێگەی بەیەکگەیاندنی فرۆشیارو کڕیارەکانی وزەوە پێگەی خۆی لە ناوچەکە بەهێز بکات(٣).

دەوڵەمەندی هەرێمی کوردستان بە سەرچاوەکانی وزەی وەك نەوت و گازی سروشتی و کاریگەری لەسەر ئاسایش و ئابووری تورکیا هەیە، بەردەوامیی جموجۆڵ و چالاکیەکانی تورکیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و کارکردن بۆ چەسپاندنی هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا، وای کردووە حکومەتی ئەنقەرە لە ئەجێندای سیاسی دەرەویدا گرنگی و بایەخێکی ئێجگار زۆر بەم ناوچەیە بدات، لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان لە ڕووی جیۆپۆلەتیکی وزەوە ناوچەیەکی گرنگ و پڕ بایەخە بۆ دەوڵەتی تورکیا، بەتایبەتی لە سۆنگەی کەمکردنەوەی پەیوەستبوونی دەرەکی و پڕکردنەوەی پێداویستیە ناوخۆیەکانی وڵاتەکەی لە بواری وزەدا بۆ ماوەیەکی درێژ بەنرخێکی کەم، بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەڕێگەی گواستنەوەی وزەی ناوچەکە و دۆزینەوەی بازاڕێك بۆ ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانی تورکیا ویستی لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان جگە لەوەی کار بۆ کۆمپانیا نەوتیەکانی بدۆزێتەوە، بە تێچوویەکی کەم بەشێکی زۆر لە پێداویستیەکان وزە پڕ بکاتەوەو هەرێمی کوردستان بکات بە جێگرەوەیەك بۆ (ڕوسیا و ئێران) کە دابینکەری وزەی تورکیان(٤).

پەیوەندی نێوان هەرێمی کورستان و تورکیا فاکتەری نەوت گاز تەنها ڕەهەندی ئابوری نییە، بەڵکو ڕەهەندی سیاسی و سەربازیشی هەیە، فرۆشتنی نەوت و گاز لە ڕێگەی تورکیا بووە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات بۆ هەرێم، بۆیە بەتێکچونی ئاسایشی سنوری نێوان تورکیا و هەرێم سەرچاوەی داهاتی لە دەستدەدات، ئەمەش بە

---

(١) قارەمان علی ، تورکیا و هەرێمی کوردستان دوای ڕیفراندۆم:ئایندەی پەیوەندییەکانیان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە (٨)، سلێمانی، (شوباتی ٢٠١٨) ، ل٢٨.

(٢) هێمن محمد قادر، کاریگەری وزە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە( ٧) ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەی، سلێمانی، (ئایاری ٢٠٢١)، ل٧٩.

(٣) قارەمان علی ، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

(٤) هەمان سەرچاوە .

تایبەتی جۆرێك لە دەستكرانەوەی (پ ك ك ) كەمدەكاتەوە[١]. چونكە ئەگەر ئاسایشی سنور تێكبچێت، ئەوە نەوتی هەرێم ناگات بە بەندەری جەیهانی توركی بۆ فرۆشتن، ئەوكات سەرچاوەی سەرەكی داهاتی هەرێم دەوەستێت هەرێم ناچار دەكات بێتە سەرخەت و هەوڵی چارەسەركردنی بدات، ئەمەش لە بەرژوەندی ئاسایشی توركیا كۆتایی دێت.

پەیوەندی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا لە بواری نەوت و گازدا گرنگی تایبەتی هەبووە بۆ هەرێمی كوردستان، هەرێمی كوردستان خاوەنی بڕێكی زۆرە لە نەوت و گازی سروشتی خەملێندراوە، بەهۆی ئەوەی توركیا ئێستا پردی گەیاندنی وزەی ئەوروپایە و پێشتر ژێرخانی گواستنەوەی نەوت و گازی داناوە، هەروەها باشترین بژاردەی هەرێمی كوردستانە بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت و گازی سروشتی بۆ ساغكردنەوەی لە بازاڕی جیهانی، تا چەند ساڵێك بەر لە ئێستا توركیا دژی ناوی كورد و كوردستان بوو، هەر ئەوەندەی كە توركیا لە دژایەتی ڕاستەوخۆ وازیهێناوە و وەك دۆستی كوردستان خۆی نیشان دەدات، ئەمەش مانەی ئەوەیە كە فاكتەری نەوت و گاز تا ڕادەیەكی زۆرە كاریگەری سیاسیی هەبووە لە پێگەی هەرێمی كوردستان لە ئاستی هەرێمیدا، چونكە وایكردووە بیروبۆچونی دەوڵەتێكی گەورەی هەرێمی وەك توركیا بگۆڕێت لە دوژمن سەیركردنی كوردستان بیكات بە دۆست و هاوپەیمانی خۆی [٢].

ئەو مافەی لە دەستوری عیراقدا بە حكومەتی هەرێم بەخشراوە لە بواری پەیوەندی دەرەكی دەتوانێت تەنها لە چوارچێوەی دیبلۆماسیی هاوتەریب ( پارا دیپلۆماسی [*]) (para diplomacy) خۆی ببینێتەوە[٣]. لەهەموو بارودۆخێكدا هەرێم لە ژێر كاریگەری هاوكێشە سیاسییەكانی حكومەتی فیدراڵدایە، بەتایبەتی لە بڕیاردان لەسەر كاروباری دەرەوە، بەڵام هەرێمی كوردستان بە پەیوەندی بەستنی لەگەڵ توركیا لە بواری نەوت و گاز هەوڵی داوە ئەو ڕێكخستنەی پێشووی كە بۆ بازرگانی نەوت و گاز هەیبووە لە عێراقدا تێكی بشكێنێت، لەلایەكی تر قەوارە سیاسیەكەی هەرێم زیاتر دەسەپێنێت، بۆیە دەبێت هەوڵ بدرێت پارێزگاری لە مانەوەی ئەو جۆرە بازرگانیە

---

(١) بیل پارك، و: بەرزانی مەلا وەهاب، سیاسەتی توركیا بەرامبەر بە باكوری عێراق، (چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠) ل ل ٩٩_١٠٦.

(٢) ڕنجدەر حاجی، نەوتی خاوی هەرێمی كوردستان لە نێو بەرهەمهێنانی ڕۆژهەلاَتی ناوەراست، گۆڤاری وزە، ژمارە (١) ، پەیمانگای كوردستان بۆ وزە، هەولێر، (شوباتی ٢٠١٥)، ل٣٠.

(*)پارادیپلۆماسیی (Paradiplomacy) كە لە وشەی پارا (Para) وە هاتووە، كە یەكەم برگەی وشەی (Parallel)ە واتە تەریب و هاوبەش، بریتییە لە دیپلۆماسییەتی هەرێمەكان كە هاوتەریب لەگەڵ دیپلۆماسییەتی حوكوومەتی ناوەند بەرێوەدەچێت لە ستراتیژ و بەرنامەی كاریاندا. بە گشتیی هەرێمە فیدراڵییەكان و حوكوومەتی ناوەند كۆك و هاوكارن و پێوەندییە دەرەكییەكانیان تەواوكەری یەكترن و هەموو چالاكییەكان، بۆ بەرژەوەندیی هەردوولایە, ئەڵبەتە هەندێك جار دەكرێت دژ بەیەك بووەستن یان نەگونجاێك لە بۆچووندا رووبداتپارادیپلۆماسیی یانی دیپلۆماسیی خوار دیپلۆماسیی ئاسایی، كە دەوڵەت تێیدا ئەكتەری سەرەكییە و قۆرخی پێوەندییەكانی دەرەوەی كردووە، بۆ خۆی. هەروەها، بە بۆچوونی هەر دوو پرۆفیسۆران (دۆشاجیك و سۆڵداتۆس) پارادیپلۆماسیی، وەك كۆنسێپت (چەمك)، بریتییە لەجموجووڵ و چالاكییە نێودەڵەتییەكانی قەوارەیەكی ئیداریی, لەخوارەوەی دەوڵەت، بۆ نموونە (هەرێمێك، كانتۆنێك، ولایەتێك یان پارێزگەیەك.وەرگیراوە لە: ئاریان تاوگۆزی، پارا و پرۆتۆ، كامیان؟ بۆ دیپلۆماسییەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەرگیراوە لە سایتی سپی میدیا، https://speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=238&Jmare=661، ڕێكەوت ٢٠٢١/٨/٦.

(٣) زانا كەریم، دیپلۆماسی هەرێمی كوردستان و ئاڵنگارییە یاساییەكانی، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (٧)، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەی، سلێمانی، (ئایاری ٢٠٢١)، ل٢٠.

بكرێت چونكە جۆرێك لە دەستكراوەیی بۆ كورد وەدیهێناوە، هەر بۆیە ئەو پەیوەندی و مامەڵانەی لەگەڵ توركیا هەیەتی دوور لە دەسەڵاتی حكومەتی فیدراڵ ئەنجامی داوە.

لەبەر ئەوەی نەوتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگەی خاكی توركیا دەفرۆشرێت، هەروەها ژمارەیەكی زۆر لە كۆمپانیا نەوتییە توركییەكان لە كوردستان خەریكی وەبەرهێنانن، بۆیە ئەوەندەی فاكتەری نەوت و گاز لە ڕێگەی توركیاوە كاریگەری سیاسی لە پێگەی هەرێمی كوردستان هەبووە دەوڵەتانی تری دراوسێی وەك ( ئێران و سوریا) نەیان بووە، ئەمەش هۆكاری خۆی هەبووە كە ئەم دوو دەوڵەتە نەیان توانیوە وەك توركیا لە بواری وزەدا پەیوەندییان هەبێت، دیارترین هۆكار بۆ ئێران سزا ئابورییە نێودەوڵەتییەكانی سەر ئێرانە كە وایان كردووە نەتوانێت وەك پێویست نەوت وگازی خۆشی هەناردەی بازاڕی جیهان بكات نەخوازە نەوت و گازی هەرێم، هەرچەندە بە شێوەی تەنكەر بڕێك لە نەوت و گازی سروشتی هەناردەی ئێران دەكرێت بەڵام بە بڕێكی كەمە كە نەیتوانیوە كاریگەری دروست بكات، بۆیە پەیوەندی نێوان هەرێمی كوردستان و ئێران سەرەرای بوونی هەمان ڕەهەند و سروشتی پەیوەندی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا، بۆیە ئەم پەیوەندییە ئەوەندەی كاریگەری لەسەر سەقامگیری سیاسیی هەرێم دەبێت ئەوەندە گرنگی و كاریگەری نابێت لەسەر كرانەوە و بەهێزكردنی پێگەی هەرێمی كوردستان[١].

**داخوازی دووەم: كاریگەرییە ئابورییەكانی فاكتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی كوردستان لەسەر ئاستی پەیوەندییەكانی لەگەڵ توركیا:** لایەنی ئابوری یەكێكە لەو خاڵانەی كە لەسەر سیاسەتی توركیا بەرامبەر بە عێراق بەگشتی و بەتایبەت هەرێمی كوردستان كاریگەری هەیە، توركیا هەموو كاتێك وەكو كارتێكی گوشار بەكارهێناوە، توركیا گەورەترین هاوبەشی بازرگانی عێراقەو بە ڕێژەی( ٢,٥) ملیار دۆلار هەنارده بۆ عێراق دەكات و ڕۆڵێكی بەرچاوی هەیە لە دابینكردنی پێداویستیەكانی عێراق [٢]. ئابوری كوردستانیش بەڕێژەیەكی بەرچاو وابەستەی پەیوەندییە بازرگانی و ئابورییەكانە لەگەڵ توركیا، لەو نێوەندەشدا فاكتەری نەوت و گاز لە پەیوەندی نێوان توركیا و هەرێمی كوردستان ڕەهەندێكی ئابوری گرنگی هەیە بۆ هەرێمی كوردستان، هەروەها بەنیسبەت وڵاتی توركیاشەوە ڕەهەندی ئابوری فاكتەری نەوت و گاز یەكێكە لە ڕەهەندە گرنگەكان، چونكە داخوازی و پێداویستیەكانی لە بواری وزەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بووندایە، سەرباری بەردەوامی توركیا لەكاری هەڵكەندن و گەڕان بەدوای سەرچاوەكانی وزەدا لە ئاوەكانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا، بەڵام لە ئێستادا ئەو وڵاتە تەنها لە (٢٥٪) ئەو وزەیەی كە پێویستی پێیەتی لە ناوخۆی وەڵاتەكەیدا دەتوانێت بەرهەمی بهێنێت، توركیا ساڵانە پێویستی بە نزیكە (٤٥ بۆ ٥٠) ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی هەیە، بۆیە ناچارە لە (٧٥٪) ی پێداویستیەكانی لە ڕێگەی وڵاتانی دەرەوە هاوردە بكات، لەو ڕێژەیەش (٩٪) پشت بە عێراق و هەرێمی كوردستان دەبەستێت، توركیا دوای هەریەك لە (چین و ئەڵمانیا) بە سێیەم وڵاتی هاوردەكاری گازی سروشتی دادەنرێت، هەر ئەمەش وایكردووە دەوڵەتی توركیا كرۆكی سیاسەتی دەرەوەی لەسەر بازرگانی بونیادبنێت[٣].

---

(١) كەنعان حمە غریب، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٧.

(٢) پەروێز ڕەحیم قادر، نەجات علی صالح ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦.

(٣) سەردار عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣.

بەردەوامیی جموجۆڵ و چالاکیەکانی تورکیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی و کارکردن بۆ چەسپاندنی هێز و دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا، وای کردووە حکومەتی ئەنقەرە لە ئەجێندای سیاسی دەرەویدا گرنگی و بایەخێکی ئێجگار بە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بدات، لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین هەرێمی کوردستان لە ڕووی جیۆپۆلەتیکی وزەوە ناوچەیەکی گرنگ و پڕبایەخە بۆ دەوڵەتی تورکیا، بەتایبەتی لە سۆنگەی کەمکردنەوەی پەیوەستبوونی دەرەکی و پڕکردنەوەی پێداویستیە ناوخۆیەکانی وڵاتەکەی لە بواری وزەدا بۆ ماوەیەکی درێژ بەنرخێکی کەم، بەهێزکردنی پێگەی خۆی لەڕێگەی گواستنەوەی وزەی ناوچەکە و دۆزینەوەی بازاڕێك بۆ ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمەکانی[١].

لە لایەکی ترەوە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بووە بەبەشێك لە خەونی گەورەی وزەی تورکیا کە دەیەوێت ببێتە بە ویستگەیەکی گەورەی وزەی جیهانی، تورکیا سەبارەت بە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەی خۆی لە ستراتیژی وزەی خۆیدا زیاتر کار لەسەر تەوەری (قەفقاس – ئاسیای ناوەڕاست) دەکات و هەوڵدەدات سەرچاوەکانی ئەو ناوچانە بگەیەنێتە ئەوروپا، دەتوانین بڵێین کە بە مەرجی ڕێکەوتنی سیاسی و پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابورییەکانی هەردوولا هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە قولاَییەکی ئابوری بۆ تورکیا [٢].

تورکیا وەك یەکێك لە دەوڵەتە هەرێمییە بەهێزەکانی ناوچەکە، خاوەنی پێگەیەکی ئێجگار ستراتیجی و گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان، لە ڕووی ئابوورییەوە بە یەکێك لە گرنگترین دەروازەکانی هەرێم دادەنرێت لە بواری هاوردەکردنی کاڵاو هەناردەکردن و گواستنەوەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆ بازاڕەکانی ئەورپاو جیهان، لەم سۆنگەیەوە تورکیا وەك تاکە دەروازەی هەرێم کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی ئابوری سەربەخۆ و بەهێزکردنی پێگەی هەرێم بەرامبەر حکومەتی فیدراڵ. هەروەها هەرێمی کوردستان بووە بە بەشێکی گرنگ لە ئابوری تورکیا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، هەروەها بەشێکی زۆری هاوردەی هەرێمی کوردستان لە زۆربەی بوارەکان پشت دەبەستێت بە تورکیا، دیپلۆماتەکانی تورکیا دەڵێن ئەوان لە هەوڵی "تێکەڵکردنی تەواوی ئابوریی " ناوچەی کوردنشینی عێراق و تورکیان[٣]. ئەمەش بەو مانەیە دێت تورکیا هەرێمی کوردستانی وەك بەشێکی گرنگ لە ئابورییەکەی بینیوە، هەر ئەمەش وایکردووە سەرباری هەموو کۆسپە یاسایی و سیاسی و نەتەوەییەکان هێشتاش پەیوەندی لەگەڵ ببەستێت و ڕێگای بۆ خۆش بکات سەربەخۆیانە سەرچاوە سروشتییەکانی بگەیەنێتە جیهانی دەرەوە.

لە کەرتی نەوت و گازدا چەند یاریکەرێکی سەرەکیمان هەیە کە ڕۆڵیان لە پرۆسەی دۆزینەوە و بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی سەرچاوە نەوتی و گازییەکاندا هەیە، هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاوییان لە نەخشاندنی سیاسەتی هەناردەکردن و بەبازاڕکردن هەیە، لێرەدا جەخت دەکەینەوە لە سەر یاریکەری سەرەکی کە ئەویش کۆمپانیا جیهانییەکانی بواری نەوت و گازن[٤]. بۆیە فاکتەری نەوت و گاز لە پەیوەندییە ئابورییەکانی نێوان هەرێمی کودستان و تورکیا گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە، چونکە مەبەستێکی تری تورکیا لە پەیوەندی لەگەڵ هەرێم

---

(١) هێمن محمد قادر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٨.

(٢) پەروێز رەحیم قادر، نەجات علی صالح ،سەرچاوەی پێشوو ، ل ل ١٤٩-١٥٠.

(٣) گروپی قەیرانی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست، عێراق و کوردەکان: شێوازی قازانج و زیانی زۆری هایدرۆکاربۆن، ڕاپۆرتی گروپی قەیرانی ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاست ، ژمارە (١٢٠) ، ( ١٩نیسانی ٢٠١٢) ل٢.

(٤) علياء كامل صالح ، قطاع النفط والغاز في الخليج نظرة عامة واقليمية، (مركز الخليج لسياسات التنمية ، الكويت ،٢٠١٢) ص٥.

دۆزینەوەی گۆڕەپانی کارکردنی کۆمپانییە تورکییەکانە، کۆمپانیای گەنەڵ ئینریجی ( GENEL ENERGY ) تورکی یەکەم کۆمپانیای جیهانی نەوت بوو کە ڕووی کردە کوردستان، ئەو کۆمپانیایە بەپێی ڕێکەوتنی ساڵی (٢٠٠٢) ی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کرد بە پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی تەق تەق و دەرهێنانی نەوت[١].

لە دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم بوو بە خاوەنی یاسای تایبەت بەخۆی لە بواری نەوت و گازدا، بڕیاری دەرهێنانی نەوت و گازیدا لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی خۆی، لە سەرەتاوە هەندێك کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە بەهۆی ناڕەزایەتیەکانی دەوڵەتی فیدراڵییەوە ئامادە نەبوون کار لەوزەی ناوچەکەدا بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە کۆمپانیاکانی وەك( DNO )ی نەرویجی و (DANA GAS )ی ئیماراتی و (GENEL ENERGY)ی تورکی، مافی گەڕان و پشکنینیان وەرگرت، بۆ دزۆینەوەی نەوت لە کێڵگەی نەوتی تاوکێ لەلایەن کۆمپانیای ( DNO ) لە ساڵی (٢٠٠٧)، بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی تەقتەق، تاوکێ لەلایەن کۆمپانیای (GENEL ENERGY) لە ئابی (٢٠٠٨) و بەرهەمهێنانی گاز لەلایەن کۆمپانیای ( DANA GAS ) لە سنوری سلێمانی[٢].

تورکیا ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردووە، بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی ڕەزامەندی دەربڕیبوو بۆ کارکردن لە هێڵی بۆریی نەوتی (هەرێم_تورکیا)  بە مەبەستی گواستنەوی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی خاکی وڵاتەکەیەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، حکومەتی هەرێم لە (٢٠/٥/٢٠١٠) دا لە گەڵ کۆمپانیا تورکیەکاندا ڕێککەوتنی ئەنجام دا بەمەبەستی کارکردن لە پرۆژەکەدا،  کەدرێژییەکەی (٢٨١) کیلۆمەترە و بری (٢٠٠) ملیۆن دۆلاری تێچووە [٣]. پاشان بە هۆی بونیاتنانی هێڵی بۆری نەوتی کوردستان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، لە مانگی (١٢)ی ساڵی (٢٠١٣) دا حکومەتی فیدراڵی زۆر بەتوندی دژایەتیی خۆی بۆ ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێم نیشاندا و مافی ئەنجامدانی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت و هەناردەکردنی نەوتی بۆ بازاڕەکانی جیهان بە بەشێك لە مافەکانی حکومەتی فیدراڵدا دانا و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ڕێگە بەهەرێم نادات بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەوت بفرۆشێت، لە هەمان کاتدا ناڕەزایی خۆی گەیاندبووە تورکیا و داوای لە حکومەتی ئەو وڵاتە کردووە بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی فیدراڵی، ڕێگە بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم نەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا  ناڕەزایەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی بەهەند وەرنەگرت[٤].

تورکیا و هەرێمی کوردستان بە بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی گرێبەستێکی (٥٠) ساڵەیان واژۆکرد کە ئەمەش لە سەروبەندی بنیادنانی بۆری گواستنەوەی نەوتی کوردستان بوو بۆ بەندەری (جەیهانی تورکی) ، ئەم گرێبەستە ناڕەزای حکومەتی فیدراڵ و بەشێك لە پارتە سیاسییەکانی هەرێمی لێ کەوتەوە، چونکە ناوەڕۆکی ئەم گرێبەستە بۆ ڕای گشتی نەخرایە ڕوو تەنها چەند کەسێك لێی ئاگادار بوون، لەم ماوانەی کۆتاییدا وتەبێژی فەرمی حکومەتی

---

(١) سەنگەر ڕسوڵ،فەرمان ڕەشاد، ئاری عەبدوڵلاّ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦.

(٢) ئاوڕدانەوەیەکی خێراومێژوویانەلە وەبەرهێنانی کەرتی نەوت لە کوردستان تا ئەمڕۆ، گۆڤاری وزە، ژمارە (١)، پەیمانگەی کوردستان بۆ وزە، هەولێر، (شوباتی٢٠١٥) ، ل١١

(٣) هێمن محمد قادر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٤.

(٤) شەهریار شێخلەر ، هەنگاواکانی لایەنە عێراقییەکان لە دژی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان ، وەرگیراوە لە: سایتی کوردستان بیست و چوار،-https://www.kurdistan24.net/ckb/opinion/88608 ، ڕێکەوت ٢٩/٧/٢٠٢١.

هەرێم لە کابینەی نۆ(جوتیار عادل) وتی " گرێبەستی (٥٠) ساڵەی نەوت لەگەڵ تورکیا بۆ فرۆشتنی نەوت نییە و پێشەکی نەوت نەفرۆشراوە، بەڵکو بۆ تێپەڕینی نەوتی هەرێمی کوردستانە بەناو خاکی تورکیادا[١]".

تورکیا پەیوەندییەکی مێژوویی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا هەیە، سەرباری ئەوەی ئەم دوو دەوڵەتە چەندین ڕێکەوتن لەبواری ئاسایش و بازرگانی و ئابوری لە نێوانیاندا هەیە، لە ساڵی (٢٠١٤)حکومەتی عێراق سکاڵای لە دژی دەوڵەتی تورکیا کردووە لە دادگای نێوبژیوانی نێودەوڵەتی بۆ کاروبارە بازرگانییەکان لە پاریس، یاخود (ژووری بازرگانی پاریس) لەسەر ئەوەی کە تورکیا گرێبەست، یان ڕێکەوتنێکی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەیە لەچوارچێوەی هێڵی بۆڕی (کەرکوك- جەیهان) بۆ فرۆشتنی نەوتی عێراق لەو ڕێگەیەوە، ئەم هێڵە ساڵی (١٩٧٧) بونیادنراوە (Iraq-Turky Pipeline) بە (ITP) ناسراوە، بەڵام تورکیا پابەندی ڕێکەوتنەکە نەبووە ، بەوەی سەروەری عێراقی پێشێلکردووە، بێگوێدانە حکومەتی فیدراڵ، مامەڵەیەکی تری هاوشێوەی لەناو هەمان وڵاتدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا دەستپێکردووە، (هێڵی بۆڕی کوردستان-تورکیا) ی کردووەتەوە[٢].

سەرباری پەیوەندییە ئابورییەکانی نێوانیان، تورکیا لە ساڵی (٢٠١٧) بڕیاری گشتپرسی ( ڕیفراندۆم ) گەلی کوردستان بۆ جیابونەوە لە عێراق، بە خاڵێکی زۆر نەرێنی وەسفی کرد لەسەر ئاسایشی وڵاتەکەی، بە گوێرەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکیا دامەزراندنی هەر جۆرە دەوڵەتێکی کوردی لە هەر شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە مەترسی و تێکدەری ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێت[٣].

ئایا بۆچی تورکیا سەرباری هەموو ئاستەنگ و بێمتمانەیەی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان هەیەتی بەڵام هێشتا دەستبەرداری پەیوەندییەکانی نابێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ کۆمەڵێك هۆکار هەن کە وایانکردووە دەوڵەتی تورکیا پەیوەندی لەگەڵ هەرێم هەبێت، دوای دامەزرادنی قەوارەی هەرێم دەوڵەتی تورکیا پەیوەندییەکی سنورداری لەگەڵ هەرێمدا هەبووە، بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و بنیادنانی عێراقی نوێ کۆمەڵێك فاکتەری نوێ بونە هۆکاری ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیا لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان هەڵبژرێت و بەردەوام لە پەیوەندیدابێت سەرباری ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتۆتە پێشی، دیاترین ئەو هۆکاران فاکتەری نەوت و گازە، فاکتەری نەوت بووە بە هۆکاری فراون بوونی ئەم پەیوەندییە .

پرسیارێکی تر دێتە پێش خۆ حکومەتی فیدراڵیش خاوەنی نەوتە و هەر لە حەفتاکانەوە هێڵی بۆری ستراتیجی بۆ تورکیا هەیە، بەڵام هێشتاش تورکیا هەرێمی کوردستانی هەڵبژاردووە؟ ئەمەش پەیوەندی بە قازانجی زیاتری تورکیاوە لە پەیوەندی لەگەڵ هەرێم بە بەراورد بە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، هەرێمی کوردستان زیاتر دەرگای خۆی بۆ دەوڵەتی تورکیا واڵا کردووە، ئەمەش لە پێناو گەیشتنی نەوتی هەرێم بووە بە بەندەری جیهان و

---

(١) وەرگیراوە لە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، https://gov.krd/news-and-announcements/categorie، ڕێکەوت ٢٠٢١/٤/٢٩.

(٢) بەهرۆز جەعفەر ، مەترسییەکانی بەردەم یەدەگی نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی بازاڕی ئابوری جیهانیەوە ، وەرگیراوە لە: سایتی پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی ، https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=193ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٤.

(٣) خورشید دلی، بژاردەکانی تورکیا بۆ ڕوبەڕووبونەوەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە: سایتی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، https://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1238 ڕێکەوت ٢٠٢١/٧/١٥.

فرۆشتنی، چونکە تورکیا تاکە دەروازەی جێگیر و سەلامەتی هەرێمە بۆ هەناردەکردنی نەوت و گازەکەی، هەر بۆیە کۆمپانیا تورکیەکان لە یەکەم کۆمپانییەکانی نەوتن کە لە هەرێم کارییان کردووە.

تورکیا زۆرترین قازانجی لە نەوتی هەرێمدا کردووە، بۆ نموونە: بەغدا و تورکیا ڕێکەوتنیان هەیە بۆ گواستنەوەی نەوت بەرمیلی بە (١,٩$) دۆلارێك و نۆ سەنت، بەلاّم هەرێم لەساڵی (٢٠١٩) دا بەپێی ڕاپۆرتی دیلۆریت بەتێکڕا بەرمیلی (٣,٨$) سێ دۆلار هەشت سەنتی داوە بە گواستنەوە لە نۆ مانگی یەکەمی ساڵی (٢٠٢٠) دا کرێکە کەمیکردووە، بەلاّم هێشتا بە تێکڕا (٢,١١$) دوو دۆلار و یانزا سەنت بووە واتە بۆ هەر بەرمیلێك (١,٢$) یەك دۆلار و دوو سەنت زیاترە(١).

تورکیا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هاوبەشبوون لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بۆ ئەو وڵاتە سوودی ستراتیژیکی زۆری هەیە و پێداویستیەکانی تورکیا لەبواری وزەدا ئاسانتر و هەرزانتر لە حکومەتی فیدراڵی عێراق دابین دەبێت(٢).

هەروەها هۆکارێکی تری تورکیا بۆ هەڵبژاردنی پەیوەندی لەگەڵ هەرێم، ئەوەیە کە لەهەرێمی کوردستان جگە لە نەوت مەیدانێکی گەورەی گازی سروشتی بوونی هەیە، کە بڕەکەی زیاترە لە (١٠٠) تریلیۆن مەترسێجا، لێرەدا گرنگیی و گەورەیی فاکتەری گازی هەرێمی کوردستان نەتەنیا لە پێگەی هەرێم، تەنانەت بۆ تورکیا و وڵاتانی ئەورووپاش دەردەکەوێت.

لە کۆتایی ئەم باسەدا، گەیشتین بەو دەرئەنجامەی کە فاکتەری نەوت و گاز کاریگەرییەکی بارچاوی سیاسی و ئابوری هەبووە لە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا، هەرێمی کوردستان دوای ساڵی (١٩٩١) بوە بە بارێکی باو لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، ئەمەش وایکردووە دەوڵەتانی دراوسێ ( تورکیا، ئێران، سوریا ) لەسەر ئاستی سەرکردەکان پەیوەندی نارەسمیان هەبێت لەگەڵ هەرێم، بەلاّم دوای دامەزراندی قەوارەی هەرێم ئەم پەیوەندیانە چوونەتە قۆناغێکی ترەوە، بەلاّم دوای ڕوخانی حکومەتی ڕژێمی بەعس و دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق و نووسینەوەی دەستور تواندراوە ئەم قەوارەیە وەك هەرێمێك جێگەی لە دەستوردا بکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەم هەرێمە پێش دامەزرادنی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ قەوارەیەکی کارگێڕی و واقعی بووە، پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێم لە باری سەپێندراوەوە چووەتە باری یاسایی، وەك ئەکتەرێکی نادەوڵەتی هەژمار کراوە، هەرێمی کوردستان هەوڵیدا برەو بە کەرتی نەوت و گاز بدات، لەو چوارچێوەیەدا بانگهێشتی کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت و گازی کرد تا لە کوردستان لە بواری نەوت و گاز وەبەرهێنان بکەن، دوای ئەوەی حکومەتی فیدراڵی شکستی هێنا لە دەرکردنی یاسای تایبەت بە نەوت و گاز ، حکومەتی هەرێم لە ساڵی (٢٠٠٧ ) یاسای تایبەت بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی دەرکرد پاڵ پشت بە دەستوری فیدراڵی، لێراوە فاکتەری نەوت و گاز وایکرد پەیوەندییەکانی هەرێم بچێتە قۆناغێکی نوێوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا، دەوڵەتی تورکیا کە دەوڵەتێکی بەهێزە و دراوسێی هەرێمی کوردستانە، تورکیا بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێم لە بواری ئابوری بەهێزکرد ڕێکەوتنی لەگەڵ هەرێم کرد بە ڕاکێشانی بۆری (نەوتی هەرێم-تورکیا) بۆ گەیاندنی نەوتی هەرێم بۆ بەندەری جیهان، هەروەها گرێبەستی (٥٠) ساڵەی لەگەڵ هەرێم واژۆکرد و ناوەڕۆکەکەشی بۆ ڕایگشتی ئاشکرا نەکردووە،ئەمەش مانای پێشێلکردنی سەروەری

---

(١) یادگار صدیق گەلاڵی، ناڕوونی کەرتی وزە کوردستان و عێراق بەرەو کوێ دەبات؟، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) سەروەت هەڵەبجەی، نەوت هۆکاری سەرەکی شەڕەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، (شوێنی چاپی نییە، سلێمانی ،٢٠١٥) ل ل ١٢٠- ١٢٥.

عێراقە لە پێناو پەیوەندی بەستن لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بۆیە دەتوانین بڵێین کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گاز وایکردووە کە ئەم ئەکتەرە نادەوڵەتییە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا پێگەیەکی گرنگی هەبێت.

# باسی سێیەم

## کاریگەریی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتی

## (پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ڕووسیا بە نمونە)

بابەتی وزە بۆتە بابەتێکی گرنگ و هەستیار بۆ پیشەسازییەکان، لەهەمان کاتدا فاکتەرێکی گرنگی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و بزوێنەرێکی سەرەکی ململانێیە جیهانیەکانە، هەموو ئەو دەوڵەتە گەورانەی دەگەنە ئاستێکی دیاریکراوی پێشکەوتن و سەرچاوەکانی وزەیان نیە، یاخود هەیانە و پێویستەکانیان پڕناکاتەوە، بەشێوەیەك لە شێوەکان دەبنە یاریزانێکی نوێی گۆڕەپانی ململانێ لەسەر وزە و لەهاوکێشە ئالۆزەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا تێوەدەگلێن[١]. کەوابوو، ئەو نەوتەی کە وڵاتە بەرهەمهێنەکان هەناردەی دەکەن بۆ وڵاتە پیشەسازیە هاوردەکارەکان یەکێك لە پایەکانی ئابوری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان پێکدێنێت، زۆرینەی سەرچاوەکانی سامانی نەوت و گاز دەکەوێتە وڵات گەلێکی بچووك و تازە پێگەیشتوو کە دەناڵێنن بە دەست کەمی ئامراز و تەکنیکی باڵا بۆ قۆستنەوە و بە کارهێنانی ئەو سامانە گرنگە، لە کاتێکدا دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکان بە بەراورد بەوڵاتانی تری بچوکی خاوەن نەوت بێبەشن لەم سامانە گرنگە، بۆیە ناچاربوون هەوڵبدەن ئەم سامانە پێویستە بە هەر شێوەیەك بێت بەدەست بهێنن[٢].

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لەو ناوچە پڕ بایەخانەی نەوت کە پتر لە (٦٠٪) هەناردەی نەوتی دونیا پێکدەهێنێت[٣]. لەبەر ئەم هۆیەش لە میژوودا بەردەوام جێگای ململانێ بووە، ئەگەر لە مێژووی جیهانیدا ئاشتی دیاردەیەکی دەگمەن بووبێت، ئەوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگمەنترە، ئەگەر بەخێرایی کەمێك لەڕەوش و بارودۆخی ناوچەکە بڕوانیین، دەبینین ململانێی بەردەوامی نێوان هێزە هەرێمی و جیهانییەکان لەسەر ناوچەکە بەبێ پچڕان تا ئێستا بەردەوامە و ئەگەرێکی زۆر هەیە کە لە داهاتوشدا بەردەوام بێت، لەم ڕوانگەیەوە ململانێی هێزە هەرێمییەکان لەگەڵ یەکتردا، ململانێی زلهێزەکان لەگەڵ یەکتردا بوونەتە هۆی شەڕ و شۆڕ و پێکدادانی بەردەوام و خولقاندنی ناسەقامگیری و ئالۆزی لە ناوچەکەدا، ئەوەی زیاتر کێشەکانی قووڵترکردۆتەوە، ئەوەیە کەهەریەك لە هێزە هەرێمییەکان لەهەوڵی ئەوەدایە چۆن پشتیوانی و پشتگیری زلهێزەکان بەدەست بهێنێت[٤]. بەو مانایەش کێبڕکێی هێزە هەرێمییەکان سەربەخۆ و دوور لە کاریگەری زلهێزەکان بەڕێوەناچێت، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەریتانی و فەرەنسی و ئیتالی و ئەڵمانیەکان و لە کۆتاییەکانی هەمان سەدەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەمیشدا وا خەریکە چین و هندستان دەبنە کێبڕکێیەکی کاریگەر لە بواری وزە ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم وڵاتانە زۆرترین بڕی وزەیان پێویستە بۆ وەگەڕخستنی پیشەسازییەکانیان[٥].

لەبەرئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ڕوسیا، دوو دەوڵەتی گرنگن لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کە کاریگەرییان لەسەر تەواوی کایەکانی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی هەیە، چونکە خاوەنی چەند کۆمپانیایەکی گەورەی

---

(١) مەلکۆ شێرۆکی، دیبلۆماسی ئابوری و کاریگەری لەسەر پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان، (چاپخانەی ماردین، هەولێر،٢٠١٧) ل٣٥١.

(٢) محمد الرميحي، النفط والعلاقات الدولية(وجهة نظر عربية)، سلسلة عالم المعرفة رقم (٥٢)، الكويت، (١٩٨٢) ، ص١٧٦.

(٣) کاوە نادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٣.

(٤) مەلکۆ شێرۆکی، سەرچاوەی پێشوو، ١٧٦.

(٥) کامەران مەنتك، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٧.

بواری نەوتن کە لە جیهان بەگشتی ورۆژهەلاتی ناوەڕاست بە تایبەتی کاری وەبەرهێنەر دەکەن. هەر بۆیە لێرەدا تیشك دەخەینە سەر هەریەك لە کاریگەرییەکانی ئەمریکاو ڕووسیا لە سەر کەرتی نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان، بەم شێوازەی خوارەوە:

**داخوازی یەکەم: کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا:** ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا گەورەترین بەکارهێنەر و گەورەترین بەرهەمهێنەری سەرچاوەکانی وزەیە، گەورەترین ڕۆڵیشی هەیە لە داڕشتنەوەی جیۆسیاسی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، لەم چوارچێوەیەشدا ئەمریکا پشتگیری بەردەوامی هاوپەیمانەکانی بواری نەوتی کردووە ، هانیداون بۆ دانانی داهات و دەسکەوتەکانی نەوت بە دۆلاری ئەمریکی، بەمەش وڵاتانی هەناردەکەری نەوت بەشداری گەورەیان کردووە لە بوژانەوەی ئابووری ئەمریکی و هەژموونکردنی بەهای دۆلاری ئەمریکی بەسەر ئابووری جیهانیدا [(١)].

ئەمریکا هەوڵیدا ئەم سامانە پێویستە بە هەر شێوەیەك بێت بەدەست بهێنێت لە ڕێگەی کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزەی وڵاتەکەیەوە. ئەمریکا ئەوەندەی پێی بکرێت پلانی پێویست دادەنێت بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، بە هەموو ڕێگەیەك بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی بەسەر گۆڕەپانەکەدا بە بەکارهێنانی دەست ڕۆیشتنیان و بالاّ دەستیان لە بواری تەکنەلۆجیا و کارگێری لە لایەك، و بە بەکارهێنانی ستراتیجیەت لەلایەکی دیکەوە، تەنانەت ئەگەر کارەکە وا بخوازێت سیاسەتی ڕووخاندنی حوکمەتەکانیش بە کاربێنن هەروەك چۆن ئەمەیان بەرامبەر بە دکتۆر موسەدق لە ئێران لە ساڵی(١٩٥٢ ) بەکارهێنا، یان بە بەکارهێنانی دەستێوەردانی سەربازی لە کوێت لە کاتی جەنگی کەنداوی دووەم لە (١٩٩١ ) و ڕووخاندنی سەدام حوسێن و داگیرکردنی عێراق ساڵی (٢٠٠٣ ) [(٢)].

ڕووخانی ڕژێمی عێراق و گۆڕینی سیستەمی عێراق بۆ سیستەمی دیموکراسی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، دەکرێت بە دووەم گەورەترین دەسکەوت و بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لە عێراق هەژمار بکرێت لە دوای دروستکردنی ناوچەی ئارام، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەلایەك پرسی کورد چوارچێوەیەکی یاسایی وەرگرت، پرسی کورد بوو بە پرسێکی دانپێدانراو لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی نێودەوڵەتی، لەلایەکی ترەوە، پێگەی کورد لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا گۆڕا بۆ هاوپەیمان و دۆستی ئەمریکا [(٣)].

ئەمریکا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە دیاریکردنی شێوازی حوکمی فیدراڵی بۆ عێراق، هەرێمی کورستان بوو بە تاکە هەرێمییێکی ئەم دەوڵەتە فیدراڵە، دەستوری فیدراڵی تاڕادەیەکی باش دۆخی هەرێمی کوردستانی لەبەر چاو گرتووە، کە پێش ئەم دەوڵەتە فیدراڵە بوونی هەبووە، ئەمەش وایکردووە تا ڕادەیەك زیاتر لە هەرێمێك دەسەلأتی پێبدرێت لە دەستوری فیدراڵی، ئەمەش هانی حکومەتی هەرێمی کورستانیدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵە بکات لە پرۆسەی نەوت و گازدا، ئەمریکاش لەم بڕیارەی هەرێم لایەنگری بۆ دەربڕیووە، چونکە وەك دەردەکەوێت

---

(١) دارا جەمال ، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) محمد خیتاوی، الشرکات النفطیة متعددة الجنسیات و تاثیرها في العلاقات الدولیة، (دار مؤسسة رسلان الطباعة والنشر والتوزیع ،دمشق،٢٠١٠) ص١٤٣.

(٣) هاوڕێ حەسەن حەمە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر کوردستانی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوەلە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی ، ژمارە (١٩١ ) ، سلێمانی، (تشرینی یەکەم٢٠٢٠ ) ، ل٨.

ئیدارەی ئەمریکی خوازیاری بە نا- ناوەندکردنی (de-centralization) پرۆسەی نەوت و گاز بووە [1] . تەنانەت باس لەوەش کراوە کە جۆری گرێبەستی هەرێم پێشنیاری ئەمریکا بووە[٢].

هەرێمی کوردستان پاڵپشت بە دەستوری فیدراڵ و یاسای نەوت و گازی هەرێم دەستیکرد بە فرۆشتنی نەوت و گازی خۆی، دوای ئەوەش وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕایگەیاند هەرێمی کوردستان خاوەنی (٤٥) بیلیۆن بەرمیل مەزندەکراوە[٣]. ئەمەش سەرنجی کۆمپانیا نەوتییە گەورەکان و وڵاتانی رۆژئاوا و هەموو جیهانی بەگشتی بۆخۆی ڕاکێشاوە، وایکرد چەند کۆمپانیای گەورەی جیهانی ڕووبکەنە کوردستان بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گاز، هەرێمی کوردستانیش هەوڵیدا لە ڕێگەی گرێبەستەکانی نەوت و گاز ئیمتیازاتی زیاتر بدات بە کۆمپانیایە بیانییەکان، مەبەست لەمەش هاندانی زیاتری کۆمپانیە گەورەکان بووە بۆ وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گازدا ئامانج لەمەش دەستەبەرکردنی پێگەیەکی بەهێزبووە بۆ هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەمەش لە پێناو بەدەستهێنانی پشگیری سیاسی وڵاتانی کۆمپانییە بیانییەکان بووە[٤].

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرە دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهانە کە زۆرترین کاریگەری هەبوو لە سەر وڵاتانی خاوەن نەوتی جیهان، هۆکاری ئەمەش زیاتر بۆ بەهێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگەڕێتەوە لە بوارە جیاوزەکان، هەروەها ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە بووە بەهێزترین دەوڵەتی جیهان، سیستمی جوت جەمسەریش بوو بە تاك جەمسەری و بەسەرکەوتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆتایی هات[٥].

دەستێوەردانە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ساڵی (١٩٩٠) و (٢٠٠٣)، لە عێراق، وایکرد زۆرترین مامەڵەکردن لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستاندا هەبێت، لەواقعیدا مامەڵەکردن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەك بۆ کورد، بەڵکو بۆ هەموو وڵاتانی دیکەی دونیا هەروا ئاسان نییە، چونکە جگە لەوەی ئەمریکا وڵاتێکی زلهێزی جیهانییە و لە هەموو شوێنێکدا ئامادەبوونی هەیە و سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی دادەڕێژێت، (هینری کیسەنجەر) بەراشکاوانەوە بەڕوونی لەم بارەیەوە گووتویەتی "تاکە شتێك لە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێگیر و نەگۆڕ بێت، بەرژەوەندییەکانە"[٦] . وەك زۆربەی وووڵاتە گەورەکانی تر.

سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بەکورد بەگشتی و کوردانی عێراق بەتایبەتی دەچێتە چوار چێوەی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە ئاکتەرە نادەوڵەتیەکان یان دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی بەرامبەر بە دەوڵەتانی (عێراق، تورکیا،ئێران و سوریا)ەوە، بەوپێیەی نەتەوەی کورد

---

(1) Michael rubin (2016), Kurdistan rising? Consideration for kurds Their neighbors and the region, American Enterprise Institute, P 112.

(٢) بورهان أ.یاسین، سەردار عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٠.

(٣) وەرگیراوە لە سایتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، https://gov.krd/mnr/publications ، ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٧.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ( بەهرۆز جەعفەر) ، شارەزا نەوت و گازدا، سلێمانی،٢٠٢١/٨/٢٥.

(٥) فهد حمروشی، أمریكا والنظام الدولی بعد الحرب الباردة، متاح علی الرابط ألاتی:

https://platform.almanhal.com/Files/2/109982، التاريخ ٢٠٢٢/١٢/٦.

(٦) مەلکۆ شێرۆکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٨.

خاوەنی دەوڵەتی تایبەت بەخۆی نییە، بەم هۆیەوە پەیوەندییەکانی کورد و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتایبەت لە سەدەی ڕابردوودا، پەیوەندییەکی نافەرمی و تاکتیکی بوون زیاتر لەوەی پەیوەندییەکی ستراتیجی جێگیرو و فەرمی بووبێتن، هەرچەندە دەسەڵاتدارانی کورد هەوڵیانداوە لۆبی دروستبکەن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا بەرنە قۆناغێکی ترەوە، بەلاّم لە هەولاّکانیان زۆر سەرکەوتوو نەبوون[١]. پەیوەندییەکان بە پێی گۆڕانی بارودۆخ و گۆڕاوە نوێیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕاون، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمریکیەکان بە پێی مەبەست بەرژەوەندییە نیشتمانیەکانی خۆیان لە کاتی جیاوازی و لەسەر بنەمای بارودۆخە نوێیەکان، گۆڕانکاری و پێداچوونەوەیان لە پەیوەندیەکانی خۆیاندا کردووە لە بەرامبەر کوردا، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کورد بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر ئامرازێك بووە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە ستراتیجیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باشترین نمونەش ڕێکەوتنی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا بوو بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کوردستانی سوریا، دەسپێکردنی هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستانی تورکیا [٢]. بۆیە ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەمریکا هاوپەیمان و دۆستێکی هەمیشەی نیە، ئەمەش لای هەرێمی کوردستان ڕوون بووە کە ئەمریکا وەك هێزێکی کاریگەر و جیهانی لە هەموو پەیوەندی و مامەڵەکانی بەرژەندییەکانی ولاّتەکەی لەبەرچاو بگرێت نەك بەرژەوەندی بەرامبەر.

حکومەتی هەرێم بەشێوەیەك مامەڵەی کردووە بەرژوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بواری نەوت و گازدا لە هەرێمی کوردستان زۆر زیاتربێت لە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بواری نەوت و گاز لە حکومەتی فیدراڵ، بە شێك لە شارەزایانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێیان وایە لە ئێستادا ئەوەی ئەمەریکاییەکانی پەلکێشی هەرێمی کوردستان کردووە، بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی ئەمەریکا و پرسە بازرگانەکانییەتی لەگەڵ نەوتی هەرێمی کوردستاندا، بەلاّم ئایا ئەم بەرژەوەندییە ئابورییە چەندە ئەمەریکا وابەستەی بەڵێنی فەرمی و کرداری دەکات لە پشتگیریکردنی بۆ کوردستان؟ ئەوە پرسیارێکی گرنگە کە کورد بە دوای وەڵامەکەیدا بگەڕێت [٣]. بۆیە پرسی گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا هەرێمی کوردستان لە ڕێگای پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا توانیویەتی پشتگیریی ئەمریکا بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە پێگەی هەرێم بەهێز بکات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا؟ ئایا هەرێمی کوردستان لەم شێوازە مامەڵەکردنەی لەگەڵ کۆمپانییە بیانییەکان بەگشتی و ئەمریکییەکان (ئیکسۆن مۆبیل، شلەمبێرگەی، هالیبرتۆن و ........هتد)بەتایبەتی ئەو هیوا سیاسیانەی هەیبووە وەدیهاتووە؟

ئەگەر سەیری سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر مەسەلەی کورد بکەین، سیاسەتێکی ڕوون و دیاری نییە، سیاسەتەکەی بەرامبەر کوردستان بەشێکە لەو سیاسەتە گشتییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرامبەر (عێراق ، ئێران ، تورکیا و سوریا) و ناوچەکە هەیەتی و سیاسەتی فەرمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتی بووە لە جەختکردنەوە لە یەکپارچەیی خاکی عێراق، هەروەها ئەمریکا هەمیشە لە گۆشەنیگای خۆیەوە لەگەڵ تورکیا و عێراق

---

(١) اللوبي الكردي في واشنطن-كيف يضغط إقليم يطمح للانفصال؟، متاح على الرابط الأتي: https://www.sasapost.com/krg-lobbying-efforts/amp/، التاريخ ٢٠٢٢/١٢/٦.

(٢) هاوڕێ حەسەن حەمە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو.

(٣) موئمین زەڵمی، کورد و ئەمریکا؛ هامشۆی سیاسی یان پەیوەندی دیبلۆماسی، وەرگیراوە لە سایتی چاوی کورد http://chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=٣٦٦٣&Jor٤١&Jor=٢=٩٠، ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٧.

ڕوانیویانەتە پرسی کورد لەو وڵاتانە، پێیوابووە کە پرسی کورد مەسەلەیەکی ناوخۆییە[١]. ئەمەش هیچ لە بەرژەوەندی گەلی کوردە نییە، چونکە ئەمە پشتکردنە لە مافی سەربەخۆیی کوردستان جۆرێك لە دەستکراوەی تێدایە بۆ دەوڵەتی عێراق بۆ هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە کورد لە هەبونی هەر جوڵەیەکی سیاسی کە پێچەوانەی حکومەتی فیدراڵ بێت، هەروەها ئەم هەڵوێستەی بەرامبەر بە کوردستان لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕوونی دیارە، کەئەمریکا مامەڵە لەگەڵ هەرێمێك دەکەن نەك وڵاتێك، ئەمەشیان چەندین جار دووپاتکردوەتەوە کە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ هەرێم لە چوارچێوەی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دایە لە عێراق، ئەوەش ناشارنەوە کەپاڵپشتی سەرەکین بۆ جێگیربوونی بارودۆخی عێراق.

## داخوازی دووەم: کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا:

**پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا:** ڕووسیا وێڕای ئەوەی ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە و لە کۆمەڵێك بابەت و فایلی نێودەوڵەتیدا بۆتە ژمارەیەکی ئێجگار قورسی هاوکێشەکان، ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ماندووبوونی ئەمەریکا و لاوازی ئەورووپا، ڕووسیا بە بەراورد بە قۆناغی دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت هەتابێت کاریگەرتر دەبێت لە ڕۆڵگێڕان لە ناوچەکەدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەراست گرنگیەکی سیاسی و ئابوری زۆری بۆ ڕووسیا هەیە، ئەوەی ئەم گرنگییەی زیاتر کردووە ئەوەیە کە ڕووسیا هاوبەشییەکی گرنگی هەیە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا کەبریتیە لە بوونی سامانێکی سروشتی زۆری نەوت و گاز، بۆیە سیاسەتی دەوڵەتی ڕووسیا جیاوازە بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەراورد بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر[2] .

گرنگی پێگەی هەرێمی کوردستان بۆ بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ناوچەکەو جیهانیش دوای (٢٠٠٧) دەستیپێکرد واتا ئەو کاتەی هەرێمی کوردستان دەستی بە فرۆشتنی نەوت کرد بە شێوەی سەربەخۆ، هەر لەوساتەوە هەرێمی کوردستان بووە جێی پەیوەندی بەشێکی زۆر لە وڵاتان، لە نێوانیشیاندا وڵاتێکی وەك ڕووسیا قۆنسوڵگەری خۆی لەهەولێر کردەوە[٣].

هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەندییەکی مێژووی درێژی هەیە لەگەڵ ڕووسیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندییەکانیان لە سنورێکی تاکتیکی و بەرژەوەندی کورتخایەندا تێنەپەڕیوە، واتا ڕووسیا هەمیشە پرسی کوردی وەك کارتێکی گوشار لە دژی نەیارەکانی بەکارهێناوە بۆ مەبەستێکی تایبەت[٤]. وێستگە سیاسییەکانی مێژووی پەیوەندیەکانی کورد و ڕوسیا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە مۆسکۆ هەرگیز تا سەر لەگەڵ کورد

---

(١) حەسەن بارام، کوردانی عێراق و تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەی زلهێزەکاندا، وەرگیراوە لە: سایتی چاوی کورد ؛ https://chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=3648&Jor=11&Jor2=96، ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٧.

(2) Igor Delanoë (2015), The Kurds: A Channel of Russian Influence in the Middle East? , French Institute of International Relations, P 14-p15.

(٣) مەلکۆ شێرۆکی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

(٤) ليونيد إيساييف، القضية الكردية في تاريخ وسياسات روسيا، مركز الجزيرة للدراسات، متاح على الرابط الأتي: https://studies.aljazeera.net/en/node/4349، التاريخ ٢٠٢٢/١٢/١٤.

بەردەوام نەبووە، وە فاکتەرێکی تریش کەلە دوایی (٢٠١٧) هاتۆتە نێو پەیوەندییەکانی هەردوولاوە بریتییە لە فاکتەری وزە، بوونی کۆمپانیا ڕووسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا[(١)].

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی(٢) ی (٢٠١٧) ونبووی خۆی دۆزیەوە، کە کۆمپانیای ڕووس نەفت( Ros Neft)، سەرەتا هەردوولا ڕێککەوتن کە، ڕووسیا نەوتی هەرێم ئەکرێت بۆ ماوەی (٣) ساڵ لە (٢٠١٧-٢٠٢٠).

دواتر لە ڕۆژی هەینی (٢ ی حوزەیرانی ٢٠١٧) لەمیانەی بەشداریکردنی وەفدی هەرێم لە کۆڕبەندی سان پیتەر سبۆرگ (St. Petersburg International Economic Forum) کە کۆڕبەندێکی ساڵانەی ئابوریی نێودەوڵەتییە، هەردوولا ڕێککەوتن کە بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ کە تیایدا ڕووس نەفت/

یەکەم: کاری گەڕان و پشکنین بکات.

دووەم: دەرهێنان.

سێهەم: کاری گەشەپێدانی ژێرخانی سەرچاوەکانی ووزە بکات لەهەرێم.

چوارەم: بازرگانیی سەرچاوەکانی وزەی هەرێم بگرێتە ئەستۆ.

وەك سەرەتایەکیش (٤) ملیار دۆلار بە هەرێم دراوە[(٢)]. کۆمپانیاکانی وەك ڕۆزنەفت و گازپرۆمی ڕووسی لە ئێستادا لەهەرێمی کوردستان کار دەکەن.

پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ هێزێکی گەورەی وەك ڕوسیا گرنگی زۆری هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەو هەنگاوانەی ڕووسیا لە ڕاستیدا بازێکی گەورە بوو لە ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕووسیا، گرنگیەکەشی ئەوەبوو لەکاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا سەرەڕای دژایەتی (تورکیا، عێراق، ئێران و تا ئاستێك ئەمریکاش) بەڵام ڕوسیا بە پێچەوانەی کۆمەڵگای نێودەوڵتی دژایەتی ڕیفراندۆمی نەکرد [(5)] . دوومانگ پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم(سێرگی لاڤرۆڤ) وەزیری دەرەوەی ڕوسیا لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیدا ووتی:" کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی تری جیهان مافی خۆیانە کە گوزارشت لە هیواو ئامانجەکانیان بکەن[(٤)] ". بە پێی تێڕوانینی ئێمە ئەمەش بووە خاڵێکی گرنگ لە کاریگەرییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، چونکە ڕووسیا بنیاد لەسەر پاراستنی بەرژەوەندیی ئابوری لە بواری وزەدا دژایەتی هەرێمی نەکرد، ئەم هەڵوێستەی جۆرێك بوو لە دانپێدان بۆ کورد و  دژی ئەم جوڵە سیاسییەی هەرێم نەبوو.

پیشەسازی نەوت لە دیدی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانەوە کاریگەری ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆی بەسەر بازاڕی جیهانەوە هەیە، هەمیشە هەڕەشە هەیە لەسەر نرخی نەوت، چونکە کاریگەرە بە گۆڕنکارییە ئابوری و سیاسیەکان کەلە جیهاندا ڕوودەدات، بەرهەمهێنەرە گەورەکانی نەوت و بازرگانەکانی نەوت دەتوانن کاریگەری تەواویان هەبێت لەسەر دانانی نرخی نەوت، بۆیە ئەو دەوڵەتانەی کە دەتوانن نرخی نەوت بگۆڕن، وەك هێزێکی نەرم بەکاری دەهێنن بۆ کاریگەری دانان  لەسەر کێبڕکێکارەکانیان، ئەمە لەڕووی تیۆرییەوە لە زانستی پەیوەندییە

---

(١) زوبیر رەسول ئەحمەد، بنەمای پەیوەندییەکانی روسیا و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە(٦) ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەی، سلێمانی، (کانونی یەکەم، ٢٠٢٠) ، ل١٣١.

(٢) بەهرۆز جەعفەر، گۆڕانکارییە هەرێمایەتییەکان وجیۆپۆڵەتیکی نوێی ووزەی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو .

(3) Anna Borshchevskaya, The Kurdish Role in Russias Middle East Power Play, The Washington Institute for near east policy, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/kurdish-role-russias-middle-east-power-play, date20/12/2022.

(٤) زوبیر رەسول ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣١.

نێودەوڵەتییەکاندا بە یارییپێکردن (Manipulation-تلاعب) ناوزەند ئەکرێت، بەجۆرێك گەمەیەکە لە بازاری بازرگانی دا دەوڵەتان پێی هەڵدەستن[١] .

ئەمریکا لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی (٢٠٢٠) پاڵ پشت بە سعودیە نرخی نەوتی دابەزاند بەزۆر خستنە بازاڕی نەوت، ئەمەش بە مەبەستی زیان گەیاندن بە دەوڵەتی ڕووسیا کە ئەویش فرۆشیارێکی نەوت و گازی سروشتییە، بەم یارییەی ئەمریکا و سعودییە کردیان، روسیا زیانێکی زۆر بەرکەوت[٢]. هەروەها زۆرێك لە دەوڵەتانی تر کە نەوت، سەرچاوەی یەکەمی داهاتیانە زیانی زۆرییان بەرکەوت، عێراق و هەرێمی کوردستانیش لەم زیانە بێ بەش نەبوون.

لە کۆتایی ئەم باسەدە دەگەین بەو دەرئەنجامەی کە فاکتەری نەوت و گاز لەسەر ئاستی جیهانی گرنگییەکی زۆری هەیە لە پەیوەندی نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەر، هەرێمی کوردستان خاوەنی بڕێکی زۆرە لە نەوت و گازی سروشتییە، ئەمریکا و ڕوسیا دوو دەوڵەتی بەهێزی جیهانین کە ئامادەیەکی بەرچاوییان هەیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان دەبەستن. کۆمپانییە گەورەکانی ئەم دوو وڵاتە خەریکی وەبەرهێنانن لە بواری نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، دیارە ئامانجی یەکەمیان لەم کارە دەستکەوتنی قازانج و فراواکردنی مەودای بەرژەوەندێکانیانن، بەلاّم ئامانجی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکانی (ئەمریکا و ڕوسیا) جگە لە وەدەستکەوتنی قازانج و بەهێزبونی پێگەی ئابوریی بەهێزکردنی پێگەی سیاسییە، هەرێمی کوردستان لە پەیوەندی بەستنی لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتە هیوای سیاسی گەورەی هەبووە، باشترین تاقی کردنەوەش بڕیاری ڕیفراندۆم بوو، ئایا (ئەمریکا و ڕوسیا) پشتگری هەرێم دەکەن یان دژی دەبن؟ کاتێك هەرێمی کورستان بڕیاری ڕیفراندۆمی دا هەڵوێستی فەرمی ئەمریکا زۆر نەرێنی بوو بەراورد بەو پەیوەندییە ئابورییەی کە لە گەڵ هەرێمی کوردستان هەیەتی لە بواری نەوت و گازدا، هەڵوێستی ڕوسیا جۆرێك لە بێلایەنی بوو، واتا نە پشتگیر بوو نە دژی ڕیفراندمیش بوو، بۆیە لێرەوە ئەوە ڕوون بووەوە فاکتەری نەوت و گاز لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەوەندەی کاریگەری ئابوری هەبووە لە بەهێزکردنی پێگەی هەرێم ئەوەندە کاریگەری سیاسی نەبووە لە پێگەی هەرێم لە ئاستی نێودەوڵەتی.

هەرێمی کوردستان بە هیوایەکی گەورەوە چاوەڕێ بوو نەوت و گازی کوردستان بەشێك لە زلهێزەکانی جیهان و وڵاتە کاریگەرەکانی ناوچەکە بکاتە دۆستی کورد، وای لێکردن ژمارەیەك کۆمپانیای گەورەی نێودەوڵەتی وەك (ئیکسۆن مۆبیلی ئەمریکی ، گازپرۆمی ڕووسی و تۆتاڵی فەرەنسی) بێنە کوردستان و لە ماوەیەکی کورتدا ببنە پاڵپشتی گەورەی هەرێمی کوردستان. ئەوەی هەرێمی کوردستان پلانی بۆ دانابوو لە بانگێشتکردنی ئەم کۆمپانیانە سەرکەوتوبوو، بەلاّم ئەوەی بە هیوابوون وەك دەستکەوتی سیاسی و ئابووری بەدەستی بێنن تێیدا سەرکەوتوو نەبوون و لە هەندێك حاڵەتیشدا تووشی دەرئەنجامی پێچەوانە بوو.

---

(١) بەهرۆز جەعفەر، نرخی نەوت-پەیوەندی لە نێوان سامانی ئابوری و هزری سیاسی دا، وەرگیراوە لە سایتی پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=200 ، ڕێکەوت ٢٠-١٠-٢٠٢١.

(٢) دیفد باربوشیا، روسیا ضد السعودیة-من یصرخ أولا فی حرب أسعار النفط، متاح على الرابط الأتي، https://www.reuters.com/article/russia-saudi-oil-prices-ea3-idARAKBN20W2TL ، التاریخ ٢٠٢٢/١٢/٦.

# بەشی سێیەم

## هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان

نەوت و گاز دوو سەرچاوەی گرنگی وزەن لە جیهاندا. ئەم سەرچاوانە جیاواز لە سەرچاوەکانی تر کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتیان هەیە کە وای کردووە ولاّتانی خاوەن نەوت و گاز هەمیشە جێگای تێڕوانین و باس و خواس بن، ئەم سەرچاوە سروشتیە سود و گرنگیەکی زۆری لە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا هەیە، چونکە باشترین سەرچاوەی وزەن بۆ پیشەسازیی قورس و سوك بەکاردەهێنرێت، بۆیە ئەم دوو سەرچاوە گرنگە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر تەواوی ولاّتانی جیهان بەگشتی و ولاّتانی بەرهەمهێنەر و بە کارهێنەر بە تایبەتی، ئەمەش زۆر بەڕوونی بەدیدەکرێت، بۆنمونە کاتێك نەوت لەسەر ئاستی جیهان بەرزدەبێتەوە دەبینین چەندین ولاّت توشی کێشەی کەمی سوتەمەنی دەبن کە ئەمەش خۆپیشاندان و ناڕەزایی و نا ئارامی لێدەکەوێتەوە، هەروەها کاتێك نرخی نەوت دادەبەزێت بەشێك لە ولاّتانی فرۆشیاری نەوت توشی کێشەی کورتهێنانی بودجە دەبن چونکە پشتیان بە داهاتی نەوت بەستووە، ئەمەش گەواهیدەری ئەوەیە کە نەوت و گاز چەند کاریگەرن لەسەر پرسی ئابوری جیهان و ناوخۆی ولاّتان.

لەسەر ئاستی دەرەوەی ولاّتان و نێوخۆی زۆرێك لە دەولاّتان نەوت و گاز کاریگەری سیاسی گەورەیان هەیە بەشێوەیەك لە هەندێك دۆخدا هۆکاری مانەوە و لە ناچونی بەشێك لە دەوڵەتانن، بەشێك لە دەوڵەتانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ئەگەر خاوەنی سامانی نەوت و گاز نەبوونایە زۆر لە مێژ لە نێوچووبوون، بۆیە نەوت و گاز بۆ زۆرێك لە دەوڵەتان بووە بە پشتگرییەکی گەورەی مانەوەی ڕژێمە سیاسییەکەی هەروەها بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە کە نەوت و گاز بووە بە هۆکاری تێکچوونی ئارامی بە شێك لە ڕژێمە سیاسییەکانی ولاّتان، بۆیە لە هەردوو بارەکەدا هەرکاریگەری هەیە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای دەرکردنی یاسای نەوت و گازی هەرێم بە هاوکاری کۆمپانیا نەوتییە جیهانییەکان، دەستیکرد بە وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتی و گازییەکانیدا و لە ماوەیەکی پێوانەیی کورتدا توانی نەوتەکەی بگەیەنێتە بازاڕە جیهانییەکان و بە گازەکەشی بەشێکی زۆری پێداویستییە ناوخۆییەکانی لە وزەی کارەبا دابین بکات، لێرەوە فاکتەری نەوت و گاز ڕۆڵ و کاریگەری هەبووە لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان، هەر گۆڕانکارییەك لە فاکتەری نەوت و گازدا لە ئاستی ناوخۆ یان هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕوبدات ئەوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان.

فاکتەری نەوت و گاز کۆمەڵێك کاریگەری( ئەرێنی و نەرێنی) سیاسی و ئابوری هەیە لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەم بەشە لە چوارچێوەی سێ باسی سەرەکیدا ڕۆڵ و کاریگەری فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستاندا دەخاتە بەر لێتوێژینەوە.

## باسی یەکەم

## کاریگەرییە ئەرێنییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان

نەوت و گاز لە ساتەوەختی دۆزینەوەیەوە تائێستا تێکەڵ بە سیاسەت و ئابووری بووە، ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لە سەرخستنی هەژمونی سیاسی ولاّتان هەربۆیە زلهێزەکان بەردەوام لەبیری ئەوەدان کە چۆن مەسەلەی گەیاندنی هەمیشەی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان مسۆگەربکەن، کالاّیەکی ستراتیجیە و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بواری ئابووری و سیاسی هاوچەرخدا. نەوت بەبڕبڕەی پشتی داهاتی عێراق دەژمێردرێت هیچ بواری تر لە قەرەی نادات، پیشەسازی نەوت یارمەتیدەرە بۆ هێنانە ناوەوەی پارەی بێگانە بۆ ناو ولاّت ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ هێنانی پێداویستییەکان و کەلوپەل و بەرهەم لە ولاّتانی پێشکەوتوو بەشێوەیەکی گشتی[١].

هەرێمی کوردستان وەك تاکە هەرێمێکی عێراقی فیدراڵ سامانی نەوت و گازی تەنها وەك سەرچاوەی ئابووری و داهات بەکارنەهێناوە، بەڵکو وەك ئامرازێك لە داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆ و پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان پشتی پێبەستووە، بەو مانایەی دەسەلاّتی سیاسی هەرێم هەوڵی داوە لە ڕێگەی نەوت و گازەوە پەیوەندی لەگەڵ ولاّتانی ناوچەکەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گرێبدات، بەم شێوەیەش نەوت و گاز دەتوانێت ئامانجە سیاسیەکان بهێنێتەدی لەوەی پەیوەندی بەرێکخستنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی باش لە بوژاندنەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی پێگەکەی لە ئاستە جیاوازەکان. بۆیە لێرەدا لە چوارچێوەی دوو داخوازیدا دەیانخەینەڕوو، بەم شێوازەی خوارەوە:

### داخوازی یەکەم: کاریگەرییە ئەرێنییە سیاسیەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان:

لە ئەمڕۆدا فاکتەری نەوت و گاز کەرەسەیەکە کە جگە لە گرنگی ئابووری بۆ جیهان گرنگی سیاسی فراوانی هەیە، سیاسەتی وزەش بووە بە یەکێك لە پێوەرەکان بۆ سەرکەوتنی، یان شکستی سیاسی هەر دەوڵەت و حکومەتێ، چونکە بەرنامەی کاری سیاسی هەر حکومەت و دەوڵەتێك لەسەر بنەمای سیاسەتی وزە (نەوت و گاز) دادەمەزرێت، ئەمەش وایکردووە بارودۆخی سیاسی ولاّتانی بەرهەم هێنەری نەوت و گاز کاریگەری هەبێ لەسەر بارودۆخی سیاسەتی ولاّتانی بەکاربەری نەوت و گاز، یاخود بەپێچەوانەوە، هەروەها نەوت و و گاز پەیوەندی بە ململانێی سیاسی و تەنانەت جەنگەکانیشەوە هەبووە، پسپۆران مێژووی ئەم پەیوەندییە بەهێزە دەگێڕنەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیست بە دیاریکراوی ساڵی (١٩١٤)، ئەم فاکتەرە هەرە بەهێز و کاریگەر بوە لە ململانێی نێودەوڵەتی و هەژموونی ولاّتاندا، لە شەری ئیسرائل و عەرەبدا، عەرەبەکان ساڵی (١٩٧٣) چەکی نەوتیان دژ بە وڵاتانی خۆرئاوا بەکارهێنا، تاوەکو ئیسرائیل ناچار بکەن بە کشانەوە لەو ناوچە عەرەبیانەی کە لەساڵی (١٩٦٧) دەستیان بەسەردا گرتبوو[٢].

هەبوونی بڕێکی زۆر لە نەوت و گاز و دەسپێکردن بە وەبەرهێنانی وایکردووە فاکتەری نەوت و گاز چەند کاریگەری سیاسی ئەرێنی هەبێت لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان :

---

(١) سەردار عەبدەلرەحمان، بایەخی جیۆپۆلەتیکی نەوتی عێراق، (سلێمانی، ناوەندی سارا، ٢٠١٩) ، ل٥٩.

(٢) دارا جەمال ، گرنگی ووزە و ستراتیژی ململانێکان لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، وەرگیراوە لە سایتی پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=44 ، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٢٢.

یەكەم: یەكەم جارە كورد لە عێراق خۆی داریژەری سیاسەتی نەوت و گازی كوردستانە، هەر لە (دەرهێنان، فرۆشتن و خەرجكردن) یشیەوە، ئەمەش لەڕووی سیاسیەوە گرنگی خۆی هەبووە، ئەم سەربەخۆ خۆبەڕێوەبردنەی كاریگەری ئەرێنی هەیە لە پێگەی هەرێمی كوردستان بەرامبەر بە حكومەتی فیدراڵی.

دووەم: بەهێزكردنی دەسەلاتی سیاسی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەرامبەر بە حكومەتی فیدراڵ، هیچ یەك لە ئاستەكانی حكومەت (حكومەتی فیدراڵی یان حكومەتی هەرێمی كوردستان)، ناتوانن دەسەلاتەكانی خۆیان پەیڕەو بكەن ئەگەر سەرچاوەی داراییی پێویستیان لەبەردەستدا نەبێت[١]. پشت بەست بەداهاتی نەوت و گاز حكومەتی هەرێمی كوردستان وەك تاكە هەرێمێكی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ توانیوویەتی دەسەلاتەكانی خۆی تا ئاستێكی باش پەیڕەوبكات.

سێیەم: دابینكردنی ئاسایشی دەستگەیشتن بە سەرچاوەكانی وزە، گرنگترین ئامانجی ولاتانی زلهێزە و بنەمای دیاریكردنی ستراتیژی ململانێكانە، چونكە لە ئەگەری لە دەستدانی ئەم ئاسایشەدا بێگومان ولاتانی خۆرئاوایی ڕووبەرووی قەیران و گرفتی قووڵی ئابووری و سیاسی دەبنەوە، لەم پێناوەشدا خۆرئاوا چەندین میكانیزمی گرنگی سیاسی بەكاردێنێت هەم بۆ سەقامگیری گەیشتن بە وزە ، هەم بۆ تەسككردنەوەی ڕووبەری بەرژەوەندی ولاتانی دیكە لە وزە و سامانی نەوتیدا[٢]. ئەمەش وایكردووە هەرێمی كوردستان جێگەی گرنگی بەشێك لە دەوڵەتانی بەكاربەری وزەبێت، ببێتە ناوچەیەكی ئارام بۆ كاركردنی كۆمپانیاكانی بواری وزە.

چوارەم: حكومەتی هەرێم نەوت و گازی بەكارهێناوە وەك ڕێگایەك بۆ نزیك بوونەوە لە خەڵكانێكی دیپلۆمات و سەربازی بەمەبەستی بەكارهێنانیان وەك لۆبی لە خزمەتی بەهێزكردنی قەوارەی هەرێم لە ئاستە جیاوازەكان. وباشترین نمونەش پەیوەندی دروستكردن لەگەڵ هێزێكی گەورەی وەك ڕووسیا كە گرنگی زۆری هەیە بۆ هەرێمی كوردستان.

پێنجەم: كاریگەری كۆمپانیا نێودەوڵەتییەكان لەسەر كەرتی وزەی هەرێمی كوردستان لەڕووی سیاسییەوە، دەتوانین بیبەستینەوە بە پاڵپشتی كۆمپانیا نێودەوڵەتیەكان بۆ هەرێمی كوردستان و بەرەو پێشبردنی ژێرخانی وزەكەی لەڕووی سیاسییەوە، كە ئەمەش زیاتر پشت دەبەستێت بەتوانای پاڵپشتی سیاسی بۆ ئەو كۆمپانیایانە لەلایەن دەوڵەتەكانیانەوە، ئەو كۆمپانیا نێودەوڵەتیانەی لە كەرتی نەوت و گازی هەرێم كاردەكەن دەكرێت بیانكەین بە دوو بەشەوە، ئەوانەی توانایەكی زۆریان هەیە و بەرنامەی ستراتیجی درێژخایەنیان هەیە لە كۆنترۆڵكردنی وزەی جیهانی، كەئەم جۆرە كۆمپانیایانە بەرگەی قەیرانە ئابووری و ئاڵۆزیە سیاسیەكان زیاتر دەگرن و دەتوانن پاڵپشتی زیاتری حكومەتی هەرێم بن، بەشی دووەمی ئەو كۆمپانیایانەی لە كەرتی نەوت و گازی هەرێم كاردەكەن توانای

---

(١) ئازاد وەلەدبەگی، دەسەلاتی كۆكردنەوەی داهاتە داراییەكان لە سیستمە فیدراڵییەكان؛ عێراق وەك نموونە، وەرگیراوە لە سایتی پێنوس، http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/529-2018-09-02-18-56-38 ڕێكەوتی ٥/٥/٢٠٢٠

(٢) دارا جەمال، گرنگی ووزە و ستراتیژی ململانێكان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، سەرچاوەی پێشوو.

ئابووریان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا نییە، تەنها بەرژەوەندی ئابووری چەند بازرگانێك لەپشتیانە، کە ئەم جۆرە کۆمپانیایانە بەرگەی ئالۆزی سیاسی ناگرن بەردەوام لەو ولاتانە هەڵدێن کە نائارامی سیاسیان تێدایە [١].

شەشەم: نەوت و گازی کوردستان توانیویەتی پەیوەندیەکی باش دروستبکات بۆ هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە بە تایبەتی تورکیادا، دەوڵەتی تورکیا کردنەوەی دەروازەیەك بۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێم بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەبێ گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی فیدراڵی عێراق[٢]. ئەمەش خالێکی گرنگی کاریگەرییە سیاسییە ئەرێنییەکانی نەوت و گازە لە پێگەی هەرێمی کوردستان.

حەوتەم: ئەم پێگەوگرنگییەی هەرێمی کوردستان لە بواری دابینکردنی نەوت و ووزەداو دروستبوونی بەرژەوەندی گەورەو ستراتیجی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان لەهەرێمی کوردستان لە دروستکردنی بڕیارو نەخشەکێشان وئاراستەکردنی سیاسەتەکانی جیهان ڕۆڵێکی کاراو کاریگەریان هەیە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووە بە هۆکاری پاراستنی هەرێمی کوردستان[٣].

هەشتەم: بە پێی ڕای هەندێك لە شارەزایان، مامەڵەکردنێکی ژیرانە لەگەڵ گازی سروشتی، پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهان گەورەتر دەکات و هاوشان لەگەڵ سێکتەرەکانی دیکە، کوردستان دەگەیەنێتە کەناری ئارام و پێگە سیاسییەکەشی بەهێز دەکات[٤] .

فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری ئەرێنی سیاسی لە پێگەی هەرێمی کوردستان هەیە، دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بە فەرمی ڕایگەیاند خاوەنی بڕێکی زۆرە لە یەدەکی نەوت و گاز و بەشێوەیەکی سەربەخۆ بە بێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ مامەڵەی بە سامانی نەوت و گازە کردووە ڕاستەخۆ کاریگەی لەسەر بە هێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان کردووە لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق و جیهان، هەرچەندە کۆمەڵێك کاریگەری نەرێنی سیاسیشی هەبوو کە لە باسی دواتردا ئاماژەی پێدەدەین.

**داخوازی دووەم: کاریگەرییە ئەرێنییە ئابورییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان:**فاکتەری نەوت و گاز بەشێکی زۆری ئابوری نەتەوەیی ولاتە بەرهەمهێنەرەکان پێکدەهێنن، گرنگیەکی گەورە و بێسنوری لەهەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە و کەرەستەیەکی ستراتیجیە و سەرچاوەی گرنگن بۆ پەرەپێدانی ئابوری لە جیهاندا [٥]. سامانی نەوت چەندین گرنگیشی هەیە بەلاْم هەندێك شارەزایانی ئەو بوارە گرنگی نەوتیان پۆلێنکردووە بەپێی بوارە جیاوازەکان یان بەشداری ولاْتان لە دەرهێنان یان گواستنەوە یان

---

(١) شاڵاو عبدالخالق محمد، دیبلۆماسییەتی خوێنی ڕەش، (نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاْو کردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر ، ٢٠١٧ ) ل٧٠.

(٢) العلاقات بين تركيا وكردستان العراق ، متاح على الرابط الأتي:http://ncmes.org/ar/publications/middle-east-strategy-bulletin/211، التاريخ ٢٠٢١/٧/٢٩.

(٣) سامی ئەرگۆشی، نەوت گەرەنتی ئێستاو داهاتووی کوردستان، وەرگیراوە لەسایتی، http://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=38731 ، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/١٥.

(٤) چاوپێکەتنی توێژەرلەگەڵ (هاوڕێ مەنسوور بەگ) ، شارەزا لە بواری وزە، زانکۆی سۆران، بەرواری ٢٠٢١/١٢/٢٢.

(٥) اهمية النفط في الحياة الاقتصادية لدول العالم ، متاح على الرابط الأتي:

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=239403، التاريخ ٢٠٢٢/٤/١٠.

بەکارهێنان، شارەزایانی نێو ئەو کایە زانستیە بە شێوەیەك پۆلێنیان کردووە جیاوازیان کردووە لە نێوان ولاتی خاوەن بەرهەم، ئەو ولاتانەی پێدا تێپەڕدەبێت، ئەو ولاتانەشی نەوت و گاز بۆ پیشەسازی بەکادەهنێت، هەرێمی کوردستان وەك ولاتێکی خاوەن نەوت و گاز چەندین قازانج و سودی ئابوری بینیووە، گرنگترین سودەکانیش نەوت و گاز لەڕووی ئابوریەوە بۆ ولاتە بەرهەم هێنەرەکان لە چەند خالێك پۆلێنکراوە[1]:

١. پێویستیەکانی دەرهێنراوە نەوتیەکان(بەنزین،نەوتی سپی،گازوایل، قیر...هتد) بۆ دابین دەکات .

٢. کەرەستەیەکی سەرەتاییە بۆ پیشەسازی پترۆکیمیاوی (پیشەسازی پترۆکیمیاوی لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی نزمدایە بەلام هەرێمی کوردستان خاوەنی کەرەستە سەرەتاییەکەیە کە نەوتی خاوە).

٣. کەرەستەیەکی سەرەکی پێکدەهێنن بۆ نێردراوەکان (الصادرات) .

٤. بەهۆی نەوتەوە پاشەکەوت کردنێکی پارەی زۆری بۆ دەگەڕێتەوە و کاریگەری ئەرێنی و ڕاستەوخۆی دەبێ لەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەلایەتی و ئابوری کە گرنگترینیان :

أ- یارمەتی دەرە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەستکەوتی نەتەوەیی و تاك (مەبەست لەم گرنگییە بەکارهێنانی سەرچاوەی نەوت و گازە بۆ خزمەتی ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردی عێراقە ).

ب- بودجەی ولاتی بەرهەمهێن پێکدەهێنن بەتایبەتی و دەولەمەندی دەکات .

ج- پێشخستن و بەرزبوونەوەی ئاستی خزمەتە کۆمەلایەتیەکان لە (خوێندنگە و نەخۆشخانە و ... هتد ) .

د- دروستکردنی کۆمەلگەی پیشەسازی لە (پالاوتنی نەوت و پیشەسازی و کارەبا ... هتد) کە لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا چەند پالاوتگا و وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبایە بە بەکارهێنانی گاز هەیە.

هـ- بەشداری دەکات لە پرۆژەی بوژاندنەوەی کشتوکالی لە (بەنداو، پرۆژەی ئاودێری، پالپشتی کشتوکالی ... هتد ) .

و- دابینکردنی کار بۆ هەزاران کرێکار و ڕاکێشانی دەستی کاری بیانی .

نەوت و گازی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتای بەرهەمهێنانی نەوت لە عێراق هاوبەشی لە پێکهاتەی ئابوری نیشتمانی عێراقدا کردووە[2]. گۆڕانکارییە سیاسی و ئابورییەکان بەردەوامبون لە عێراق و هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان وەك کارەکتەرێکی گرنگی ناوچەکە لەڕووی سامانی نەوت و گازی سروشتییەوە دەرکەوتووە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان ڕوویان تێکردووە، بەمەبەستی بەرهەمهێنانی زیاتری نەوت وگاز.

عێراق و هەرێمی کوردستان وەك ولاتێکی بەرهەم هێنی نەوت و گاز کۆمەلێك سود و قازانجی ئابوریی گرنگیان لە نەوت و گاز بینیوە، لە چوارچێوەی چەند خالێکدا کاریگەرییە ئەرێنییە ئابورییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو:

یەکەم: بەرەوپێشچوونە سەربەخۆکانی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەڕووی ئابورییەوە کاریگەری لەسەر مامەلەی حکومەتی فیدرالی کردووە وەك هێزێکی بەرجەستەی خاوەن ئابوری مامەلە لەگەل هەرێمدا بکات، ئەگەر کێشەکانی کەرتی نەوت و گاز چارەسەربکرێت ئەوا لەڕوی ئابوریەوە هەرێم دەتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت، نەوت و گاز وەك خالێکی گرنگی ئابوری بەرامبەر بە حکومەتی فیدرال بەکاربهنێت بۆ خێرا چارەسەرکردنی تەواوی کێشە و ناکۆکی نێوانیان[3].

---

(١) بیوار خنسی، البترول- أهمیته، مخاطره، تحدیاته (دار ئاراس للطباعة والنشر، اربیل، ٢٠٠٦) ص ص ٢١-٢٤.

(٢) سفین جلال فتح الله، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

(٣) ئەنوەر کەریم، شیکاری سوات بۆ کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو،٢٠٢٠، ل ٦.

دووەم: سوودبینین لە گازی سروشتی و بەکارهێنانی بۆ خزمەتی هاوڵاتیان، دامەزراندنی هەریەك لەپرۆژەی گازی کۆرمۆر و سێ وێستگەی (٥٠٠)و(٧٥٠)و(٥٠٠) مێگاواتی کارەبا لەهەرسێ پارێزگای هەلێر و سلێمانی و دهۆك، ئەمەش مامەڵەکردنێکی ژیرانەیە لەگەڵ گازی سروشتی، هەرێمی کوردستان لە کەمی کارەبا دەربازکردووە، پشت بەست بە گازی سروشتی لە چاو ساڵانی پێشوو بڕی کارەبا بەرهەمهێنانی کارەبا زیادیکردووە[1].

سێیەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتی بە پارەی فرۆشتنی سامانی نەوت بە ستووە بۆ دەستکەوتنی دارایی پێویست[2].

چوارەم: دروستکردنی پاڵاوگەی نەوت لەهەرێمی کوردستان وایکردووە دانیشتوانی هەرێم لەچەندین ڕووەوە سود و قازانج بکەن، بەهۆی پاڵاوتنی بەرهەمی نەوتەوە خەڵکی کوردستان سودمەند بوونە، کەڵك لە سوتەمەنییەکانی وەك نەوتی سپی و بەنزین و نەوتی ڕەش وەردەگرن، پاڵاوگەی نەوت ڕۆڵێکی گەورەو گرنگی بینیوە لەوەگەڕخستنی کارگەکانی وەك (کارگەی چیمەنتۆ، کارگەی خشت،.... هتد).

پێنجەم/ فاکتەری نەوت و گاز گرنگە بۆ دامەزراندنی بناغەیەکی پتە و بەهێزی ئابووری و دروستکردنی ژێرخانێکی ئابوری بەهێز، کە کاریگەری لەسەر داهاتی تاك و نەتەوە دەبێت و دەبێتە مایەی خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و گەشەکردن و ئاوەدانکردنەوەی زیاتری هەرێمی کوردستان .

شەشەم/ فاکتەری نەوت و گاز هۆکاری دروستبوونی پەیوەندیە ئابوریەکان هەرێمی کوردستانە لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان . کەئەمەش لەم سەردەمەدا زۆر گرنگە بۆ پشتگیری کردنی سیاسی و ئابووری بۆ مەسەلەی کورد لەلایەن وڵاتانەوە، و دەبێتە هۆی بەستنەوەی کوردستان بەبازاڕەکانی جیهانەوە .

فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری گەورەی ئابورییان هەیە لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەگەر نەوت بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا مەکینەی چەرخانی ئابوری و ژیانیان بێ ئەوە بۆ بەشێك لە وڵاتانی خاوەن نەوت سەرچاوەی بژێوی و قوتی هاوڵاتیانێتی، نەوت تەنها ڕێگەیە کە دراوی بیانی لە ڕێگەیەوە دێتە وڵاتەوە، بۆیە نەوت سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتە بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە دارییەکانی هەرێمی کوردستان.

هەرچەندە بەهۆی خراپ بەڕێوەبردن و ناکۆکی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، بۆ هەرێمی کوردستان دۆخی خراپی ئابوری هاتۆتە کایەوە، بەڵام ئەمە دەکرێت چارەسەر بکرێت، ئەمەش بە چاکسازی و ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ دەکرێت.

---

(١) چاوپێکەتنی توێژەر لەگەڵ (هاوڕێ مەنسوور بەگ)، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) قەیوان سوارە سیوەیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥ .

## باسی دووەم

## کاریگەرییە نەرێنییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان

نەوت و گاز دوو سامانی سروشتی گرنگی ژێرزەوین، بۆ بەشێك لە گەلانی جیهان بونەتە مایەی خێرو خۆشی، بەڵام بۆ بەشێکی تری گەلانی جیهان بووە بە نەفرەت، هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە سامانی نەوت و گاز، بەڵام سامانی نەوت و گاز وەك پێویست بۆ کوردستان و دانیشتوانەکەی سودی ئەوتۆی لێ نەبینراوە، بەڵکو زۆر جار بووەتە مایەی کێشەو قەیران، ئەوەی تا ئێستا حکومەتی هەرێم کردویەتی فرۆشتنی نەوت و خەرجکردنی پارەکەی بووە لە کەرتی گشتی، واتا هەموو ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی مامەڵەکردنی سەربەخۆیی بە نەوت و گازەوە، ڕووبەڕووی چەندین کێشە سیاسی و ئابوری بۆتەوە، بە تایبەت کاردانەوە سیاسی و ئابورییەکانی حکومەتی فیدراڵی ڕاستەخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. کە ئەمەش دواجار کاریگەری نەرێنی هەبووە لە پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان.

### داخوازی یەکەم: کاریگەرییە سیاسیە نەرێنییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان:

نەوت و گاز کاریگەری گەورەی سیاسیان هەیە لە سەر ئاستی ناخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان، وەك هەندێك لە دەوڵەتانی تری خاوەن سامانی سروشتی کە بە (دەوڵەتی کرێخۆر[*])(الدوله الريعيه)( Rentier state) ناسراون کە پشتیان بەستووە بە سامانی نەوت و گاز وەك سەرچاوەی سەرەکی بۆ دەستکەوتنی بودجە و داهات، سیاسەتی کرێخۆری کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و حکومەتی هەرێم هەبووە، چونکە حکومەتی هەرێم پشتی بە داهاتی باج و کاری خەڵك نەبەستووە بەڵکو پشتی بە داهاتی نەوت و ئەو برە پارەیە بەستووە کە حکومەتی فیدراڵی بۆی دەنێرێت بۆیە ئەمەش وایکردووە خەڵك کەمتر بتوانن چاودێری حکومەت بن، وەك سەرچاوەی بژێویان سەیری حکومەت بکەن چونکە بە ڕێژەی (٢٠٪) دانیشتوانی هەرێم بوون بە موچە خۆری حکومەت کە (٨٠٪) داهاتی حکومەت دەبەن، لەو ژمارە زۆرەی موچە خۆرەی کە حکومەت هەیەتی بە نزیکەی (٢٥٪) هێزی چەکدارن[1].

یەکێك لە کاریگەرییە سیاسیە نەرێنییەکانی سامانی نەوت و گاز بریتییە لە بەهێزکردنی دەسەڵاتی بنەماڵە و قۆرغکردنی دەسەڵاتەکان لە دەستی ئەندامانی، زۆرێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك (سعودییە،کوەیت،عومان و هتد...) پشتیان بە داهاتی نەوت بە ستووە، بنەماڵە تەواوی دەسەڵاتی وڵاتی لە

---

(*) دەوڵەتی کرێخۆر ( الدوله الريعيه- Rentier state): مەبەست لەو دەوڵەتەیە سامانی نەوت و گاز وەك سەرچاوەی سەرەکی بۆ دەستکەوتنی بودجە و داهات بەکاردەهێنێت و سەرچاوەکانی تری داهات پشتگوێدەخات، لە بەرامبەرادا خەڵك چاوی لە دەستی حکومەتە، هەموو کەرتەکانی تری وڵات پشتگوێ دەخرێت.مأمون فندي، هل ماتت نظرية الدولة الريعية؟متاح على الرابط الأتي: https://aawsat.com/home/article/2627246/%D9%85%D8%A3%D9%85%D9%88%D9%86، التأريخ ٢٠٢١/٨/٦.

(١) محمد رەوف ، ژمارەی موچەخۆرانی هەرێم ، وەرگیراوە لە سایتی درەوە میدیا ، https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5991، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٢.

چوارچێوەی ئەندامانیان دابەشكردووە[١]. داهات و بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتی بە فرۆشتنی نەوت بەستووە، ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی ڕاستەخۆی نەوتی هەرێمەوە دەستی دەکەوێت یاخود ئەو پارەیەشی لە بودجەی فیدراڵی بۆی دەنێردرێت، کە واتا هاوڵاتی لە ڕێگەی دەستەبژێر و حیزبەوە داهاتی دەست دەکەوێت کەئەمەش پێچەوانەیە بە بەراورد بە وڵاتانی تری دیموکراسی کە حکومەت لە ڕێگەی باجەوە داهاتی بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگا حکومییەکان دەستدەکەوێت، لە هەرێمی کوردستان هاوڵاتی لە ڕێگەی دامودەزگا حکومییەکانەوە داهاتی دەست دەکەوێت، ئەمەش وایکردووە حیزب دامودەزگاکان بخاتە خزمەتی خۆیەوە زۆرینەی دەسەڵاتە گرنگانی وڵات بۆ ئەندامانی بێت هەر ئەمەش وایکردووە ئەستەم بێت دیموکراسیەتێکی تەندروست بێتەکایەوە کە تەواوی دەسەڵاتە گرنگەکانی وڵات لە دەستی ئەندامانی یەك بنەماڵەبێت و داهاتی هاوڵاتییانی هەرێمیش پشتی بە فرۆشتنی نەوت بەستووە کە بڕیاری یەکەم و کۆتای لای ئەندامانی بنەماڵە دەبێت.

دەستەبژێری حوکمڕان لە وڵاتە نەوتییەکان مەیلی بەلاواز هێشتنەوەی دامەزراوەکانی هەیە. چەندە دامەزراوەکان لاوازتر بن هێندە بواری شاردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەست بەداهاتی نەوت لەلایەن ڕژێمەکانەوە وهێشتنەوەی داهاتەکە لە ژێر کۆنترۆڵی دەستەبژێرەکە دەرەخسێت، بەلاوازی هێشتنەوەی دامەزراوەکان، ئامانجی پشت ئەو پرۆسەیەش ڕەخساندنی بوارە بۆ خراپ بەکارهێنانی داهاتی نەوت[٢]. بە پشت بەستن بە ماددەی (٤) لە بەشی (سێیەم) لە یاسای نەوت و گاز هەرێم ئەنجومەنێکی پێنج کەسی دامەزراوە کە پێکهاتوون لە (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ،وەزیری سامانە سروشتییەکان،وەزیری دارایی و وەزیری پلان دانان) بەڵام ئەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ دەچێت ئەم ئەنجومەنە تەنها یەك کۆبونەوەی کردووە لەسەر پرسی نەوت و گازی هەرێم [٣]. هەرچی بڕیار گرنگی پەیوەست بە نەوت و گاز دراوە ڕاستەخۆ لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دراوە مەبەست لەمەش تەنها لاوازکردنی دامەزراوە بووە.

دەرهێنانی نەوت و فرۆشتنی بە شێوەی سەربەخۆ زیانی گەورەی گەیاندوە بە پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، ناکۆکی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لەسەر بابەتی نەوت و گاز لەسەر سەرچاوەیەکی ئابووری نەماوە و گەیشت بە ناکۆکی سیاسی و گرفتی یاسایی، بۆیە لە ئەنجامی تێکچونی ئەو پەیوەندییە لە ماوەی ڕابردوودا چەندین کاردانەوەی( سیاسی،یاسای و سەربازی ) لە نێوانیان ڕویداوە[٤]. لە پێشتردا ئاماژەمان پێداوە کە حکومەتی فیدراڵ چەند سکاڵای لە دادگا نێودەوڵەتی و دەدگای باڵای فیدراڵی کردووە لە سەر هەرێمی کوردستان و کەرتی نەوت و گازی هەرێم، کۆتا کاردانەوەش کە لە بەرژەوەندیی حکومەتی فیدراڵ بڕیاری لێدراوە بڕیارەکانی

---

(١) محمد رەوف، نەوت و بەهێزکردنی پایەکانی حوکمی بنەماڵە لە کوردستان ، وەرگیراوە لە سایتی دیپلۆماتیك، https://diplomaticmagazine.net/economy/67?fbclid=IwAR0NoZP5WnBim8zTsPVoML6CHnCwxBvJbQvG81xEo4htY8654z3rtt94Ge8 ، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٢.

(٢) ئارام ڕەفعەت ، سێکوچکەی نەوت و ناشەفافییەت و لاوازی موئەسەسات ، وەرگیراوە لە سایتی وتاری کورد ، https://www.wtarikurd.info/2013/10/13/%d8%af%da%a9%d8%aa%db%86%d8%b1-، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٢٤.

(٣) دوای چەند ساڵ ئەنجومەنی نەوت و گاز کۆ بویەوە ، وەرگیراوە لە سایتی ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافیەت لە پرۆسەکانی نەوت ، http://www.roonbeen.org/2022/06/30/fbclid=IwAR24Pk4ixwd4qg، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٤.

(٤) نیاز نەجمەدین، شکستی دۆستایەتی لە نێوان عێراق و هەرێمدا:هۆکار و کاریگەری، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوەلە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە (٨٤)، سلێمانی، (تشرینی دووەم،٢٠١٩) ل٨.

دادگای فیدراڵی بوو لە وەڵامی سکاڵاکانی حکومەتی فیدراڵی دژی کەرتی نەوت و گازی هەرێم و گرێبەستەکانی، دادگای فیدراڵی لە دانیشتنی بەرواری (٢٠٢٢/٢/١٥) لە وەڵامی سکاڵای ژمارە (٥٩) فیدراڵی ساڵی (٢٠١٢) و سکاڵای ژمارە (١١٠) ساڵی (٢٠١٩)، دادگای فیدراڵی بڕیاریدا بەوەی دەبێت حکومەتی هەرێم دۆسیەیی نەوت ڕادەستی حکومەتی فیدراڵ بکات لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ نەوتی هەناردەی دەرەوە کردووە، ئەمەش پێچەوانەی دەستور و یاسایە، بۆیە دەدگای فیدراڵی چەند بڕیارێکی دەرکرد، پوختەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی[1]:

یەکەم/ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢) ی ساڵی (٢٠٠٧) دەستوری نییە، هەڵوەشایەوە لە سەر بنەمای پاراستنی ماددەکانی (١١٠،١١١،١١٢،١١٥،١٢١،١٣٠) کە لە دەستوری کۆماری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) دا هاتووە.

دووەم/ دەبێت حکومەتی هەرێم هەموو بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان ڕادەستی وەزارەتی نەوتی عێراق بکات، وەزارەتی نەوتی عێراقیش هەموو دەسەڵاتێکی دەستوری هەیە لە بواری دۆزینەو و دەرهێنانی نەوت.

سێیەم/ سکاڵاکار (حکومەتی عێراق و وەزارەتی نەوتی عیراق) دەتوانێت بەدواداچوون بکات بۆ هەموو ئەو گرێبەستانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان (وەزارەتی سامانە سروشتییەکان) کردویەتی لە گەڵ لایەنی دەرەوە دەوڵەت و کۆمپانیاکان بەتایبەتی بۆ(دۆزینەوە، دەرهێنان و هەناردەکردنی) نەوت .

چوارەم/ حکومەتی هەرێم پابەند دەکرێت بە پێدانی هەموو زانیاریەك بە وەزارەتی نەوتی عێراق و دیوانی چاودێری فیدراڵی بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات لە سەر هەموو گرێبەستەکانی هەرێم کە کراوە لە بواری هەناردەکردنی نەوت و گاز و فرۆشتنی، بۆ ئەوەی وردبینی بکرێت و بزانرێت کە حکومەتی هەرێم چەندی داهات دەستدەکەوێت بۆ ئەوەی پشکی حکومەتی هەرێم دیاری بکات لە بودجەی عێراق، بە هیچ شێوەیەك پشکی هەرێم دوانەکەوێت، دوای وردبینی کردنی لە لایەن چاودێری دارای فیدراڵییەو.

پێنجەم/ سکاڵا لێکراو( حکومەتی هەرێم) دەبێت هەموو رسومات و تێچووەیەکی دادگا بدات، کە بڕەکەی سەد هەزار دینارە.

بەرامبەر بە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٣) ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبۆیەوە، لە کۆبونەوەکە، ئەنجومەنی وەزیران، گفتوگۆی دەربارەی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی کرد تایبەت بە کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، دوای گفتوگۆی چڕ و هەمەلایەنەی بڕیارەکە، ئەنجومەنی وەزیران، بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی سەبارەت بە نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، بە نادەستووری ونادادپەروەرانە دادەنێت و جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان، بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ پارێزگاریکردن و داکۆکیکردن لە ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی خۆی هەروەك لە دەستووری عێراق جێگیرکراون کە زۆرینەی خەڵکی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ دەنگیان بەو دەستوورەدا [2].

کاریگەرییەکی تری سیاسی نەرێنی سامانی نەوت و گاز لەسەر هەرێمی کوردستان بریتییە لە ئاڵنگارییە ئەمنی و سەربازییەکانە لەسەر هەرێمی کوردستان، لە دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و( ١٦ی ئۆکتۆبەری

---

(١) متاح على الموقع الرسمي المحكمة الفيدرالية العليا، https://www.iraqfsc.iq/s.2022/، تلريخ ٢٠٢٢/٣/٢٥.

(٢) وارگیراوە لە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، https://gov.krd/news-and-announcements/?page=2 ، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٥.

٢٠١٧ ) دوە حکومەتی فیدراڵ بە زەبری هێز کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوك و موسڵی کردەوە، ئەمەش زیانی گەورەی بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم دا بڕی هەناردەی ڕۆژانەی لە (٦٠٠-٧٠٠)هەزار بەرمیل نەوتەوە دابەزاند بۆ (٢٤٠) هەزار بەرمیل نەوت [1]. هەروەها هەرێمی کوردستان بەو هۆیەوە بەشێکی زۆری خاکی لە دەستداو ناچار کرا بکشێتەوە لەو ناوچانەی کەپێش ساڵی (٢٠٠٣) بووە سنوری نێوان هەرێمی حکومەتی ڕژێمی پێشوو، مەترسییە ئاسایشی و سەربازییەکان لەسەر کەرتی نەوت و گازی هەرێم بەردەوامە بەردەوام وەك ڕێگایەك بە کاردەهندرێت بۆ ملکەچپێکردنی هەرێمی کوردستان بۆ حکومەتی فیدراڵی.

کاریگەرییەکی تری نەرێنی سیاسی ئەوەیە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی داخراوە، بۆیە بە هۆی فرۆشتنی نەوت و گازەوە چاوەڕوانکراوە بکەوێتە ژێر کاریگەریەکانی دەوڵەتانی هەرێمی وەك(تورکیا ، ئێران و سووریا) و ئیسرایل بە حوکمی پەیوەندیە جیۆسیاسیەکان و هەژموونی بەسەر دەلاقەکانی داهاتووی هەناردەکردندا بۆ نموونە (تورکیا-ئیسرایل/ کوردستان –ئەوروپا/ گرێی بەستنەوەی بۆریەکانی نەوت و گازی هاتوو لەلای روسیاوە بۆ ئەوروپا) [2].

بە تایبەتی هەبوونی تورکیا لەنێوان هەرێمی کوردستان و بازارەکانی جیهان وایکردووە هەرێم لەبەردەم مەترسیی پاشکۆیەتی ولاتێکی وەك تورکیا بێت و لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لە پاشکۆیەتی جیهانییەکانی وەك یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا . دیارە لەهەریەك لەم دۆخانە جۆری پاشکۆیەتییەکە جیاوازە، ئەم سیاسەتی پاشکۆیەتییە زەقتردەبێت لە ئێستادا بەتایبەت چونکە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەپێچەوانەی جارانەوە ئابووریی بازرگانی کرۆکی شێوازی پەیوەندییەتی بەدەرەوەی خۆیەوە بەتایبەتی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست، بۆیە مەترسی ئەوەی هەیە کە تورکیا بەماڤ خۆی بزانێت کە دەستوەرداتە نێو سیاسەت و پلانی ئابووریی دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستانەوە[3].

ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی هەبووە بۆیە تورکیا هەرکاتێك بیەوێت دەتوانێت ئەمە وەك کارتی فشاری دژی حکومەتی هەرێم بەکاربهێنێت، پێگەی خۆی لەناو خاکی کوردستاندا لە ڕووی سەربازیەوە زیاتر جێگیربکات، بۆیە کاتی ڕیفراندۆم تورکیا هەڕەشەی وەستاندنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کرد.

## داخوازی دووەم: کاریگەرییە ئابورییە نەرێنییەکانی فاکتەری نەوت و گاز لە پێگەی هەرێمی کوردستان:

**کوردستان:** لێرەدا بەچەند خاڵێك ئەم کاریگەرییانە دەخەینەڕوو، بەم شێوازەی خوارەوە:

یەکەم: ئابووری هەرێمی کوردستان بۆ پەیداکردنی سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات پشتی بە پارەی فرۆشتنی نەوت بەستووە، جا لەرێگەی فرۆشتنی راستەوخۆی نەوتی هەرێم بێت، یاخود لە ڕێگەی پشکی هەرێم بێت لەو بڕە پارەیەی کە حکومەتی فیدراڵ بۆی دەنێرێت لەداهاتی فرۆشتنی نەوت، بۆیە ئابوریی هەرێم کارتێکراوی زۆرێك لە گۆرانکاری و جوڵە سیاسی و ئابورییە ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکان دەبێت کە کاریگەرییان لەسەر نرخی نەوت دەبێت، ئەمەش وایکردووە ئابووریی هەرێم نائارام و نالەباربێت، چونکە سەرچاوەی داهاتی ناجێگیرە، یەکێك لە هۆکارەکانی ناجێگری داهاتی نەوت، نرخی نەوتە، هیچ کاتێك نەتوانراوە نرخی پترۆڵ (pricing) لە بازاری

---

(١ ) محمد حسێن، ئاڵنگاری کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوەلە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە (٧٤) ، سلێمانی، (تشرینی یەکەم ،٢٠١٩) ، ل٦.

(٢) كمال القيسى ، النفط والهيمنة: القوة والتحكم، ( دار أمنة النشر، عمان ،٢٠١٥) ص١٥٣.

(٣) سەردار عزیز، حکومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی، پێشوو، ل ١٠٨.

جیهانیدا بەتەواوی جێگیربکرێت و جێگیری بە خۆوە ببینێ [1]. کەواتە زوو زوو نرخی نەوت گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینێ و بەرز و نزمی و هەڵکشان لە نرخ دا ڕوو بەڕووی نرخی نەوت دەبێتەوە، دابەزینی نرخی نەوت کاریگەرییەکی نەرێنی و ڕاستەخۆی دەبێت لەسەر سیستەمی ئابوری و حوکمڕانی و ژیانی ڕۆژانەی هاونیشتیمانانی هەرێمی کوردستان چونکە هەرێمی کوردستان ئابووری و داهاتی وابەستەیە بەهەناردەو فرۆشتنی نەوتەوە. لەبەر ئەوەش دابەزینی نرخی نەوت و کەمکردنەوەی بەرهەم زیانی گەورەی ئابووری دەگەیەنێت بە هەرێمی کوردستان چونکە نزیکەی (٨٠٪ - ٩٠٪) داهاتی پشتی بە پارەی نەختی نەوت بەستووە[2].

چەندین هۆکارمان هەیە کە وایان کردووە نرخی نەوت جێگرنەبێت، فاکتەرە ئابوری و سیاسیەکان کەلە جیهاندا ڕوودەدەن کاریگەری گەورەیان لەسەر نرخی نەوت هەیە، بەرهەمهێنەرە گەورەکانی نەوت و بازرگانەکانی نەوت دەتوانن کاریگەری تەواویان هەبێت لەسەر دانانی نرخی نەوت، بۆیە نرخی نەوت وەك چەکێکی ئابوری لە ململانێ نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان بەرامبەر بە یەکتر بەکاردەهێنن، لە ساڵی (٢٠٢٠) بەهۆی ململانێی (ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی) کە دیارترینیان (سعودیە) یە دژی (ڕوسیا و هاوپەیمانەکانی) نرخی نەوتیان لە نزیکی (١٠٠$) بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزاند بۆ (٤٤$) بۆ هەر بەرمیلێك[3]. هەروەها بەهۆی سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٩)، کە هەموو چالاکی و مامەڵە بازرگانییەکانی جیهانی ڕاگرت، نرخی نەوت گەیشتە (١٦$) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، کە کەمترین نرخی نەوتە لە (٣٠) ساڵی ڕابردوو، هەموو ئەو گرفتانەی کاریگەریی نەرێنیان هەیە لەسەر نرخی نەوت ڕاستەخۆ کاریگەریی نەرێنیان دەبێت لەسەر هەرێم، هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی تری خاوەن نەوت لاوازترە لە بەردەم کاریگەری دابەزینی نرخی نەوت، چونکە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە تا بتوانێت قەرز بکات و بە ئاسانی خۆی لەو جۆرە قەیرانانە ڕزگار بکات[4].

دووەم: بڕی هەناردەی نەوت جێگر نییە، چەندین هۆکار هەیە بۆ ئەوەی بڕی هەناردەی نەوتی هەرێم کەمبێتەوە، هۆکاری ئاسایش، چەندجار ئەو بەشەی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان کە بە خاکی تورکیادا تێدەپەڕێت تەقێندراوەتەوە ئەمەش وایکرد هەناردەی نەوت بووەستێت و زیانی گەورە بەر هەرێمی کوردستان بکەوێت، نوێترین ڕووداوی تەقاندنەوەی بۆری نەوتی هەرێم لە ڕێکەوتی (٢٨/١٠/٢٠٢٠) بوو ، تەقاندەوەی بۆرییەکە لەو بەشەی بۆرییەکە بوو کە بە خاکی تورکیادا تێپەڕدەبێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی (٣٠/١٠/٢٠٢٠) ڕایگەیاند کە تەقاندەوەی بۆری نەوتی هەرێم کردەیەکی تیرۆرستی بووە و بە ئامانجگرتنی قوتی خەڵك بووە[5].

---

(١) یوسف محمد بەرزنجی، چارەنووسی کورد پترۆڵ وەك مەسەلەیەکی ستراتیجی _ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی ئابووری سیاسی دەربارەی کورد و پترۆڵ،( چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣ ) ل١٢٧.

(٢) ئەنوەر کەریم ، کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان ،(ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی،٢٠٢٠) ل٧.

(٣) ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان ،جیهان لە بەردەم کاریگەری دابەزینی نرخی نەوتدا ،( ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان ، سلێمانی، ٢٠١٥ ) ل٨.

(٤) سەردار عەزیز، شەڕی نرخی نەوت، وەرگیراوە لە سایتی دیپلۆماتیك مەگەزین، https://diplomaticmagazine.net/economy/2863، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٢٧.

(٥) وەرگیراوە لە سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، https://gov.krd/news-and-announcements/posts/2020/october، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٩.

هۆكاری تەكنیكی و هونەریش زۆر كات وادەكەن كە بڕی هەناردەی نەوت كەم بێتەوە، لە ڕێكەوتی (٢٠٢٢/١/١٨) بۆری نەوتی هەرێم بە هۆی شۆرتی كارەبا تەقییەوە و هەناردەی نەوت بۆ ڕۆژێك وەستا[١]. ئەمە و چەندین هۆكار وادەكەن زیانی گەورە بەر ئابوری هەرێمی كوردستان بكەوێت و داهاتی نەوت كەمبێتەوە.

سێیەم: چالاكی ئابوری هەرێمی كوردستان تەنها لە دەستكەوتنی پارە لە فرۆشتنی نەوت و خەرجكردنی كورتبۆتەوە ئەمەش چەند كاریگەری خراپی هەبووە بۆ سەر هەرێمی كوردستان، نەوت لەبازاڕی خۆماڵیدا ساغ ناكرێتەوە و پێویستی بەهەناردە كردن و فرۆشتن هەیە لە بازاڕەكانی دەرەوەدا، هەموو داهاتی نەوت لە هەرێمی كوردستان لە دەستی حكومەتە، چی ئەوەی بە راستەخۆ خۆی نەوت دەفرۆشێت یان داهاتی نەوتی ناڕاستەخۆ كە حكومەتی فیدراڵ بۆی دەنێرێت[٢]. داهاتی نەوت لەبەر ئەوەی بەرهەمی ڕاستەوخۆی خەڵك نییە و ئەم داهاتە وا دێتەپێشچاو كە لەدەرەوەی وڵات دەگاتە دەست حكومەت نەك لە بازاڕەكانی ناوخۆ و لەرێگای بانك و دامەزراوەكانی هەرێمەوە بگاتە دەست حكومەت، ئەمەش چەند دەرئەنجامێكی خراپی لێكەوتۆتەوە، حكومەت خۆی بەخاوەنی ئەو داهاتە دەزانێت و مافی مامەڵە و خاوەندارێتی داهاتەكە دەگرێتە دەست، بۆیە لە ئەنجامی ئەمەدا داهات بەشێوەیەكی خراپ دابەشبێت واتا بە نایەكسانی لە نێوان هاووڵاتییان دابەشبێت، لە ئەنجامی ئەمەش دووچینی جیاواز لە ئابوری دروستبووە، هەندێك خەڵك لەوپەری دەوڵەمەندی و هەندێكی دیكە لە خوار هێڵی هەژاری دەژین.

ڕاگرتنی بەشە بودجەی هەرێم كە موچە و بژێوی خەڵكی لەسەرە یەكێكە لە سزاكانی حكومەتی فیدراڵی بەرانبەر حكومەتی هەرێم و كەرتی نەوتی هەرێم كە ئەمەش دواجار هەر هاونیشتمانیان لێی زەرەرمەندبوون، لەلایەكی تریشەوە ، بوونی پارەیەكی ئامادە لەدەرەوەی وڵات و دەستئاوەڵایی نوخبەیەك لە مامەڵەكردن پێیەوە وادەكات كە هیچ ڕێگرییەكی جدی نەبێت بۆشاردنەوە و گلدانەوەی بەشێك لەو داهاتە لە بانكەكانی جیهان بۆ بەرژەوەندییە شەخسییەكان[٣].

چوارەم: وەك زۆرێك لە وڵاتانی خاوەن نەوت هەرێمی كوردستان نەوت دەفرۆشێت و پارەی نەختینەی نەوت وەك خەرجی بەكاربردن بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی حكومەت بەكاردەهێنێت و گرنگییەكی ئەوتۆی نەداوە بە خەرجی وەبەرهێنان، پێویستبوو حكومەتی هەرێم لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی بە شێوەی سەربەخۆ نەوتی فرشتووە داهاتی نەوت و بەرهەمەكانی نەوتی بە راستەوخۆ یاخود ناراستەوخۆ لە بوژانەوە و پێشخستنی ئابووری هەرێم لە بوارە جیاوەزەكان بەكاربهێنایە، وەك سەرچاوەی وزە بۆ پێشخستنی كەرتەكانی وەك پیشەسازی و كشتوكاڵ و سیكتەرەكانی دیكە بەكاربهێنرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە هەرێمی كوردستان سەرەڕای ئەوەی نەوت دەفرۆشێت و گاز دەردەهێنێت، بەڵام هاونیشتیمانیان چەند ساڵە بەدەست قەیرانی سوتەمەنی و گرانی نرخەوە دەناڵێنن، هەرێمی كوردستان ئابورییەكی سەربەخۆی نییە بەڵكو ئابورییەكی پاشكۆی هەیە ئەمەش یەكێكە لە كێشە هەرە گەورەكانی

---

(١) وەرگیراوە لە: سایتی فەرمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، https://gov.krd/dmi/activities/news-and-press-releases/2022/january، ڕێكەوتی ٢٠٢٢/٤/٩

(٢) كارزان عمر، سیما دیارەكانی حكومڕانییەكی ناتەندروست لە هەرێمی كوردستان، لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوەلە ململانێ و قەیرانەكان، ژمارە (٧٤) ، سلێمانی، (ئایاری ،٢٠٢٠) ل٩ .

(٣) ئارام ڕەفعەت ، سێكوچكەی نەوت و ناشەفافییەت و لاوازی موئەسەسات ، وەرگیراوە لە: سایتی وتاری كورد ، https://www.wtarikurd.info/2013/10/13/%d8%af%da%a9%d8%aa%db%86%d8%b1- ڕێكەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٤.

هەرێمی کوردستان، کە لە بۆشایی نەبوونی ژێرخانێکی ئابووریدا کوردستان وەك بازارێکی گەورە بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلی هاوردەکراوی بیانی تەماشا دەکرێت، بەتایبەت کە بەپێی داتاکان پتر لەسەدا (٩٠٪) ی کالاَکانی کوردستان لە دەرەوە هاوردە دەکرێن[١]. بۆیە پێویست بوو حکومەتی هەرێم بەرلەوەی بیر لە گەشەپێدانی ئاستی هەناردەکردنی نەوت بکاتەوە، داهاتی نەوتی بەپێی پێویستی سێکتەرەکانی وەبەرهێنان دابەش بکردایە و هاوسەنگی لەنێوان ئاستی هەناردە و ئاستی بەکارهێنانی داهاتی نەوت لەکەرتەکانی وەبەرهێناندا رابگیرێت.

لە وەلاَمی ئەو پرسیارەی کە بۆچی پارەی فرۆشتنی نەوت نەیتوانیووە هەرێمی کوردستان لە قۆناغی بەکاربەرییەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی بەرهەمهێنەر لە هەموو بوارەکانی ئابوریدا، بۆچی حکومەتی هەرێم نەیتوانیەوە ئەو گۆڕانکاریە مەزنە ئەنجام بدەت؟ ئایا هۆکارەکەی کەمی پارەی نەختینەی نەوت بووە؟ یان خراپ مامەڵەکردن بە پارەی نەوت بووە؟ ئەوە تاوانی نەوت نییە کە هەرێمی کوردستان بەردەوام توشی قەیرانی جۆراوجۆر دەبێت، بەڵکو بێپلانی حکومەتە، کە پشتی کردۆتە یانزە کەرتەکەی تری سەرچاوەی ئابوری (کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، پیشەسازی، پترۆکیمیاوی، بازرگانی، بانك، تەندروستی، پەروەردە، خوێندنی بالاَ و هونەر و وەرزش)، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕابردوودا پارەیەکی زۆری دەستدەکەوت لە فرۆشتنی نەوت و بەشە بودجەی هەرێم کە حکومەتی فیدراڵی بۆی دەنارد، بە شێکی زۆری ئەم بودجەیەیی بە شێوەیەکی نازانستی سەرفدەکرد، ڕێژەی خەرجی بەکاربردن ( النفقات التشغيلية) لەبوودجەی هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە (٧٠٪) بەهۆی زۆری ژمارەی فەرمانبەران و کەمی ئاستی بەرهەمداریان و زیادەڕەوی لە خەرجیە بێ بەرهەمەکانی تردا، لەکاتێکدا خەرجی وەبەرهێنان (النفقات الاستثمارية) تەنها لە(٣٠٪) بوودجەکە پێك دەهێنێت. لە کاتێکدا خەرجی وەبەرهێنان بوارێکی زۆر گرنگی برەودانە بە زیادکردن و جۆراوجۆرکردنی پرۆژە وەبەرهێنەکان و جۆراوجۆرکردنی ئابووری وڵات، ئەوەی جێی ئاماژە بۆکردنە لە زۆرینەی ولاَتانی پێشکەوتوو ئەم هاوکێشەیەی (ئامادەکردنی بوودجە) بەتەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی لەهەرێمی کوردستان دەگوزەرێت، بەواتای ئەوەی بوودجەی ولاَتانی پێشکەوتوو تەنها ڕێژەی لە(٣٠٪) تەرخانکراوە بۆ خەرجی بەکاربردن و لە (٧٠٪) ی بوودجەکە بریتییە لە خەرجی وەبەرهێنان، لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆی نزیکەی (١٠) ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهاتووی ڕۆژانە هەمووی لە مەکینەی ئابووری ولاَتەکە بەکاردێت کە ولاَتەکەی کردووتە زلهێزی پیشەسازی جیهان، پێش ئەوەی کوردستان دەست بە خەرجکردنی پارەی نەوتەکەی بکات هەوڵبدات بەشێکی زۆری داهاتی بەدەستهاتووی نەوتەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ لە بواری سەرمایەگوزاری لە کەرتەکانی دیکە بەکاربهێنێت و دواتر بەرهەمی ئەم سەرمایەگوزاریانە خەرج بکات[٢].

پێنجەم: پاش ئەوەی حکومەتی هەرێم دەرگای وەلاَکرد بۆ هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان، چەندین کۆمپانیای تایبەتمەندی بواری وزە ڕوویان لە کوردستان کرد بۆ وەبەرهێنان، بەمەش حکومەتی هەرێم وەبەرهێنانی گەورەی لەبواری نەوت و گازدا دەست پێکرد، لەگەڵ بەرەوپێشچونی کەرتی نەوت گاز، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی نوێ بۆیەوە، یەکێك لە کاریگەرییە خراپەکانی وەبەرهێنان لە بواری نەوت و گاز پیسبوونی ژینگەیە[٣]. بۆ پاراستنی ژینگە، یاسای ژمارە (٢٢) ی ساڵی (٢٠٠٧) یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە

---

(١) سفين جلال فتح الله، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٣.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕێبوار محمد)، سەرچاوەی پێشوو.

(٣) قەیوان سوارە سیوەیلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٧٤_٢٧٦.

خاڵی (٢) بڕگەی (٣) ماددەی (٢٦) دا "پاراستنی ژینگە و خۆپاراستن لە پیسبون و کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی و خۆپاراستن لە هەر زیانێکی ژینگە کە لە ئەنجامی پرۆسەکانی نەوتەوە دێتە ئاراوە"(١). پاراستنی ژینگەی کردووە بە مەرج لەسەر کۆمپانیاکان.

زۆرێك لە کۆمپانیاکان، بۆ نموونە کۆمپانیای دانا گاز لە کێڵگەی گازی کۆرومۆر پابەندی یاسای نەوت و گازی هەرێم نەبوون و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیش چاو پۆشی لێکردوون، بەهۆی ئەوەی کاری کۆمپانیا نەوتیەکان و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەشێکی زۆری بەهۆی دۆخی سیاسییەوە بە نهێنی بە ڕێوە دەچن، بۆیە چاوپۆشی لەو کۆمپانیایانە کراوە کە پابەندی نابن بە بڕگەو مادەکانی یاسای نەوت و گاز، (دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم) چاودێری هەموو کۆمپانیا نەوتیەکان دەکەن بەمەبەستی پاراستنی ژینگەی هەرێم، بۆ ئەوەش چەندین ڕێنماییان هەیە تا کەمترین کاریگەری لەسەر ژینگە دروست بکەن(٢). لە کۆی گشتی هەرێمی کوردستان بە پێی دوایین زانیاری (١٦٤) پاڵاوگە هەیە و (٣)دانەیان مۆڵەتی فەرمییان هەیە، بەشی هەرە زۆری ئەو پاڵاوگانە مۆڵەتی یاساییان نییە و مەرجە ژینگەییەکان جێبەجێ ناکەن(٣)". هەروەها سەرۆکی (دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم) ڕایگەیاند بەردەوام هەوڵدەدەن ئەم ڕێنمایانە بەسەر کۆمپانیا نەوتیەکاندا جێبەجێ بکەین، بەڵام بەداخەوە نەیانتوانیوە ئەم ڕێنماییانە بەسەر هەموو کۆمپانیاکانی دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت جێبەجێ بکەین، لەبەر ئەوەی ئەم کۆمپانیایانە ڕاستەخۆ پەیوەستن بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە (٤).

شەشەم: دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر دەرهێنانی نەوت لەلایەن کۆمپانیا بیانیەکانەوە لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەو داهاتە زۆرەی نەوت، بەڵام وەك پێویست نەتوانراوە سود لەو گرێبەستانە وەربگیرێت و کەسانی شارەزا لە کادری ناوخۆی هەرێم پێبگەیەندرێت بۆ هاریکاری لە کاتی دروستکردنی کۆمپانیای کوردستان، کە بەهۆیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە بودجەیەکی زۆر خەرج دەکات لە هێنانی کادری بیانی لە وڵاتانی دەرەوە، لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە بەشی (١٠) تایبەت بە مەرجەکانی گرێبەست لە هیچ کام لە مادەو بڕگەکانیدا سودمەندبوونی ناوخۆ نابینرێت ئەمەش ڕێگای خۆشکردووە بۆ کۆمپانیا بیانیەکان تا پابەندی مەرجی پێگەیاندنی کادری ناوخۆ نەبن، چونکە لەمەرجی گرێبەستی کۆمپانیاکاندا هیچ خاڵێکی لەو شێوەیە ئاماژەی پێنەدراوە، ئەوە لە کاتێکدایە زۆربەی گرێبەستی وڵاتان کە لە بواری نەوتدا واژۆکراوە ئەم جۆرە مەرجانە لەگەڵ کۆمپانیاکان لە چوار چێوەی یاسادا لەگەڵ گرێبەستەکان ئاماژەیان پێدراوە(٥).

---

(١) ماددەی (٢٦) ، بڕگەی (٣)، خاڵی دووەم، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی-عێراق.

(٢) هۆکارەکانی پیسبوونی هەوا و چارەسەرییەکانی، وەرگیراوە لە سایتی ئەنادۆڵ، https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%DB%95%D9%86%D8%AF%D8%B1%D9%88%D8%B3 ، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢١.

(٣) دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە:ڕەوشی ژینگەی هەرێم مەترسیدارە ، وەرگیراوە لە سایتی ئەنادۆڵ، https://www.aa.com.tr/ks/%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%B3%DB%95%D8%AA/%D8%AF%D9%87-%D8%B3%D8%AA%D9%87-%DB%8C-، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٦.

(٤) هەمان سەرچاوە.

(٥) دانا والی، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، پانێڵ بە ناویشانی (بەڕێوەبردنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی) ، زانکۆی چەرموو، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢.

تێچووی بەرهەمهێنانی نەوت لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیکی تر جیاوازە، لە وڵاتان بڕی تێچوونی دەرهێنان و بەرهەمهێنان، بڕی ئەو باجەش دیاری دەکات کە دەبێ کۆمپانیاکانی نەوت لەبەرامبەر بەرهەمهێنانی نەوت بیدەنە حکومەت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی تێچووی دەرهێنانی نەوت بەبەراورد بە زۆربەی وڵاتانی دیکەی نەوت زۆر کەمە، بەڵام کۆمپانیاکانی نەوت لە پێدانی باج بەخشراون، بەهۆی نەبوونی یاسای باج لە کوردستان لەسەر بەرهەمی نەوتی کۆمپانیا بیانییەکان، چەندین ساڵە کۆمپانیا نەوتییەکان باجیان نەداوە، پەرلەمانی کوردستانیش بەرپرسی سەرەکی نەبوونی یاسای باجی کۆمپانیاکانی ئەو بوارەیە، چونکە دەبوا هەر زوو هەوڵی رێکخستنەوەی باج و چۆنیەتی وەرگرتنی لە کۆمپانیاکان کردبا کە ئەو باجە دەبووە سەرچاوەیەك لە پێکهێنانی داهات و پڕکردنەوەی خەرجیەکان، سەرەرای پابەند نەبوونی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەو شوێنانەی کەوا چالاکیەکانیان تێیدا ئەنجامدەدەن(١).

حەوتەم: سەرباری ئەمەش بەشی زۆری قازانجی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆ کۆمپانیایە نەك خەڵك و حکومەت، لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی (مەسرور بارزانی) (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) ئاماژەی بە دابەشکردنی کۆی پارەی فرۆشتنی نەوت کرد بە شێوەیەك کە (٤٣٪) تێچوی دەرهێنانە کە بۆ کۆمپانیایە، هەروەها (٩٪) تێچوی کرێی گواستنەوەیە، هەروەها (٧٪) بۆ دانەوەی قەرز دادەندرێت ئەوەشی دەمنێتەوە کە (٤١٪) بۆ موچە دادەندرێت، بەپێی راپۆرتەکانی کۆمپانییای دیلۆت لە ساڵی (٢٠٢١) بەرمیلێك نەوتی هەرێم بە (٥٦$)فرۆشراوە، لەم برە (٤١$) بۆ وەزارەتی دارای دەچێت، واتە لە ساڵی (٢٠٢١) دەستکەوتی حکومەتی هەرێم بۆ هەربەمیلێك تەنها (٢٢,٩٦$) بووە، ئەمەش ئەگەر بەراوردی بکەین بە بەشە بودجەی هەرێم کە لە بودجەی حکومەتی فیدراڵ وەریبگرتایە ئەوە زۆر کەمترە.

ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لەسەر کەرتی نەوت و گازی هەرێم زیانی گەورەی ئابوری لە خەڵکی هەرێمی کوردستان داوە، بەشێکی زۆری قەیرانەکانی هاونیشتیمانیانی کوردستان باجەکەی دەدەن کەرتی نەوتی گازی هەرێمە(٢).

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەگەین بەو ئەنجامەی سامانی نەوت و گاز کاریگەری گەورەی نەرێنی سیاسی و ئابوری هەبووە لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان، نەوت بووە بە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات، بۆیە هەرێم کوردستانیش وەك زۆرێك لە دەوڵەتانی خاوەن نەوت بووە بە هەرێمێکی (کرێ خۆر) واتا بە پارەی نەختینەی نەوت حکومەت بەڕێوەدەبات، ئەمەش کاریگەری زۆر خراپی لە نێوخۆی هەبووە بە شێوەیەك دەستەبژێری سیاسی خۆی بە خاوەنی پارەی نەوت دەزانێت بۆیە دەسەڵاتی بنەماڵەی بەهێز بووە و بەرانبەر بەمەش دەورو کاریگەری دامەزراوەکان بێ گرنگی بووە.

نەوت و گازی هەرێم بووە بە بابەتێکی گەورەی ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، بۆیە نەوت و گاز هۆکاری تێکچونی پەیوەندی نێوانیان بووە، گەشتووە بە سکاڵاکردن لە دادگای فیدراڵی و دادگا نێودەوڵەتییەکان،

---

(١) یادگار صدیق گەلاڵی، نارِوونی کەرتی وزە کوردستان و عێراق بەرەو کوێ دەبات؟، وەرگیراوە لە پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=72، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٢٠.

(٢) عیزەت سابیر، نەوت بوو بەهۆی ماڵوێرانی خەڵك، وەرگیراوە لە: سایتی کوردستانی نوێ، https://knwe.org/KU/Details/761، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٢٠.

هەموو کار و  کارەدانەوەکان تەنها هاونیشتیمانیانی هەرێم زیانی گەورەیان تێدا کردووە وەك بەشە بوجەی هەرێم کە ئەمەش هۆکار بووە بۆ لێبرین و کەمکردنەوەی موچە و قوتی هاونیشتیمانیانی کوردستان.
لەبەرئەوەی نرخی نەوت جێگیرنییەو کۆمەلێك فاکتەری نێودەوڵەتی و هەرێمی  کاریگەرییان لەسەر نرخی نەوت هەیە، لە ئەگەری دابەزینی نرخی نەوت ئەو ولأتانەی پشتیان بە پارەی نەوت  بەستووە وەك سەرچاوەی سەرەکی داهات توشی کورتهێنان و قەیران دەبن تا دەگات بەوەی ناتوانن مووچەی هاونیشتیمانیان بدەن، دابەزینی نرخی نەوت زیانی گەورەی دەبێت بۆ ئابوری هەرێمی کوردستان، لە سالّی (٢٠١٩) نرخی نەوت تا ئاستێکی بەرچاودابەزی بەهۆی پەتای کۆرۆناوە، ئەم دابەزینەش کاریگەری نەرێنی گەورەی هەبوو لەسەر هەرێمی کوردستان.
دەستەبژێری سیاسی هەرێم ڕێژەیەکی زۆری پارەی نەختینەی فرۆشتنی نەوتیان بۆ بەکاربردن بە کارهێناوە نەك وەبەرهێنان بۆیە هەموو شمەك و کالأیەکمان لە دەرەوە بۆدێت و هەرێم بووە بە بازاڕی ساغکردنەوەی کالأی بیانی، بەرامبەر بەمەش بەرهەمی خۆمالّی لە ئاستێکی زۆر خراپدایە، بۆیە ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای بیانی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە بۆ وەبەرهێنانی بە تایبەتی کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز، ئەم کۆمپانیایانە کاریگەری خراپیان هەبووە لەسەر ژینگەی هەرێمی کوردستان کە دەستێکی بالأیان هەبووە لە پیسبونی ژینگەی هەرێم، هەروەها هۆکارێك بوونە بۆ بێکاری لە هەرێمی کوردستان.

# باسی سێیەم

## دیدێك بۆ ئایندەی سیاسەتی نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستان/عێراق

هەرێمی كوردستان ناوچەیەكی دەوڵەمەندە بە نەوت و گازی سروشتی، وەك لە بەشەكانی پێشوو ئەماژەمانپێداوە ئەمەش ڕەنگدانەوەیەكی گەورەی هەبووە لەسەر داڕشتنی سیاسەتەكانی نەوتی و هەوڵدان بۆ گرێبەستكردن لەگەڵ كۆمپانیا گەورەكانی بواری نەوت و گاز وەك (ئیكسۆن مۆبیل، تۆتاڵ، ڕوس نەفت، گەنەڵ ئینێرجی، شیفرۆن، پێرڵ پترۆلیۆم و دانەگاز) بە ئامانجی بەهێزكردنی پێگەی سیاسی خۆی.

هەرێمی كوردستان هەرێمێكی دەستورییە لە چوارچێوەی دەوڵەتێكی فیدراڵیدا، كەرتی نەوت و گاز لە نێوان هەرێم و حكومەتی فیدراڵدا خاوەن گرنگییەكی زۆرە بەتایبەت لە ڕووی سەقامگیری سیاسی و یەكێتی نیشتیمانی و پەرەپێدانی ئابورییەوە، ناكۆكی لە چۆنییەتی لێكدانەوەی بەندەكانی دەستوری عێراقی تایبەت بە نەوت و گاز، بووەتە هۆی ڕێگری لە سیاسەتێكی نەوتی و گازی هاوبەش و دواجار نەمانی هاوئاهەنگی لە نێوانیاندا، لە ڕوویەكی دیكەشەوە نەبوونی زانیاری لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی كوردستان لەلایەن حكومەتی فیدراڵییەوە بووە بەهۆی ناڕوونی بڕی نەوتی بەرهەمهاتوو لە عێراق لەلای ڕێكخراوی ئۆپێك و زیانی بە پێگەی عێراق گەیاندوو لە ڕێكخراوی ئۆپێك و زیانی بە بەرژەوندییەكانی گەیاندوە[1]. نەبوونی سیاسەتێكی بەبازاڕ كردن لە نێوان حكومەتی ناوەندی هەرێمەوە لە بایەخی نەوتی هەرێم كەم دەكاتەوە لە بازاڕە جیهانیەكاندا و هەناردەكردنی زۆریشی بۆ بازاڕی ئەوروپا ڕەنگە زیان بە بەهای نەوتی عێراقی بگەیەنێت لەو بازاڕەدا.

وەك لە بەشەكانی پێشوودا ئاماژەمانپێكردووە پەرلەمانی كوردستان پاڵپشت بە چەند ماددەیەكی دەستوری عێراقی فیدراڵ، یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستانی دەرچواندووە و بەشێوەیەكی سەربەخۆ گرێبەستی لەگەڵ كۆمپانیا بیانییەكان كردووە و بەشێوەیەكی سەربەخۆ نەوتی هەناردەی بازاڕەكانی جیهان كردووە، بۆیە ئەمەش وایكردووە هەرێمی كوردستان لە ململانێیەكی توندابێت لەگەڵ حكومەتی فیدراڵی لەسەر مافی خاوەندارێتی نەوت وگاز، حكومەتی فیدراڵی دەیەوێت هەرێم دۆسێی نەوت و گازی ڕادەست بكاتەوە لەلایەكی تریشەوە هەرێم دەیەوێت دەست بەومافەوە بگرێت و لە ئەگەری فشاری زۆری حكومەتی فیدراڵی تەنها داهات ڕادەستی حكومەتی فیدراڵی بكاتەوە، ناكۆكی و كێشەی هەرێم و حكومەتی فیدراڵ گەشتە دادگایی فیدراڵی، لە بەشی پێشوو بەوردی تەواوی بڕیارەكانی دادگای فیدراڵی ئاماژەی پێدراوە كە لە بەرژوەندی حكومەتی فیدراڵیی كۆتایی هاتووە، دادگا یاساكەی هەڵوەشاندووەتەوەو بڕیاری داوە حكومەتی هەرێم دۆسیەیی نەوت و گازی هەرێمی كوردستان ڕادەستی حكومەتی فیدراڵی بكات.

ئایندەی سیاسەتی نەوت و گازی هەرێمی كوردستان لەبەردەم دوو سیناریۆ دایە، سیناریۆی بەرەوپێشچوون و سەركەوتنی هەرێمی كوردستانە لە سیاسەتی نەوت و گاز، سیناریۆی پاشەكشەكردن و سەرنەكەوتنی هەرێمی كوردستانە لە سیاسەتی نەوت و گازدا.

---

(١) نەبیل ئەلوسەوی، و: بەختیار احمد، داهاتوی كەرتی نەوت لە عێراق لە چوارچێوەی پێشهاتە نێودەوڵەتییەكان، political studies، ژمارە (١٢٧) ، ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوەلە ململانێ و قەیرانەكان ، سلێمانی، (حوزەیرانی ٢٠٢٠)، ل٨.

**داخوازی یەکەم: سیناریۆی بەرەوپێشچون و سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی نەوت و گازدا:** حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری کۆمپانیا بیانییەکان لەماوەیەکی کەمدا توانیویەتی نەوتی هەرێمی کوردستان بگەینێتە بازاڕەکانی جیهان، لەبەشەکانی پێشترادا ئاماژەمانپێداوە کە هەرێمی کوردستان پاڵپشت بە دەستوری ساڵی (٢٠٠٥) یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی دەرکردووە، بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ سیاسەتێکی سەربەخۆی لە بەرەودان بە سامانی نەوت و گاز پەیڕەو کردووە، ئەمەش ناڕەزایی حکومەتی فیدراڵی لێکەوتووەتەوە، نەوت و گاز بووە بە بابەتێکی گرنگی ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێم و فیدراڵ، لە پێشترادا ئاماژەمان پێداوە کە حکومەتی فیدراڵ چەندین ڕێکاری یاسایی و سیاسی گرتۆتە بەر بۆ ڕێگاگرتن لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەربەخۆی نەوت و گاز، هەروەها فرۆشتنی بە شێوەی سەربەخۆ، یەکێك لە ڕێکارە یاساییەکانی وەزارتی نەوتی حکومەتی فیدراڵ کە دژی حکومەتی هەرێم کردویەتی سکالایە لە دادگای فیدراڵ، هەروەها لە بەشی پێشتردا ئاماژەمان بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی داوە کە بە چەند خاڵێك وەڵامی سکالاکەی حکومەتی فیدراڵی داوەتەوە لە بەرژەوەندی حکومەتی فیدراڵ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەی کرداری کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی لە ژێر دەستە و سیاسەتێکی سەرەبەخۆیانە پەیڕەو دەکات پاڵپشت بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، لەلایەکی تریشەوە وەك پێشتر باسمانکردووە دادگای فیدراڵی بڕیاری نادەستوربوونی یاسایی نەوت و گازی دەرکردووە و ئاماژەی بە پێنج خاڵ داوە کە دەبێت حکومەتی هەرێم پابەندبێت پێیەوە، بۆیە بەردەوامی هەرێمی کورستان پێویستی بە ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتنی پێویست هەیە بەشێوەك بێت لەگەڵ بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بگونجێت.

پێشبینی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی هەرێمی کورستان لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز وابەستەیە بە کۆمەڵێك بابەتی نێوخۆی و دەرەکی کە خاڵی بەهێزی هەرێمی کوردستانن لە کەرتی نەوت و گازدا، لە ئەگەری لێکتێگەیشتن و لێکنزیکبونەوەی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ بە ڕێگای سیاسی بگەنە ڕێکەوتن لەسەر کەرتی نەوت و گاز، وەزارەتی نەوتی عێراق لە (٢٠٢٢/٤/٢٤) نووسراوێکی چوارخاڵی بەناونیشانی "جێبەجێکردنی بڕیار" ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان کردووە، لە نوسراوەکەدا ئاماژەی بە چەند داواکارییەك کردووە [1]:

١- رادەستکردنی کۆپییەکی گرێبەست و ڕێککەوتنە واژۆکراوەکانی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لە (٢٠٠٤)ەوە.

٢- ناردنی کۆپییەکی بەڵگەنامەکان و تۆمارەکانی داهاتی هەناردەکردنی نەوتی خاو و گاز لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا.

٣- دروستکردنی کۆمپانیایەکی گشتی نەوت، کە سەرپشك بێت لە بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری نەوت و گازی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان، دامەزراندنی کۆمپانیای (KROC) لە هەولێر کە عێراق خاوەنی کۆمپانیاکە بێت و لەژێر چاودێری دارایی عێراقدا بێت.

٤- دەرفەتی کردنەوەی هەژمارێکی بانکی لە بانکە جیهانییە باوەڕپێکراوەکان بۆ دانانی هەموو داهاتی فرۆشتنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان لەو هەژمارە و دواتر لەبەر ڕۆشنایی دانەوەی تێچووەکان، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە داهاتی نێو ئەو هەژمارە بدرێت.

---

(١ ) محمود بابانی، عێراق یان ئێران، کێ لە داهاتووی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەترسێت، وەرگیراوە لە: سایتی ڕوداو، https://www.rudaw.net/sorani/opinion/03042022، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٣.

ئەم داواکارییانەش ئەکرێت ڕێکەوتنی لەسەربکرێت بەشێوەیەك بێت هەردولا لەسەر هەندێك چارەسەری ناوەندی ڕێکبکەون، کە بگونجێت لەگەڵ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ دادگای باڵای فیدراڵی کە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی داوە، بۆیە ئەمەش بە سەرکەوتنی هەرێم هەژمار دەکرێت لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەربەخۆیانەی نەوت و گاز.

دیدێکی تر ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پاڵپشتی وڵاتانی نێودەوڵەتی و هەرێمی خاوەن کۆمپانیای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان هەوڵی ڕازیکردنی حکومەتی فیدراڵ بدرێت بە ڕادەستنەکردنەوەی کەرتی نەوت و گاز و پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەربەخۆیانە، هەرێمی کوردستان لە ڕێگای کارئاسانی و پێدانی ئیمتیازاتی زیاتر بە کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت و گاز کار لەسەر ئەم میکانیزمە دەکات بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری وڵاتانی دەرەوە، لە بەشەکانی پێشتردا ئاماژەمانپێداوە کە هەڵوێستی وڵاتان چۆن بووە لە سەروبەندی ڕیفراندۆمی کوردستان، هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری دەوڵەتی تورکیا گرێبەستی پەنجا ساڵەی لەگەڵ تورکیا کردووە بۆ هەناردەکردنی نەوت، هەروەها بۆری گواستنەوەی نەوتی هەرێمیش (٦٠٪ ) فرۆشتووە بە کۆمپانیایی ڕوسنەفتی ڕوسی.

لە هەرێمی کوردستاندا جگە لە نەوت بڕێکی باش گازی سروشتی بوونی هەیە کە بەپێی ئاماری وەزارتی سامانە سروشتیەکان بە (٥,٧) تریلیۆن مەتر سێجا خەملێنراوە، ئەم ڕێژەیە زیاتر لە ( ٣٪ )ی هەموو ڕێژەی گازی دونیا دەکات. گازی سروشتی کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە وایکردووە خواستی جیهانی لەسەری بەردەوام لە زیادبووندابێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبووە لەسەر داڕشتنی سیاسەتی وزەو هەوڵدان بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی بواری نەوت و گاز، بۆیە حکومەتی هەرێم بۆ بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە ساڵی(٢٠٠٧) ڕێکەوتنی لەگەڵ کۆمپانیاکانی (داناگاز، هیلال، پیترۆلیۆم، پێرڵ پترۆلیوم) کردووە، هەروەها ساڵی (٢٠١٦) لەگەڵ گەورە کۆمپانیای ڕوسی (ڕوس نەفت) ڕێکەوتنی سەرەتایی کردووە بۆ بۆری گوستنەوەی گازی سروشتی بۆ تورکیا[١].

ئەوەی پێشبینی دەکرێت گازی سروشتی هەرێمی کورستان بەردەوام و بەهێز بکات لە سەربەخۆ مامەڵەکردن بە سیاسەتی نەوت و گازەوە، بەهەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ تورکیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشچونی سیاسەتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان. هەرچەندە ئەو بڕی گازی خەماڵاندنی بۆ کراوە هێندە زۆر نییە کە توانای پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی تورکیا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپای هەبێت، بەشێوەیەك تورکیا نزیکەی (٥٢٪) گازی سروشتی لە ڕوسیا و (١٦٪) لە ئێرانەوە هاوردە دەکات بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی خۆی[٢].

---

(١) بێستون محمد سەنگاوی، سیناریۆکانی بە بازاڕکردنی گازی هەرێمی کوردستان، پانێڵ بە ناونیشانی (بەڕێوەبردنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی) ، زانکۆی چەرموو، ڕێکەوتی ٢/٢/٢٠٢٢.

(٢) ئەرکان عەبدوڵا، نەخشەی نوێی وزە لەنێوان خۆبەپاڵەوانکردن و دارمانی بەرژەوەندی نەتەوەیی، وەرگیراوە لە: سایتی دیپلۆماتیك مەگەزین،https://diplomaticmagazine.net/politics/4188، ڕێکەوتی ١٣/٥/٢٠٢٢.

**داخوازی دووەم: سیناریۆی پاشەکشەکردن و سەرنەکەوتنی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی نەوت و گازدا:** حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوو بە شێوەی سەربەخۆ و پاڵپشت بە دەستوری فیدراڵی یاسای نەوتی گازی دەرکردووە، کردوویەتی بە پاڵپشتی یاسایی لە مامەڵەکردنی سەربەخۆیانەی بە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانەوە، بەمەش بابەتی نەوت و گاز بووە بە بابەتی سەرەکی لە کێشەی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی، کە لە پێشتردا ئاماژەمان بە ڕێکارییە سیاسی و یاساییەکانی حکومەتی فیدراڵی لە ناوخۆو دەرەوەی عێراق کردووە دژی دۆسیەیی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان.

وەزیری پێشووی نەوتی عێراق لە چەند خاڵێکدا بیروبۆچونی وەزارەتەکەی لە بارەی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان خستووەتەڕوو کە تیایدا ئاماژەی کردووە بە: " بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی لەبارەی دۆسیەی نەوت جێبەجێ دەکەین، دۆسیەی نەوت و گازی هەرێم و چالاکییە نەوتییەکان بە شێوەیەکی تەندروست بەڕێوەنابرێت، ڕاست نییە تێچوونی هەناردەکردنی نەوت لە (٥٠٪) بەهای فرۆشتن بێت، هیچ ڕاستییەکیشی تێدا نییە نەوت ئەو هەموو کورتهێنانەی هەبێت، داهاتی هەرێم لە (٥٠٪) ی فرۆشتنی نەوت تێناپەڕێنێت، هیچ دەوڵەتێکی جیهان نییە دوو سیاسەتی جیاواز لە فرۆشتنی نەوت جێبەجێ بکات، هیچ دەوڵەتێك نییە بەشێکی گاز هەناردەی بکات، لە بەرانبەردا بەشەکەی دیکەی هاوردەی بکات، هەناردەی نەوتی هەرێم کێشەی لەگەڵ ئۆپیك بۆ عێراق دروستکردووە و سیاسەتی نەوتی تەواو نییە و پێویستە ڕێك بکرێتەوە، جەختیشی کردەوە کە هەوڵەکانی حکومەتی عێراق تا ئێستا لەگەڵ هەرێم بێ سوود بوون و دەستدەکەین بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی[1]"

حکومەتی فیدراڵی بەشێوەی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستانی ئاگادارکردتەوە پابەندی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی و داواکارییەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق بن، لە بەشی پێشودا ئاماژەمان بە وەڵامی حکومەتی هەرێم کردووە لە بەرامبەر بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی، حکومەتی هەرێم بە شێوەی نەرێنی وەڵامی داوەتەوە.

ئەم سیناریۆییە پێشبینی ئەوە دەکات حکومەتی فیدراڵی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی چەند ڕێوشوێنێکی سیاسی و یاسایی و سەربازی بگرێتەبەر لە پێناو سنوردارکردنی سیاسەتی سەربەخۆیانەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، حکومەتی فیدراڵ لە ڕابردودا زۆر ڕێوشوێنی ناوخۆی و دەرەکی دژی کەرتی نەوت گازی هەرێم گرتۆتە بەر بەڵام دوای بڕیارەکانی دادگا و پابەندنەبونی هەرێمی کوردستان بۆ بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی ئەگەری بەکارهێنانی هێزی سەربازی هەیە.

پێشبینی ئەوە دەکرێت هەڵویستی سەربازی هەنگاوی یەکەم بۆ دەستبەسەراگرتنی هەندێك لە بیرەنەوتییەکانی ناوچەی خورماڵە دەسپێبکات کە لەڕووی جوگرافیاوە دەکەونە سنوری پارێزگای کەرکوکەوە، هەروەها جوڵەکردنی هێزی سەربازی بە ئاڕاستەی دەستبەسەرا گرتنی کێڵگەی گازی (کۆرمۆر) کە دەکەوێتە سنوری ناحیەیی قادرکەرەم کە سەر بە قەزای دووز کە دەکەوێتە سنوری پارێزگای صەلاحەدینەوە، بەمەش قۆناغ بە قۆناغ کەرتی نەوتی هەرێم بچوك دەبێتەوە و تا دەگات بەوەی ڕێگا لە هەناردەکردنی نەوتیش بگرێت، بەمەش سیاسەتی نەوتی هەرێم پاشەکشەدەکات و سەربەخۆیی لە دەستدەدات.

---

(١) احسان عبدالجبار, أهم ما ورد في كلمة وزير النفط في اجتماع هيأة الرأي خلال الجلسة الرابعة بتاريخ (٢٨)( نيسان ٢٠٢٢)، متاح على الموقع الرسمي الوزارة النفط الحكومة الفيدرالية ، https://oil.gov.iq/?page=1021، التاريخ ٢٠٢٢/٥/١٥.

پێشبینی هەڵوێستی سیاسی بەوە دەكرێت هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ بازاڕەكانی جیهان بووەستێ، لە كاتێكدا كە هەرێمی كوردستان نەوت لەرێگای خاكی توركیاوە هەناردە دەكات، بە بۆچوونی ئێمە توركیا قازانجی ماددی زۆر دەكات، هەروەها حكومەتی هەرێم دەیەوێت گازی سروشتی بەرێگای بۆرییەوە بگەینێتە توركیا، كە توركیا یەكێكە لە كڕیارەكانی گازی سروشتی ئێران، بۆیە ئێران لەڕێگەی حكومەتی فیدراڵەوە فشاری لەسەر هەرێم دروستكردووە بە بڕیارەكانی دادگای باڵای فیدراڵی و ڕێوشوێنەكانی كە حكومەتی فیدراڵی لە ئاینده دەیگریتەبەر، لە هەمان كاتدا ئێران ڕاستەخۆ بە هاویشتنی چەند موشەكێك بۆ هەولێر فشاری دروستكردووە، هەربۆیە ئەم سیناریۆییە پێیوایە لە ئەگەری فشارە سیاسییە نێوخۆی و هەرێمییەكان حكومەتی هەرێم پاشەكشەبكات لە سیاسەتی سەربەخۆیانەی لە كەرتی نەوت و گازدا پەیڕەوی دەكات.

هەروەها پێشبینی ئەوە دەكەین حكومەتی فیدراڵی هەڵوێستی بەرامبەر كۆمپانیا بیانییەكان هەبێت، ئەمەش هەنگاوی یەكەم بە بانگێشتكردن و ئاگاداركردنەوەی كۆمپانیاكانی بواری نەوت و گاز دەستپێدەكات تا بگات بەوەی چالاكییە نەوت و گازییەكانی كۆمپانیاكان لە خاكی هەرێمی كوردستان ڕابگرێت، هەنگاوی دووەمیش دەسپێدەكات بە ئاڕاستەی ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمی كوردستان بۆ دەرەوەی خاكی هەرێمی كوردستان، ئەمەش لەڕێگای هەڵوێستی یاسایی بكات بەرامبەر بە خاوەندارەكانی بۆری هەناردەی نەوت و كۆمپانیا توركییەكان كە سەرپەرشتی فرۆشتن و هەناردەی نەوتی هەرێم دەكەن.

لێرەوە گەشتین بەو دەرئەنجامەی كە سیاسەتی نەوت و گازی هەرێمی كوردستان لەبەردەم دوو سیناریۆی جیاوازدایە، سیناریۆی یەكەم هەرێمی كوردستان لە سیاسەتی سەربەخۆی نەوت و گازی بەرەوپێشەوە دەچێت، بەپشتبەستن بە چەند خاڵێكی بەهێزی كەرتی نەوت و گازی هەرێم، چاوەڕوانیش دەكرێت كەرتی نەوت و گاز فروانبكرێت و گازی سروشتیش وەك نەوت و هەناردە بكریت بەمەش پشتگیری زیاتری هەرێم بكرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی لە بەرانبەر  حكومەتی فیدراڵی بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكانی دادگای فیدراڵی.

سیناڕۆی دووەم پێیشبینی ئەوە دەكات حكومەتی فیدراڵ بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكانی دادگای باڵای فیدراڵی ڕێوشوێنی سیاسی و سەربازی بگرێتەبەر بەمەش حكومەتی هەرێم سەربەخۆی لە سیاسەتی نەوت و گاز لە دەسبدات.

لە كۆتاییدا پشتگیری سیناریۆی دووەم دەكەین، كە پێشبینی ئەوە دەكات كە حكومەتی هەرێمی كوردستان سەربەخۆ مامەڵەكردنی لە كەرتی نەوتو گازدا لە دەست بدات لەبەرئەوەی حكومەتی هەرێم ئامادە نییە بە هیچ شێوەیەك پابەند بێت بە بڕیارەكانی دادگای باڵای فیدراڵی، بۆیە ئەگەرێكی نزیكە كە حكومەتی فیدراڵی ڕێكاری سیاسیو سەربازی بگرێتەبەرو بەشێك لە كێڵكە نەوتو گازییەكانی هەرێم وەكو (خورمەڵەو كۆرومۆر) دەست بەسەردا بگرێت، بەمەش بڕی هەناردەكردنی نەوتی هەرێمی كوردستان كەم دەبێتەوەو كاریگەری نەرێنی لەسەر بیرۆكەی هەناردەكردنی گازی سروشتی هەرێمی كوردستان دەبێت.

# کۆتایی

**لە کۆتایی تویژینەوەکەدا چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازێك تۆماردەکەین بەم شێوەیە:**

**یەکەم: دەرئەنجام/**

**١. هەر یەکە لە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان جۆرە سیاسەتێکیان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت.**

**٢. حکومەتی عێرق و هەرێمی کوردستان بۆ وەبەرهێنانی نەوت هەریەکەیان گرنگیان داوە بە جۆرە گرێبەستێك بۆ کاکردن لەگەڵ کۆمپانیاکان، گرێبەستەکانی حکومەتی عێراق لە جۆری گرێبەستی (خزمەتگوزاریین).**

**٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ کەرت نەوتی هەرێمی کوردستان کردووە.کاری لەسەر ئەوە کردووە کوردستان ببێتە جێگەی گرنگی کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە**

**٤. نەوت بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان سود و زیانی خۆی هەبووە. نەوت هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی دەوڵەت تەنها پشت بەیەك سەرچاوەی داهات ببەستێ ئەویش نەوتە. هەروەها کەرتی نەوت لە عێراق و هەرێمی کوردستان ناشەفافی زۆری تێدایە بەردەوام ئەندام پەرلەمان و ڕۆژنامە نوسان باسی نا شەفافی کەرتی نەوت دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی نیمچە سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ کەرتی نەوت و گازدا کردووە بۆیە هۆکارێکێ سەرەکی کێشەی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ نەوت بووە.**

**٥. فاکتەری نەوت و گاز کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان لە پێگەی سیاسی ئابوری هەرێم هەیە لە ئاستە جیاوازەکان.**

**٦. حکومەتی هەرێمی کوردستان داهات بە گوێرەی بڕی فرۆشتنی مانگانەی نەوت دابەش دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵبەزودابەزی بڕی داهاتی مانگانەی داهات، ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەیە حکومەت لە دەستگەوتنی داهات تەنها پشتی بە فرۆشتنی نەوت بە ستووە.**

**٧. لاوازیی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز، لە ماوەی چەند ساڵ فرۆشتنی نەوت بە شێوەی سەربەخۆ، لێدانی چەند بیری نوێ، بە کارخستنی کێڵگەی گازی کۆرمۆر کە لە سەردەمی حکومەتی بە عس بیرە گازەکانی هەڵکەندرابوو، و دەرهێنانی نەوت لە چەند بیری نەوتی ئامادی لە سنوری ناوچەی خورمەڵە، واتا حکومەتی هەرێم هیچە پارەیەکی نەداوە بۆ بەرهەمهێنانی نەوت و گاز، هەروەها بنیادنانی بۆری نەوتی تایبەت بە خۆی کە ئەمەش خاڵێکی گرنگی پیشەسازی نەوت و گازە چونکە ڕێگای بۆری تێچوی کەمتر دەوێت بۆ هەناردەکردن. سەرباری هەموو ئەمانە ئەوەی ئیستا هەیە حکومەتێکی قەرزار و هاوڵاتییەکیماندوو لە قەیران، قەیران لەسەر قەیران بەرۆکی هاونیشتیمانییانی گرتووە.**

**٨. پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و گازی هەرێی کوردستان/عێراق ژمارە (٢٢) ساڵی (٢٠٠٧) دەرچوان، ئەم یاسایە پێکهاتووە لە (٦٣) ماددە، ئەم یاسایە زۆر ماددەی گرنگی تێدایە کە لە جێبەجێکردنی قازانجی هاونیشتیمانیانانی تێدایە، بەلآم ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشێك لە ماددە گرنگ و پێویستەکان کە بەرژەوەندی هەموانی تێدیە جێبەجێنەکراوە. بۆ نمونە: دانەمەزراندنی کۆمپانیا نیشتیمانییەکانی ناسراو بە (کیبکۆ، کۆکۆ، کۆدۆ، کاتۆ) کە تایبەتن بە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گاز هەر لە دۆزینەوە و دەرهینان تا وەرگرتن و هەڵگرتنی پارەکەی. هەروەها چەند ماددەیەك پاراستنی ژینگە و خۆپاراستن لە پیسبون و کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی و خۆپاراستن لە هەر زیانێکی ژینگە کە لە ئەنجامی پرۆسەکانی نەوتەوە دێتە ئاراوە، پاراستنی ژینگەی کردووە بە مەرج لەسەر کۆمپانیاکان، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کۆمپانیا نەوتییەکانی پابەند نەکردووە بە پاراستنی تەندروستی گشتی خەڵك و پاراستنی ژینگەی ئەو ناوچانەی نەوتی لێ بەرهەم دەهێنن.**

٩. نەبوونی شەفافییەتی باوەڕپێکراو لە دۆسیەیی نەوت و گازدا، داتا و زانیارییەکانی بە شێوەیەکن کە جێگەی باوەڕی هاولاتی و حیزەبە ئۆپۆزسوێنەکان نیە، ئەوەی هەیە تەنها ئەو ڕاپۆرتانەن کە کۆمپانیای (دیلۆیت) لە بەرامبەر بڕێك پارە لە ئەنجامی وردبینی دۆسیەیی نەوت و گاز بلاّوی دەکاتەوە، بۆیە ئەمەش جێگای باوەڕی ڕایگشتی نییە، ناکرێت تەنها بە بلاّوکردەوەی چەند ژمارەیەك لە لایەن کۆمپانیایەکەوە باوەڕ بە شەفافی و بێخەوشی ئەم دۆسییە نیشتیمانییە بکەین، چونکە ئەوەی ئێستا بووە بە ئەنجام قەرزار بونی حکومەتی هەرێمە سەرباری دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت.

١٠. کەرتی نەوت و گاز بووە بە یەکێك لە کێشە هەرە گەورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ، تەنانەت ئەم دۆسیایە ڕێگر بووە لەوەی هەر دوو لا بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش لەسەر بابەتەکانی تر، دەوڵەتە فیدراڵییەکانی تری دونیا هەموو شتێکیان بە پێی دەستور ڕێکخستووە لە نێوان هەر دوو ئاستەکەی حکومەت, بەلاّم لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ  پێچەوانەیە بەشێك لە هۆکارەکانی بەردەوامبوونی کێشەی نەوت و گاز ئەوەیە کە، لە دەستوور چارەسەرێکی ڕاستەقینە بۆ کێشەکە نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە هەندێ ماددەی دەستوور خۆیان سەرچاوەی قووڵبوونەوەی ئەو کێشانەن.

١١. بە گۆڕانی کێشەکان لێکدانەوە و شیکردنەوەکانیش دەگۆڕێن.چونکە ئەو کێشەیەی، کە ئێستا لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمدا هەیە، جیاوازە لەو کێشەیەی کە ماوەی ڕابردوودا هەبوو.ناکۆکییەکان لەسەر هەمان بابەتە، بەلاّم ئەو ناکۆکییەی بەر لە ئێستا هەبوو، لە سەر شێوازی گرێبەستەکان و دەسەلاّتەکان بۆ واژووکردنیان و خەرجی کۆمپانیاکان بوو، بەلاّم ناکۆکی دوای بڕیارەکانی دادگای بالاّی فیدراڵی جیاوازە، چونکە یاسای نەوت و گازی هەرێم بە نا دەستوری  بڕیاری لەسەر دراوە ئەمەش لەبەر ژەوەندی حکومەتی هەرێمدا نییەو کێشەکان گەورەتربون و چارەسەرییان ئاسان نییە.

**دووەم: ڕاسپاردە و پێشنیاز:**

١. پێویستە حکومەتی هەرێم دیالۆگ دەسپێبکات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، بۆ ئەوەی بگەن بە چارەسەری یەکجارەکی ناکۆکی و کێشەکانی نێوانیان لەسەر کەرتی نەوت و گاز، ناکۆکییەکان زۆر درێژەیکێشاوەو تا ئێستا نەگەشتون بە ڕێکەوتنی کۆتایی لەسەری، پێویستە پلان و مامەڵاکانی حکومەتی هەرێم لە دوای بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان جیاواز بێت، چونکە تەواوی بڕیارەکانی دادگای باڵا، بە نادەستور ناساندنی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) تایبەت بە نەوت و گاز و پێدا چونەوە بە دۆسیەیی نەوت و گاز لە بەرژەوەندی حکومەتی فیدراڵیدا بووە، لە دوای بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵ پشتگیری یاسایی بەهێز بووە دەست والاتره بۆ وەرگرتنی هەڵوێستە جیاوەزەکان.

٢. ئامادەکردن ڕاپۆرت و ڕێکخستنی کۆبونەوەی مانگانەی ئەنجومەنی نەوت و گاز کە پێکهاتووە لە (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران،جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری سامانە سروشتییەکان،وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی) ئەمەش لە پێناو باشترکردنی بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت و گازی هەرێم خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە نوییەکان

٣. گرتنەبەری سیاسەتی بنیادنان و پەرەپێدانی پیشەسازیی نەوت لە هەرێم لە میانی دامەزراندنی پاڵاوتگە و پرۆژەکانی پیشەسازی پترۆکیمیاوی کە دەبێتە هۆی زیادکردنی داهاتی هەرێم لە نەوت و گاز، کارکردن بۆ دامەزراندنی هێڵێکی زیاتر بۆ هەناردەکردنی نەوت و گاز لەرێی دەوڵەتانی تری دراوسێوەئەمەش بەردەوامیی هەناردەکردنی نەوت و غاز مسۆگەر دەکات، پشت بە ستن بە تەنها بۆرییەك کە بە خاکی تورکیادا تێپەڕ دەبێت زۆر کاریگەری خراپی لەسەر ئایندەی سیاسی و ئابوری هەرێم دەبێت.

٤. پەلەکردن لە دامەزراندنی دامەزراوەی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت بە مەبەستی ڕێکخستن و دابەشکردنی کەرتی نەوت لە هەرێم، کە بەشدار دەبێت لە چارەسەرکردنی مەسەلەی شەفافییەت و ڕێکخستنی داهاتی کەرتی نەوت، هەروەها دامەزراندنی سندووقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت کە بە ( کۆتۆ) ناسراوە، دەبێتە سەرەتای کۆتاییهاتنی بابەتی شەفافییەت و ڕێکخستنی داهات و دابەشکردنی بەپێی بەرنامەیەکی حکوومی، نەك پشت بەستن بە کۆمپانیایەکی بیانی تەنها بۆ بلاَوکردەوەی ڕپۆرتێك و چەند ژمارەیەك، سەرەڕایی بە فیڕۆچونی چەند ملوێن دۆلار.

٥. دامەزرادنی ناوەندی حکومی تایبەت بە توێژینەوە لە بواری نەوت و گازدا، بە هەند وەرگرتنی دەرئەنجامی توێژینەوەکان لە داڕشتنی سیاسەتی نەوت و گازی هەرێم، ئەمەش دەرئەنجامی باشی دەبێت بۆ مامەڵەکردنی زانستیانە لە کەرتی نەوت و گازدا، هەروەها سودێکی تریشی بەها گەڕاندەوەیە بۆ خویندن و توێژینەوە، گرنگیدان بە بەشە تایبەتمەندەکانی بواری نەوت و گاز لە زانکۆ و پەیمانگاکان، لە پێناو پێگەیادنی کادری خۆماڵی.

٦. کارکردن لە سەر هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی حکومەتی هەرێم، بایەخدان بە کەرتەکانی تر وەك (کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار،هتد...) کە یاریدەرەر دەبن بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە داهاتی نەوت، تەنانەت دانانی بەشێك لە داهاتی ساڵانەی نەوت بۆ پشتگیریی و پەرەپێدانی کەرتەکانی دیکە لە هەرێمدا.

٧. پێویستە گوتارێکی یەکگرتووی نێوان لایەنە کوردستانییەکان هەبێت بۆ ئەوەی بکرێتە ئەجێندای حکومەتی کوردستان لە دانوسان و گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە گەیشتن بە ڕێکەوتن لە کەرتی نەوت و گازدا،

ئەوەی ئیستا هەیە مالێکی پەرتەوازەو فرەگوتاری دەبیندرێت بۆیە ئەمەش زیاتر ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی حکومەتی فیدرالْ هەڵبژاردەی زیاتری لە بەردەستە بێت بەرامبەر حکومەتی هەرێم.

٨. هەرێمی کوردستان خاوەنی برێکی زۆر لە یەدەکی گازی سروشتییە بەپێی ئەو داتایەبێت کە وەزارەتی سامانەسروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سایتی فەرمی خۆی بلاْوی کردۆتەوە، گازی سروشتی دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات بۆ هەرێمی کوردستان، یاخود ببێتە خالێکی گرنگی ڕێکەوتنی لەگەڵ حکومەتی فیدرالْ، چونکە حکومەتی فیدرالی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی گازی سروشتی لە ئێرانەوە هاوردە دەکات، گازی سروشتی هەرێمی کوردستان هەرچەند بڕەکەی زۆربێت ئەگەر مامەڵەیەکی دروستی لەگەڵ نەکرێت ئەوە هەمان چارەنوسی نەوت دەبێت.

٩. دەوڵەتی ئێران زیادکردنی بەهەمهێنان و هەناردەکردنی گازی سرووشتی هەرێمی کوردستان بە مەترسی دەزانێت چونکە پێیوایە لە ئایندەدا دووکڕیاری گازی سروشتی لە دەستدەدات ئەوانیش (عێراق و تورکیا)، بۆیە واباشترە هەرێمی کوردستان زۆر بە وریاییەوە بەرهەمی گازی سروشتی بکاتەوەو هەناردەی بکات، بیر لەوەنەکاتەوەببێتە جێگرەوەی ئێران بۆ فرۆشتنی گازی سرووشتی بەم دوو دەوڵەتە، چونکە کاردانەوەکانی ئێران زۆر جێگەی مەترسی دەبێت.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

### (١) دەستورو یاساکان:.


أ. دەستوری عێراق ساڵی (٢٠٠٥).

ب. یاسای بەڕێوەبردنی عێراق ساڵی (٢٠٠٤).

ج. یاسای ژمارە (٢٢) ساڵی (٢٠٠٧)، یاسەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی – عێراق.


### (٢) کتێبە کوردییەکان:


أ. بایز حسن عبدوڵڵا، سامانی نەوت و گازی عێراق پشکی کود لە بەڕێوەبردنیدا، (چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٨).

ب. بورهان أ.یاسین، سەردار عەزیز، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە ناوەوە بونیادنان لە دەرەوە دانپیانان، (چاپخانەی کاروخ ، هەولێر،٢٠١٧).

ج. بەختیار حمە سعید ، نەوت و ململانێکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق - یاسای نەوت و گاز ی هەرێمی کوردستان و گرێبەستەکان،(نیە، سلێمانی،٢٠٠٨).

د. پەروێز رەحیم قادر، نەجات علی صالح ، کاریگەرییەکانی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، (چاپخانەی موکریانی، هەولێر،٢٠١٠).

ه. چنار بابەکر محمەد، کاریگەری نەوت و گاز لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان ، (چەپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٦).

و. خامۆش عمر عبدالله, تێوری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق(چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١).

ز. خەلیل عەبدوڵڵا، کورد و پرسی دانپێدانانی دەستوری ،(دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی ،٢٠١١).

ح. دلاوەر عەبدولعەزیز عەلادین، دەوڵەتسازی، (چەپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ،٢٠١٨).

گ. ڕێبوار محمد أمین، ماف و ئەرك لەگرێبەستی نەوت و غازدا،(چاپەمەنی چوارچرا، سلێمانی،٢٠٢٢).

ی. ڕێبین فەتاح، هەنگاوێکی سەرکەوتوو بڕیاریکی بوێرانە، سامانە سروشتییەکان و کایگەرییەکانی- روانگەیەکی ڕۆژنامەوانی، (چاپخانە نیە، هەولێر، ٢٠١٢).

ك. سفین جلال فتح الله، نەوتی هەرێمی کوردستان شیکردنەوەیەکی جوگرافی سیاسی،(دەزگای چاپ وپەخشی نارین، هەولێر، ٢٠١٥).

ل. سەردار عزیز، حکومەت و سامانی سروشتی لە هەرێمی کوردستان، (چاپخانەی الدار العربیه للعلوم، بیروت، ٢٠١٣).

م. سەردار عەبدەلڕەحمان، بایەخی جیۆپۆلەتیکی نەوتی عێراق، (سلێمانی ،ناوەندی سارا، ٢٠١٩).

ن. سەنگەر ڕسوڵ، فەرمان ڕەشاد،ئاری عەبدوڵڵا ، شەفافییەتی نەوتی کوردستان لە چاوی دیلۆیتەوە،(چاپخانەی کامبرج، هەولێر،٢٠١٩).

س. سەروەت هەڵەبجەی، نەوت هۆکاری سەرەکی شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، (شوێنی چاپی نیە ، سلێمانی ،٢٠١٥) .

ع. سەروەر حەمە ئەحمەد، کورد و کێشە ڕیشەییەکانی عێراق،(ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی ، تەموزی ٢٠٢٠) .

ف. شالاّو عبدالخالق محمد، دیبلۆماسییەتی خوێنی ڕەش، (نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاو کردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر ،٢٠١٧ ).

ص. قەیوان سوارە سیوەیلی، سیاسەتی پەرەپێدانی نەوتی خاو گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان ، (نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاّوکردنەوە و ڕاگەیاندن ، هەولێر، ٢٠١١).

ق. ف. کامەران مەنتك، بازرگانی رەشی نەوت و داڕشتنەوەی پەیوەندییە هەرێمایەتییەکان، (چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٧).

ر. کاوە نادر، ڕۆڵی نەوت لە چارەنووسی گەلی کوردستاندا، (چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٨) .

ش. کەنعان حمە غریب، پێگەی هەرێمی کوردستان لە سیستمی نوێی جیهانیدا، زنجیرە کتێبی دەزگای میللەت، ژمارە(٤)، (چاپخانەی کاردۆ ، سلێمانی ،٢٠١٤) .

ت. مەلکۆ شێرۆکی، دیبلۆماسی ئابوری و کاریگەری لەسەر پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان، (چاپخانەی ماردین، هەولێر،٢٠١٧) .

پ. نەوزاد عبدلله هێتۆتی، دۆزی کورد لە عێراقدا-میکانزمەکانی چارەسەرکردنی دوای ساڵی ٢٠٠٣، (چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩) ل ١٣٥.

خ. هێرش عەبدوڵلاّ حمە کەریم، پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سوریا ١٩٩١-٢٠٠٣،(ئەندێشە بۆچاپ و بلاّوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠١٣)

ژ. یوسف محمد بەرزنجی، چارەنووسی کورد پترۆڵ وەك مەسەلەیەکی ستراتیجی _ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی ئابووری سیاسی دەربارەی کورد و پترۆڵ، (چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٣ ) .

## (٣) کتێبە بە کوردی کراوەکان:

أ. احسان حمید المفرجي، کطران زغیر نعمة، رعد ناجي الجدة، تیۆری گشتی یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، و: هەنوان عمر عبدالله ، (کتێبخانەی یادگار، چ٢، سلێمانی،٢٠١٦).

ب. بیل پارك، و: بەرزانی مەلا وەهاب، سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە باکوری عێراق، (چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠).

ج. جێمس کرۆفورد، دەسەلاّتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەر نەوت و گاز بە پێی دەستوری عێراقی، و: سیروان ئەبوبەکر عەزیز، (چاپخانەی ئاراس،هەولێر، ٢٠٠٨).

د. دانیاڵ جۆنستین، سیستمی نێودەوڵتی دارایی پیترۆڵ وگرێبەستی بەشداری بەرهەم، و: محمد مستەفا قەرەداغی،(چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤).

**(٤) تویژینەوەکان**

أ. ئەلەند مەحوی، هەرێمی کوردستانو ئاڵنگاری سیاسیو ئابوری، (سلێمانی، ژوری تویژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، ٢٠١٨).

ب. ئەنوەر کەریم، شیکاری سوات بۆ کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، (ژوری تویژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی ،تشرینی دووەمی ٢٠٢٠) .

ج. ئەنوەر کەریم ، کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان ،(سلێمانی ، ژوری تویژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان،٢٠٢٠).

د. جیهان لە بەردەم کاریگەری دابەزینی نرخی نەوتدا ،( سلێمانی، ژوری تویژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان ، ٢٠١٥).

**(٥) گۆڤارەکان:**

أ. ئاوڕدانەوەیەکی خێراومێژوویانەلە وەبەرهێنانی کەرتی نەوت لە کوردستان تا ئەمڕۆ، گۆڤاری وزە، ژمارە (١)، پەیمانگای کوردستان بۆ وزە، هەولێر، (شوباتی٢٠١٥) .

ب. دەستەی نوسەران، پێگەی هەرێمی کوردستان لە دوای هەناردەکردنی نەوت، گۆڤاری گولان، ژمارە (٧٣٦)، هەولێر، (٢٠٠٩/٦/٨).

ج. ڕەنجدەر حاجی، نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان لە نێو بەرهەمهێنانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست، گۆڤاری وزە، ژمارە (١)، پەیمانگای کوردستان بۆ وزە، هەولێر، (شوباتی ٢٠١٥).

د. ڕێبوار کەریم مەحمود، ئێستا و ئایندەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم- بەغداد، گۆڤاری نوێبون، ژمارە (٤)، سلێمانی، (هاوینی ٢٠٠٨).

هـ. زانا کەریم، دیپلۆماسی هەرێمی کوردستان و ئاڵنگارییە یاساییەکانی، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (٧)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەی، سلێمانی، (ئایاری ٢٠٢١).

و. زوبیر رەسول ئەحمەد، بنەمای پەیوەندییەکانی روسیا و هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە(٦) ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەی، سلێمانی، (کانونی یەکەم، ٢٠٢٠).

ز. ستافی نوسەران، هەڵکەندنی یەکەمین بیرە نەوت لە کوردستان، گۆڤاری گولان ، ژمارە(٥٦٤)، هەولێر، (کانونی یەکەم ٢٠٠٥).

ح. گروپی قەیرانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، عێراق و کوردەکان: شێوازی قازانج و زیانی زۆری هایدرۆکاربۆن، ڕاپۆرتی گروپی قەیرانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ، ژمارە (١٢٠) ، ( ١٩نیسانی ٢٠١٢).

گ. قارەمان علی، تورکیا و هەرێمی کوردستان دوای ڕیفراندۆم:ئایندەی پەیوەندییەکانیان، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ژمارە (٨)، (شوباتی ٢٠١٨).

ی. محمد حسین، ئاڵنگارییەکانی کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان، بلاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە (٧٤)، سلێمانی ، (تشرینی یەکەمی ٢٠١٩).

ك. موعتەسەم نەجمەدین، لە نێوان هەرێم و ناوەنددا قەیرانی ئیدارەدانی نەوت، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (١١)، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، (حوزەیرانی ٢٠١٢).

ل. نەبیل ئەلوسەوی ، و:بەختیار احمد ، داهاتوی کەرتی نەوت لە عێراق لە چوارچێوەی پێشهاتە نێودەوڵەتییەکان، political studies، ژمارە (١٢٧)، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوەلە ململانێ و قەیرانەکان ، سلێمانی، (حوزەیرانی ٢٠٢٠).

م. نزار گزالی، ڕاستە گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێم بلاّوکراونەتەوە بەلاّم شێوازی ئەنجامدانەکەی لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بووە، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (٣٥٤) ، سلێمانی، ( ٢٠١٢/١٢/٤).

ن. نیاز نەجمەدین، شکستی دۆستایەتی لە نێوان عێراق و هەرێمدا: هۆکار و کاریگەری، لە بلاّوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوەلە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە (٨٤)، سلێمانی، (تشرینی دووەم،٢٠١٩)

س. هاوڕێ حەسەن حەمە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر کوردستانی عێراق، لە بلاّوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوەلە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە (١٩١)، سلێمانی ، (تشرینی یەکەم٢٠٢٠).

ع. هێمن محمد قادر، کاریگەری وزە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە(٧)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەی،سلێمانی، (ئایاری ٢٠٢١).

ف. یادگار سدیق گەلاڵی، سێکتەری نەوت لەنێوان هەرێم و بەغدادا، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە (١٥)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەی، سلێمانی، (کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢) .

## (٦) پانێڵ :

أ. بێستون محمد سەنگاوی، سیناریۆکانی بە بازاڕکردنی گازی هەرێمی کوردستان، پانێڵ بە ناونیشانی (بەڕێوەبردنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی)، زانکۆی چەرموو، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢ .

ب. دانا والی، یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، پانێڵ بە ناونیشانی (بەڕێوەبردنی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی)، زانکۆی چەرموو، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢ .

## (٧) چاوپێکەوتنەکان:

أ. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (بەهرۆز جەعفەر) ، شارەزا نەوت و گازدا، چەمچەماڵ،٢٠٢١/٨/٢٥.

ب. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ڕێبوار محمد)، ماستەر لە گرێبەستی نەوت و گازدا، سلێمانی،٢٠٢١/٧/١٥.

ج. چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هاوڕێ مەنسووڕ بەگ)، شارەزا لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان ، زانکۆی سۆران، بەرواری ٢٠٢١/١٢/٢٢.

(٨) سەرچاوەی ئەلیکترۆنییە کوردییەکان:

أ. ئازاد وەلەدبەگی، دەسەلاتی کۆکردنەوەی داهاتە داراییەکان لە سیستمە فیدرالییەکان؛ عێراق وەك نموونە، وەرگیراوە لە سایتی پێنوس ،-http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04 02-19-11-33/item/529-2018-09-02-18-56-38ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٥.

ب. ئارام ڕەفعەت ، سێکوچکەی نەوت و ناشەفافییەت و لاوازی موئەسەسات ، وەرگیراوە لە سایتی وتاری کورد ، https://www.wtarikurd.info/2013/10/13/%d8%af%da%a9%d8%aa%db%86%d8%b1-،ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٤.

ج. ئاریان تاوگۆزی، پارا و پرۆتۆ، کامیان؟ بۆ دیپلۆماسییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەرگیراوە لە سایتی سپی میدیا ،https://speemedia.com/drejaWtar.aspx?NusarID=238&Jmare=661، ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٦.

د. ئەرکان عەبدولا، نەخشەی نوێی وزە لەنێوان خۆبەپاڵەوانکردن و دارمانی بەرژەوەندی نەتەوەیی،وەرگیراوە لە سایتی دیپلۆماتیك مەگەزین،https://diplomaticmagazine.net/politics/4188، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٣.

ه. ئەردەڵان عبدللە، گەشتێکی کورت بەناو مێژووی خوێناوی نەوت لە جیهاندا، وەرگیراوە لە، https://knwe.org/?p=35891، ڕێکەوت ٢٠١٩/١٠/١٢.

و. ئومێد ڕەفیق، چۆنێتی بونیادنانی ستراتیجی گشتگیر لە هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە سایتی میللەت پرێس، https://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=12361&T=86،ڕێکەوت ٣-٨-٢٠٢١.

ز. بنیاتنانی دیموکراسیەت لە هەرێمێك کە پشتی بەستووە بە داهاتی نەوت ، وەرگیراوە لە سایتی پەیمانگەی توێژینەوەی ڕژهەلاتی ناوەڕاست،-http://www.meri-k.org/publication/a tough-job-building-democracy-in-oil-dependent-kurdistan/، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٤.

ح. بەهرۆز جەعفەر ، مەترسییەکانی بەردەم پەدەگی نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان لە سۆنگەی بازاڕی ئابوری جیهانیەوە ، وەرگیراوە لە سایتی پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=193 ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٤.

گ. د. بەهرۆز جەعفەر ، مەترسی سکالاکان لەسەر کەرتی ووزەی هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە سایتی پێشەنگ https://peshangpress.org/%D9%85%D9%87%E2%80%8C%D8%AA%D8%B1%D8%B3%DB ڕێکەوت ٢٠٢٠/١٢/٢٨.

ی. بەهرۆز جەعفەر ، گۆڕانکارییە هەرێمایەتییەکان وجیۆپۆڵەتیکی نوێی ووزەی هەرێمی کوردستان ، وەرگیراوە لە سایتی پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی
https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=99، ڕێکەوت ٢٠٢١/٧/٢٩

ك. بەهرۆز جەعفەر، جیۆپۆڵەتیکی نوێی ووزەی هەرێمی کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی دوایین پێشهاتە هەرێمایەتییەکاندا، وەرگیراوە لە سایتی پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی ، https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare،ڕێکەوت ٢٠٢١/٧/٢٩.

ل. بەهرۆز جەعفەر، نرخی نەوت-پەیوەندی لە نێوان سامانی ئابوری و هزری سیاسی دا، وەرگیراوە لە سایتی پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی ،
https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=200ڕێکەوت ٢٠٢١/١٠/٢٠.

م. چاوپێکەوتنی سایتی ئاراستە لەگەڵ نەوزادی موهەندیس شارەزا لە بواری نەوت و پترۆکیماویدا، وەرگیراوە لە https://araste.co/Mobile/news.aspx?id=1307&MapID=2, ڕێکەوت ٢٠٢١/٢/١.

ن. حکومەتی هەرێم ١٤ ملیۆن دۆلاری بە دانەغاز دۆڕاند، وەرگیراوە لە سایتی میللەت ، https://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=44588&T ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٨.

س. حەسەن بارام، کوردانی عێراق و تورکیا لە سیاسەتی دەرەوەی زلهێزەکاندا ؛ وەرگیراوە لە سایتی چاوی کورد ؛

ع. http://chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=٣٦٤٨&Jor=١١&Jor=٢=٩٦ ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٧.

ف. حسين محمد عزى، دەوڵەتی (عێراق) و سیستەمی فیدراڵی، وەرگیراوە لە سایتی دیبلۆماتیك،

ص. https://diplomaticmagazine.net/birwra/1054، ڕێکەوت ٢٠٢٢/١١/٥.

ق. خورشید دلی، بژاردەکانی تورکیا بۆ ڕوبەڕووبونەوەی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە سایتی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،
https://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1238

ر. ڕێکەوت٢٠٢١/٧/١٥ .

ش. دارا جەمال ، گرنگی ووزە و ستراتیژی ململانێکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، وەرگیراوە لە سایتی پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی ،
https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=٤٤

ت. ڕێکەوت ٢٠٢١/٧/٢١.

پ. دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە-ڕەوشی ژینگەی هەرێم مەترسیدارە ، وەرگیراوە لە سایتی ئەنادۆڵ،
https://www.aa.com.tr/ks/%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%B3%DB%95%D8%AA/%D8%AF%D9%87-%D8%B3%D8%AA%D9%87-%DB%8C-، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٦.

خ. دوای چەند ساڵ ئەنجومەنی نەوت و گاز کۆ بویەوە ، وەرگیراوە لە سایتی ڕێکخراوی ڕوونبین بۆ شەفافیەت لە پرۆسەکانی نەوت ، http://www.roonbeen.org/2022/06/30/fbclid=IwAR24Pk4ixwd4qg، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٤.

ژ. ڕێپۆرتاژی دۆزینەوەی نەوت لە عێراق، وەرگیراوە لە سایتی ڕووداو، https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/documentari_nawt?fbclid، ڕێکەوت ٢٠٢٢/٨/١٢.

چ. زاهیر مجید ، گرێبەستەکانی نەوت لە عێراق و هەرێمی کوردستان، وەرگیراوە لە سایتی وشە، https://wishe.net/dreja.aspx?Jmare=32301&Jor=9،ڕێکەوت ٢٠٢١/٩/٢٨.

ڤ. سامی ئەرگۆشی، نەوت گەرەنتی ئێستاو داهاتووی کوردستان، وەرگیراوە لەسایتی، http://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=38731 ، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/١٥.

غ. سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، https://gov.krd/news-and-announcements/?page=2، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٥.

أأ. سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، https://gov.krd/news-and-announcements/categorie ، ڕێکەوت ٢٠٢١/٤/٢٩.

بب. سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، https://gov.krd/news-and-announcements/posts/2020/october، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٩.

جج. سایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان،https://gov.krd/dmi/activities/news-and-press-releases/2022/january، ێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٩.

دد. سایتی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان,
https://gov.krd/mnr/publications/%DA%AF%D8%B1%DB%8E%D8%A8%DB%95%D8%B3%D8%AA%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86/ , ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٢٥.

هه. سایتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، https://gov.krd/mnr/publications ، ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٧.

وو. سایتی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان,
https://gov.krd/mnr/publications/%DA%AF%D8%B1%DB%8E%D8%A8%DB%95%D8%B3%D8%AA%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86/ , ڕێکەوت ٢٠٢١/٨/٢.

زز. سایتی فەرمی وەزارەتی سامانەسروشتییەکان http://mnr.krg.org/index.php/ku/the-ministry-ku/contracts/a-new-psc ڕێکەوت٢٠٢١/٣/١٠.

حح. سایتی فەرمی وەزەرەتی سامانە سوشتییەکان http://mnr.krg.org/index.php/ku/the-ministry-ku/legal-framework/laws

گگ. ڕێکەوت ٢٠٢٠/١٢/٢٦.

یی. سایتی فەرمی وەزارتی سامانە سروشتییەکان، https://gov.krd/mnr/publications، ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٣.

كك. سەردار عەزیز، شەڕی نرخی نەوت، وەرگیراوە لە سایتی دیپلۆماتیك مەگەزین، https://diplomaticmagazine.net/economy/2863، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٢٧.

لل. شەهریار شێخلەر ، هەنگاواکانی لایەنە عێراقییەکان لە دژی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان ، وەرگیراوە لە سایتی کوردستان بیست و چوار، https://www.kurdistan24.net/ckb/opinion/88608-ڕێکەوت ٢٠٢١/٧/٢٩.

مم. سۆران عمر، نەوتی هەرێم-لە بەرمهێنانەوە تا فرۆشتن، مێزگری ڕێکخراو ڕونبین و دامەزراوەی میدیای درەو، https://www.roonbeen.org/2022/08/ ، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٧.

نن. شێرزاد شێخانی ، وەهمی رووخانی قەوارەی هەرێم ، وەرگیراوە لە سایتی ستاندارد، http://skurd.net/2020/07/03/%d9%88%d9%87%e2%80%8c%d9%87%d9%85%d9%89-، ڕێکەوت ٢٠٢١/٤/٢١.

سس. شێرزاد نجار ، هەرێمی کوردستان و دیبلۆماسییەتی سەخت ، وەرگیراوە لە سایتی گولان ، https://www.gulanmedia.com/so/story/201605/1621546275-1817، ڕێکەوت ٢٠٢١/٧/٢١.

عع. شێرکۆ جەودەت، ڕاپۆرتەکەی دیلۆیت خزمەت بە شەفافیەتی نەوت و غاز ناکات، وەرگیراوە لە سایتی ویستگە ، https://www.westganews.net/dreja.aspx?=hewal&jmara=59731&Jor=8 ڕێکەوت ٢٠٢١/٧/٢٩.

فف. شەهریار شێخلەر ، هەنگاواکانی لایەنە عێراقییەکان لە دژی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان ، وەرگیراوە لە سایتی کوردستان بیست و چوار، https://www.kurdistan24.net/ckb/opinion/88608-ڕێکەوت ٢٠٢١/٧/٢٩.

صص. عیزەت سابیر، نەوت بوو بەهۆی ماڵوێرانی خەڵك، وەرگیراوە لە سایتی کوردستانی نوێ، https://knwe.org/KU/Details/761، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٢٠.

قق. محمد امین گەناوی، نەوت و ڕەهەندەکانی، وەرگیراوە لە سایتی وتار کورد، https://www.wtarikurd.info/2014/02/26/، ڕێکەوت ٢٠٢٢/٨/٨.

رر. محمد ڕەوف ، ژمارەی موچەخۆرانی هەرێم ، وەرگیراوە لە سایتی درەوە میدیا ، https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5991

شش. ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٢.

تت. محمد ڕەوف، نەوت و بەهێزکردنی پایەکانی حوکمی بنەماڵە لە کوردستان ، وەرگیراوە لە سایتی دیپلۆماتیك، https://diplomaticmagazine.net/economy/67?fbclid=IwAR0NoZP5WnBi

m8zTsPVoML6CHnCwxBvJbQvG81xEo4htY8654z3rtt94Ge8 ، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٢.

پپ. محمود بابانی، عێراق یان ئێران، کێ لە داهاتووی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەترسێت، وەرگیراوە لە سایتی ڕوداو، https://www.rudaw.net/sorani/opinion/03042022، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٣.

خخ. موئمین زەڵمی، کورد و ئەمریکا؛ هامشۆی سیاسی یان پەیوەندی دیبلۆماسی، وەرگیراوە لە سایتی چاوی کورد http://chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=٣٦٦٣&Jor٤١&Jor=٢=٩٠

ژژ. ڕێکەوت ٧_٨_٢٠٢١.

چچ. نەوزاد موهندس، غازی سروشتی کوردستان نیعمەتێکی تالآنکراو،وەرگیراوە لە سایتی http://radionawxo.org/kurdi/index.php/article/item/29253-2015-12-12-15-24-06.html ڕێکەوت ٢٠٢٠/٤/١٢.

ڤڤ. هۆگر ئیبراهیم، کوردستان لە بەردەم بۆمبە چێنراوەکانی دەستووری عێراق، وەرگیراوە لە سایتی پێنوس، http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/534-2018-09-02-18-56-38،ڕێکەوت ٢٠٢١/٩/٢٨.

غغ. .هۆکارەکانی پیسبوونی هەوا و چارەسەرییەکانی، وەرگیراوە لە سایتی ئەنادۆڵ، https://www.aa.com.tr/ks/%D8%AA%DB%95%D9%86%D8%AF%D8%B1%D9%88%D8%B3، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢١.

أأأ. وەزیری نەوت ٩٠ ٪ی بودجەی عێراق داهاتی نەوتە، https://www.radionawa.com/kU/all-detail.aspx?jimare=23188 ، ڕێکەوت ٢٠٢٠/١٢/٢٠.

ببب. یادگار صدیق گەلآڵی، نارونی کەرتی وزە کوردستان و عێراق بەرەو کوێ دەبات؟، وەرگیراوە لە پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، https://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=72، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٢٠.

ججج. یادگار صدیق گەلآڵی ، پێگەی وزەی کوردستان دوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەر، وەرگیراوە لە سایتی http://www.mirs.co/KU/Experts-detail-Research.aspx?type=19

ددد.ڕێکەوت ٢٠٢٠/١٢/٢٥.

ههه.یادگار صدیق گەلآڵی، هەرێم بواری جوڵەی کەمە، وەرگیراوە لە سایتی شەن پرێس، http://www.shanpress.com/Wtardetails.aspx?jimare=3562، ڕێکەوت ٢٠٢١/٦/٢٩.

ووو. یادگار کامل محمد، نەوتی هەرێم-لە بەرهەمهێنانەوە تا فرۆشتن، مێزگری ڕێکخراو ڕونبین و دامەزراوەی میدیای درەو، https://www.roonbeen.org/2022/08/ ، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٧.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

### (١) دساتير و قوانين:


أ. دستورجمورية العراق العام (٢٠٠٥).

ب. دستورلجمهورية العراق الموقت للسنة(١٩٧٠).

ج. دستور سويسرا الصادر عام (١٩٩٩) شاملا تعديلاتة لغاية عام (٢٠١٤) .

د. قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية العام (٢٠٠٤).

هـ. قانون تنظيم وزارتت النفط رقم (١٠١) لسنة ١٩٧٦، المنشور في جريدة الوقائعا لعراقية،العدد (٢٥٤٨)، تلريخ ١٩٧٦/٩/١٣.

و. قانون تعيين مناطق الاستسمار لشريكات النفط رقم (٨٠) لسنة ١٩٦١،المنشور في جريدة الوقائعا لعراقية، العدد (٦١٦)، تلريخ ١٩٦١/١٢/١٢.

ز. قانون رقم (٢٣) موزنة العامة لجمهورية العراق للسنة المالية(٢٠٢١)، المنشور في جريدة الوقائع العراق، العدد(٤٦٢٥)، ٢٠٢١/٤/١٢) .

ح. قرار رقم (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) وموحدتها (١١٠/اتحادية/٢٠١٩).


### (٢) الاطاريح :


أ. سكالا حسين محمد أمين، "تأثير الاستقرار السياسى فى إقليم كوردستان العراق على السياسات النفطية٢٠٠٥_٢٠٠٩" ،رسالة ماجستر (غير منشورة)، ( جامعة اليرموك، كلية الآداب، قسم علوم السياسات، ٢٠١٢) .

ب. غفار عبدالسلام توفيق اغا ، "محددات المناخ الاستثماري في اقليم كوردستان العراق- محافظة دهوك انموذجا "، رسالة ماجستر( غير منشورة) ، (كلية الادارة والاقتصاد، جامعة دهوك ، ٢٠٠٨ ).


### (٣) الكتب العربية:


أ. جمعية القتصاديين الكرد-سوريا ،جمعيه الفيدرالية المالية(مفاهيم ونماذج)، (مطبعة ياد، السليمانية، ٢٠١٣).

ب. داود الباز، اللامركزية السياسية الدستورية في دولة الامارات العربية المتحدة، (دار النهضة العربية ، القاهرة ، ٢٠٠٠).

ج. ربيوار خنسى، البترول (أهميتة، مخاطرة،تحديات (دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل،٢٠٠٦).

د. روبرت غيلبين، الاقتصاد السياسي للعلاقات الدولية، ت: مركز الخليج للابحاث، (مركز الخليج للابحاث، دبي، ٢٠٠٤).

هـ. رعد القادري، الفيدرالية ومازق العراق الدستور، (برنامج الشرق الاوسط وشمال أفريقيا، تشرين الثاني٢٠٢٠).

و. علياء كامل صالح ، قطاع النفط والغاز في الخليج نظرة عامة واقليمية، (مركز الخليج لسياسات التنمية ، الكويت ،٢٠١٢)

ز. فؤاد قاسم لامير، ثلاثية النفط العراقي، (دار الغد النشر، بغداد، ٢٠٠٧).
ح. صدام فيصل كوكز المحمدى، اشكالية ادارة ملف النفط الخام بين الحكومة التحادية و حكومة كردستان العراق، (مركز الملك فيصل للبحوث و الدراسات الاشلامية، الرياض، ٢٠٢٠) .
گ. كمال القيسى ، النفط والهيمنة القوة واتحكم، ( دار امنة النشر والتوزيع، عمان ،٢٠١٥).
ى. مجموعة مؤلفين، مأزق الدستور-نقد وتحليل،( معهد الدراسات الاستراتيجية، الامارات، ٢٠٠٦).
ك. محمد الرميحي ، النفط والعلاقات الدولية، سلسلة عالم المعرفة، رقم (٥٢)، الكويت، ١٩٨٢.
ل. محمد الهماوندي ، الحكم الذاتي والنظم اللامركزية الإدارية والسياسية ،(دار المستقبل العربي ، القاهرة ، ١٩٩٠).
م. محمد خيتاوى، الشركات النفطية متعددة الجنسيات و تاثيرها في العلاقات الدولية، (دار مؤسسة رسلان الطباعة والنشر والتوزيع ، دمشق،٢٠١٠).
ن. محمد كامل عبيد، نظرية الدولة ، (مطبعة البيان التجارية ، دبي، ١٩٩٤) .
س. نعمان أحمد الخطيب، لوسيط في النظم السياسية و الفانون الدستورى ، (دار الثقافة النشر و التوزيع ، الاردن،٢٠٠٤).

### (٤) مصادر الاكترونية:

أ. اسماعيل علوان التميمى، اهم اشكاليات الدولة العراقية لمرحلة ما بعد نفاذ دستور ٢٠٠٥،متاح على الرابط الأتي: https://m.ahewar.org/s.asp?aid=600106&r=0 ، التاريخ ٢٠٢١/٣/٦.
ب. احسان عبدالجبار, أهم ما ورد في اجتماع هيأة الرأئي خلال الجلسة الرابعة بتأرخ ٢٨ نيسان ٢٠٢٢, متاح عن الموقع الرسمي الوزارة النفط الحكومة الفيدرالية ، https://oil.gov.iq/?page=1021، التاريخ ٢٠٢٢/٥/١٥.
ج. اهمية النفط في الحياة الاقتصادية لدول العالم ، متاح على الرابط الأتي: http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=239403
د. التاريخ ٢٠٢٢/٤/١٠.
هـ. العلاقات بين تركيا وكردستان العراق ، متاح على الرابط الأتي: http://ncmes.org/ar/publications/middle-east-strategy-bulletin/211، التاريخ ٢٠٢١/٧/٢٩.
و. اللوبي الكردي في واشنطن-كيف يضغط إقليم يطمح للانفصال؟، متاح على الرابط الأتي: https://www.sasapost.com/krg-lobbying-efforts/amp/، التاريخ ٢٠٢٢/١٢/٦.
ز. الدعوي(٥٩/اتحادية/٢٠١٢)، متاح عن الموقع الرسمى المحكمة الفيدرالية، https://www.iraqfsc.iq/s.2022/، تلريخ ٢٠٢٢/٣/٢٥.
ح. الموقع الرسمى المحكِمة الفيدرالية، https://www.iraqfsc.iq/s.2022/، التاريخ ٢٠٢٢/٣/٢٥.
گ. الموقع الرسمى المنظمة أوبك ، (https://www.opec.org/opec_web/en/about_us/24.htm التاريخ ٢٠٢١/٨/٢٦.

ی. ديفد باربوشيا، روسيا ضد السعودية-من يصرخ أولا فى حرب أسعار النفط، متاح على الرابط الأتي: https://www.reuters.com/article/russia-saudi-oil-prices-ea3-idARAKBN20W2TL

ك. ، التاريخ ٢٠٢٢/١٢/٦.

ل. فنزويلا (جمهورية البوليفارية) ١٩٩٩ (المعدل ٢٠٠٩)، متاح على الرابط الأتي: https://www.constituteproject.org/constitution/Venezuela_2009?lang=ar ، التاريخ ٢٠٢١/٣/٢٩.

م. قرار رقم (٥٩/اتحادية/٢٠١٢) وموحدتها (١١٠/اتحادية/٢٠١٩)، متاح على الموقع الرسمى المحكمة الفيدرالية، https://www.iraqfsc.iq/krarid/59_fed_2012.pdf، تلريخ ٢٠٢٢/١١/٢٥.

ن. نزير بن محمد الطليب أوهاب، عقد الامتياز-دراسة تاصيلية النفطية-دراسة مقارنة، https://elibrary.mediu.edu.my/books/MAL06747.pdf، تاريخ ٢٠٢٢/١١/١٠.

س. الموقع الرسمي الوزارة النفط الحكومة الفيدرالية ، https://oil.gov.iq/?page=1021، التاريخ ٢٠٢٢/٥/١٥.

ع. الموقع الرسمى شركة سومو تسويق النفط http://somooil.gov.iq/about ، التاريخ ٢٠١٩/١٢/٢٧.

ف. الموقع الرسمى الأمم التحدة، (https://www.un.org/site-search/?query=corruption) التاريخ ٢٠٢٢/٤/٢٥.

ص. فهد حمروشى، أمريكا والنظام الدولى بعد الحرب البارد، متاح على الرابط الأتي: https://platform.almanhal.com/Files/2/109982، التاريخ ٢٠٢٢/١٢/٦.

ق. ليونيد إيساييف، القضية الكردية في تاريخ وسياسات روسيا،لمركز الجزيرة للدراسات، متاح على الرابط الأتي: https://studies.aljazeera.net/en/node/4349، التاريخ ٢٠٢٢/١٢/١٤.

## سێيەم: سەرچاوەئينگليزييەكان:

### (١) كتێبە ئينگليزييەكان:

1. Igor Delanoë (2015), The Kurds: A Channel of Russian Influence in the Middle East? French Institute of International Relations.

2. Michael Rubin (2016), Kurdistan rising? Consideration for kurds Their neighbors and the region, American Enterprise Institute.

**(٢) سەرچاوەی ئەلیکترۆنییە ئینگلیزییەکان :**

1. Anna Borshchevskaya, The Kurdish Role in Russias Middle East Power Play, The Washington Institute for near east policy, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/kurdish-role-russias-middle-east-power-play, date20/12/2022.

2. Irina Paliashvili, The Concept of Production Sharing, http://www.rulg.com/documents/The_Concept_of_Production_Sharing.htm, date20/12/202.

# پوختە


هەرێمی کوردستان تاکە هەرێمی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵە، لە دەستوری کۆماری عێراق ساڵی (٢٠٠٥) ئەرك و ماق هەریەکە لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ دیاری کراوە،بەلآم لە شیکاری مادده دەستورییەکانە ڕای جیاوازییان هەیە وهەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز مادده دەستورییەکان شیکاردەکەن، بۆیە کێشە و ناکۆکی لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا دروستبووە، ئەم کێشەو ناکۆکیانە زیاتر بابەتی نەوت و گازی گرتۆتەوە.

پێگەی هەرێمی کوردستان مەبەست لێی ئەو سەنگە سیاسی و ئابوری و جۆگرافیەی هەرێمی کوردستانە لە ئاستی نێوخۆی و هرێمی و نێودەوڵەتی هەیەتی.فاکتەری نەوت و گاز کاریگەرییەکانی فرە ڕەهەندە لەسەر پێگەی سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان، فاکتەری نەوت و گاز لەسەر ئاستی ناوخۆ کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەیە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان بۆ دەستخستنی داهات بۆ موچە و پڕکردنەوەی پێداویستییە داراییەکانی پشتی بە فرۆشتنی نەوت و ئەو برە پارەیە بەستووە کە لە حکومەتی فیدراڵی وەریدەگرێت دوای مامەڵەکردنی ئازادانەی حکومەتی هەرێم بە نەوت و گازەوە کێشەیەکی نویٚ لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ سەری هەڵدا ئەمەش داواتر کاریگەری لەسەر کۆی سیستمی سیاسی هەرێم هەبوو.

لەسەر ئاستی هەرێمی، هەرێمی کوردستان هاوسنورە لەگەڵ هەریەکە لە (تورکیا، ئێران و سوریا) بەشێوەی فەرمی لەڕێگەی خاکی تورکیاوە نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی دەرەوە دەکرێت و دەفرۆشرێت، بۆیە دەوڵەتی تورکیا زۆرترین پەیوەندی سیاسی و ئابوری لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە کە ئەمەش کاریگەریی فاکتەری نەوت و گازە کە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی لە پەیوەندی سیاسی و ئابوریدایە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕوسیا دوو دەوڵەتی گەورەی گۆڕەپانی نێودەوڵەتین کە زۆرترین کاریگەرییان هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان، چەند کۆمپانیای وزەی ئەمریکی و ڕوسی لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن بۆیە هەرێمی کوردستان بۆتە جێگەی گرنگی ئەم دوو دەوڵەتە جیهانییە. هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی فاکتەری نەوت و گازەوە توانیوییەتی پەیوەندی لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتە گەورە جیهانیەدا هەبێت، بەلآم پەیوەندییەکە لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ڕوسیا دێت بەرامبەر بە وڵاتانی تری وەك( تورکیا و ئێران و سوریا) .

کێشە و ناکۆکی لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا دروستبووە، ئەم کێشەو ناکۆکیانە زیاتر بابەتی نەوت و گازی گرتۆتەوە. حکومەتی فیدراڵ کێشەی نێوانیانی بردۆتە دادگا باڵای فیدراڵی، دادگا لەبەرژەوەندی حکومەتی فیدراڵ بڕیاری داوە، دادگای بالآی فیدراڵی بڕیاری داوە کە یاسای نەوت گازی هەرێمی کوردستان نادەستورییەو بڕیاری ڕادەستکردنی کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی بە حکومەتی فیدراڵی داوە.

# المستخلص

إقليم كوردستان هو الاقليم الوحيد في الدولة العراقية الاتحادية، وفقاً دستور جمهورية العراق لعام ٢٠٠٥، وقد تم تحديد واجبات وحقوق حكومة الإقليم والحكومة الاتحادية، ولكن في تحليل المواد الدستورية، فإنها تختلف وكل من الحكومتين تفسر وتحلل ما يحلو لها من المواد، لذلك نشأت خلافات بين الإقليم والحكومة الاتحادية، وقد تركزت هذه الصراعات أكثر على النفط والغاز.

يقصد بمكانة إقليم كوردستان التوازن السياسي والاقتصادي والجغرافي لإقليم كوردستان على المستويات المحلية والاقليمية والدولية. إن عامل النفط والغاز له تأثير مباشر علي الوضع السياسي والاقتصادي لحكومة إقليم كوردستان، فعامل النفط والغاز المحلي الذي له تأثير مباشر علي حياة وسبل عيش الشعب، بقدر ما يكون لحكومة إقليم كوردستان تأثير مباشر على حياة وسبل عيش الشعب، ويتعلق الأمر بالرواتب وسد الاحتياجات المالية القائمة على بيع النفط ومقدار الأموال من الحكومة الاتحادية بعد المعاملة الحرة لحكومة الإقليم بالنفط والغاز وهي مشكلة جديدة بين الإقليم والحكومة الفيدرالية، و بالمحصلة يؤثر ذلك علي النظام السياسي في الاقليم .

على المستوي الإقليمي، فإن حكومة إقليم كوردستان تجاور تركيا وإيران وسوريا، ويتم تصدير وبيع نفط كوردستان رسميا عبر الأراضي التركية، وبالتالي فإن الدولة التركية لديها أكثر العلاقات السياسية والاقتصادية مع إقليم كردستان، الأمر الذي له تأثير عوامل النفط والغاز على المستوي الإقليمي في العلاقات السياسية والاقتصادية مع دول الجوار بشكل عام وتركيا بشكل خاص.

الولايات المتحدة وروسيا هما أكبر دولتين على الساحة الدولية لهما الأثر الاكبر على إقليم كوردستان، وتعمل بعض شركات الطاقة الأمريكية والروسية في إقليم كوردستان، لذلك أصبح إقليم كوردستان مكانا مهما لهذين البلدين العالميين. وقد تمكن إقليم كوردستان من إقامة علاقات مع هاتين الدولتين الرئيسيتين من خلال عوامل النفط والغاز، لكن العلاقة تأتي في إطار السياسة الخارجية الامريكية وروسيا مقابل دول أخري مثل تركيا وإيران وسوريا.

لذلك نشأت خلافات بين الإقليم والحكومة الاتحادية، وقد تركزت هذه الصراعات أكثر علي النفط والغاز.وأحيلت مشاكلهما إلي المحكمة الاتحادية العليا، وقد حسمت المحكمة لصالح الحكومة الاتحادية، والمحكمة العليا. على حكومة إقليم كوردستان تسليم قطاع النفط والغاز إلي الحكومة الاتحادية.

# Abstract

The Kurdistan Region is the only region in the federal Iraqi state, in the constitution of the Republic of Iraq in 2005, and the duties and rights of the regional government and the federal government have been defined, but in analyzing the constitutional articles, they differ and each of the two governments interprets and analyzes the articles they like, so differences arose between The territory and the federal government, these conflicts have focused more on oil and gas.

The oil and gas factor has a direct impact on the political and economic situation of the Kurdistan Regional Government, the local oil and gas factor that has a direct impact on the lives and livelihoods of the people, as much as the Kurdistan Regional Government has a direct impact on the lives and livelihoods of the people, and it is related to salaries and filling the existing financial needs On the sale of oil and the amount of money it receives in cash from the federal government after the free treatment of the regional government with oil and gas, which is a new problem between the region and the federal government, and in sum, this affects the overall political system in the region.

At the regional level, the Kurdistan Regional Government borders Turkey, Iran and Syria, and Kurdistan's oil is officially exported and sold through Turkish territory, and therefore the Turkish state has the most political and economic relations with the Kurdistan Region, which has the effect of oil and gas factors at the regional level in political and economic relations With neighboring countries in general and Turkey in particular. The Kurdistan Region has been able to establish relations with these two major countries through oil and gas factors, but the relationship comes within the framework of the US and Russia's foreign policy in exchange for other countries such as Turkey, Iran and Syria.

Therefore, differences arose between the region and the federal government, and these conflicts focused more on oil and gas. Their problems were referred to the Federal Supreme Court, and the court decided in favor of the federal government and the Supreme Court. The federal government decided that the Kurdistan Regional Government decided to hand over the oil and gas sector to the federal government.